# گرنگی کوردو کوردستان لەقۆناغە مێژووییەکانی ئێران تا سەردەمی ئەفشاریە

## چۆنیەتی پێکهاتنی ئەمارەتە کوردیەکان

نووسین و ئامادەکردنی: مەنسور مەخدوم

وەرگێڕانی : رەفعەت مورادی

**وەزارەتی رۆشنبیری**

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- ❖ ناوی کتێب: گرنگی کوردو کوردستان لەقۆناغە مێژووییەکانی ئێران
- ❖ نووسین و ئامادەکردنی: مەنسور مەخدوم
- ❖ وەرگێڕانی لەفارسییەوە : رەفعەت مورادی
- ❖ بابەت : مێژوو
- ❖ تایپ و نەخشەسازیی کۆمپیوتەری: ئیدریس شەیداهۆ
- ❖ نەخشەسازیی بەرگ: ئارام عەلی
- ❖ زنجیرە: ١٤٥
- ❖ تیراژ: ١٠٠٠
- ❖ ژمارەی سپاردنی ( ٨٠٢ ) وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە
- ❖ چاپخانە: ڕوون

## پێرست

پێش وتار
بەرایی
بنەچەقی کورد
رای مێژوونووسانی عەرەب سەبارەت بەبنەماو بنەچەقی کورد
بنەچەقی کورد لەروانگەی مێژووییەوە
لۆلۆ
گوتی
کاسای
میتانی
سۆباری
ئایەری
ماد
کورد پاش لەماد
کورد لەسەردەمی هەخامەنشی
کورد لەسەردەمی سەلووکی
هوکاری گرنگی کوردستان لەسەدەی کۆندا
جەژنی ژن هێنانی پیرشاریار
کورد لەسەردەمی ئەشکانیاندا
کورد لەسەردەمی ساسانیاندا
کوردو کوردستان لەسەردەمی ئیسلامی
کورد لەسەردەمی بەنی ئومەییە
کورد لەسەردەمی دەسەڵاتی بەنی عەباس



کورد لەسەردەمی دەیلەمیان (ئالی زیارو ئالی بووبە)
سەبارەت بەرابوونی مەرزەبان‌و پێکهێنانی حکوومەتی سالاریە
حکومەتی وەهسۆزان‌و بەردەوامی کاری سالاریان
رەوادیان
حکومەتی مەملانی‌و وادمی
ئەبوو مەنسوور وەهشوزان کوڕی مەملان
دەسپێکی شەر لەنێوان تورکانی غەزنەوی‌و کوردەکانی ئازەربایجان
ئەمیر ئەحمەدی یەل
ئاق سونقەری ئەحمەد یەل
شەدادیان
فەزلون کوری ئەبول سەوار، دوایین ئەمیری شەدادی
سەرهەڵدانی باز
حکوومەتی مەروانیانی کورد
مەلیك عادل ناسرەل دوولەی بەدر
حکوومەتی بزریکانی (حەسەنویە)
ئەبوو نەجم ناسر الدولە بدر
ئەیوبیانی
پاشایەتی سولتان سەلاحەدینی ئەیوبی
کورد لسەردەمی خوارەزشایان‌و مەغولاندا
کورد لەسەردەمی سەفەوی
ئەمارەتی ئەردەلان لەسەردەمی سەفەویە
کوشت‌و بڕی قەلای دەم دم

# پێش وتار

بێ گومان ناسنامەی نەتەوەیەك، پەیوەستە بە مێژووی ئەو نەتەوەوەو لەوانە بەدرێژایی مێژوو چۆن ژیاوە؟ چی بەسەردا هاتووەو چ قۆناخێکی بڕیوە، کەئێستا ئەم شوێنەی لەپانتایی جیهاندا بەدەستهێناوە؟ هەڵەکانی چبووە؟ لایەنی بەهێزی ئەو نەتەوە لەچ بوارێکدا بووە؟ زۆرێکیتر لەم پرسیارانە دەتوانن هۆکاری سەرەکی بۆ ناسینی مێژووی هەر نەتەوەیەك بن. گەلێك کە ئاگای لەرابوردووی خۆی نەبێت هیچ کاتێك توانای بڕیاردانی سەبارەت بەئێستاو دوارۆژی خۆی نییەو ئەگەریش ناچار بێت بڕیار وەرگرێت چون لەمێژووی و بەسەرهاتی خۆی زانیاری لەبەر دەستدانییە، هەڵەی پێشینان دووپات دەکاتەوەو یان بریارێکی ناگونجاو وەردەگرێت کەهەم خۆیو هەم نەوەی دوارۆژ رووبەرووی کۆسپو چەڵەمە دەکاتەوە.

(گەلی) کوردیش جیا لەنەتەوەکانی تر نییەو ناسینی مێژووی بەسەرهاتی خۆی ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی ئەو گەلەیە. هەرچەندەش کەلێکۆڵینەوەو گەڕان لەمێژووی کوردو کوردستان



کارێکی زۆر دژوارە، بەڵام ئەگەر نەتوانی ئاوی دەریا بەتەواوی هەڵلوشی دەبێ تینوویی پێ بشکێنی.

(اب دریا دا اگر نتوان کشید هم بەقدر تشنگی باید چشید)

هۆکارێکی سەرەکی کەپاڵی پێوە نام تا لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیەکی ئەگەرچی ناتەواو بەئەنجام بگەیەنم، پرسیارگەلێك بوون کەخوێندکاران لەسەردەمی وانە وتنەوەی خۆم یان هاوکارەکانم لەقۆناخە جۆراوجۆرەکانی مێژووی ئێراندا بەرەوڕوویان دەکردمەوە، بۆ نموونە، لەفلان قۆناخی مێژوویی کوردو کوردستان وەك بەشێك لەوڵاتی ئێران لە چ ئاستێکدا بووە؟ لەچ پاودانێکدا ژیاوە؟

بەم هۆیەوە بریارم دا بەپێی تواناو دەسەڵاتم، راوبۆچوونی مێژوونووسان کۆبکەمەوەو کورتە بابەتێك کەشیاوی گوێگرانو خوێنەران بێت، ئامادە بکەم.

لێکۆڵینەوە بێ‌هەڵە نییە، بەڵام بەهیوام خوێنەرانی بەڕێز لەهەڵەکانم چاونەنوقێننو لەو رێگایەدا یارمەتیدەرم بن.

شایانی گوتنو بیرهێنانەوەیە وەك پێشتر وتم، مەبەست لەنووسینی ئەم نامیلکەیە ئاشنابوونی خوێندکارانو هاوکارانی فەرهەنگییە سەبارەت بەهەندێ کورتە باسی پەیوەست بە کوردو کوردستان لەقۆناغە مێژوویەکانی ئێرانو رۆڵی ئەم نەتەوە گەورەیە لەشارستانیەتی ئەو وڵاتەدا.

**مەنسور مەخدووم**

١٣٨١/٦/٢٣

## بەرایی

لەپێوەندی دەگەڵ مێژووی کوردو کوردستانو گرنگیەتی لەقۆناغە مێژوویەکانی ئێراندا، دەتوانی بڵێی کە ئەم نەتەوە، نەوەکوو قەومێکی دەس درێژیکەرو بێگانە بەڵکو وەك قەومێکی ئێرانیو ئارییایی رۆڵی گرنگی لەمێژووی ئێراندا بەئەستۆ بووەو تەنانەت کورد خۆی پێکهێنەری بەشێك لەم قۆناغە بووە بۆیە ئەوەی لەبەردەستدایە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی گرنگی ئەم نەتەوە ئێرانییە وەك نەتەوەیەك لەنەتەوەکانی تری ئێرانو باسێکە بۆ روونکردنەوە سەبارەت بەپێشینەی مێژوویی نەتەوەی کورد. هەرچەندە ئەم نامیلکەیە کورتەو وتەی بیروڕای مێژوونووسانی گەورەی کوردو غەیری کوردی لەخۆ گرتووە.

بەڵام هەوڵدراوە بابەتەکان بەشێوەی زنجیرەییو دوور لەهەر جۆرو دەمارگیرییەك بۆ هۆگرانی مێژوی کورد بنووسرێتو کۆ بکرێتەوە.

کورد بەوەوە شانازی دەکات کەتەنانەت ناوی ئێرانی لەسەر بنەمای زمانی کوردی هەڵبژاردووەو کتێبی ئاینی، واتە ئایینی



زەردەشتی بەو زمانە نووسراوەو بوێرانە دەتوانی بڵێ کە پێغەمبەرێکی ئێرانی کۆن کورد بووە.

هەروا یەکەم زنجیرەی دەسەڵات یان سیستەمی پاشایەتی لەلایەن کوردەوە دامەزراو نەتەوەی کورد لەزۆربەی مەسەلەکاندا رۆڵی گرنگی لەمێژووی ئێراندا بینیوە.

ئەگەر بڕیار بێت لەرۆڵو کاریگەری کورد باس بکەین جێی خۆیەتی کە لەوشەی ئێران دەست پێ بکەین.

"ئێران" وشەیەکی کوردیە، ئەم وشە لەلایەن کوردەوە بەوردیو جوانیەکی تایبەتەوە لەسەر ئەو وڵاتە نراوە بەو واتایە کەکورد خۆیو نەتەوەکانی تری ئاری بەرەو ئەو شوێنە کۆچییان کردووەو تێیدا ژیاون.

بەو شێوەیە کە لەئەوێستاو لەبەندەکانی ١٣و ١٤ ی "میهر شت"دا، وڵاتی ئێران (ئەیر یوش یانا) ناونراوە جوگرافی زانانی کۆنی یۆنانیش ئەو وڵاتەیان ئاریانا[1] ناوناوە.!

مەبەست لەم وتارە ئەوەیە کە لەرابردوودا (ئێرانیان) بە (ئاریانا)وە یان بەپێی ئەوێستا (ئەیریوش یانا)ن ناوبردووە. کەئاری یان ئەیر[*] هەمان ئارییاییەو یانا بەواتای خانوو و شوێنی نشتەجێبوونە. کەئێستاش لەهەوراماندا وشەی (یانە) لەئاخافتنی

---

[1] زانستامەی مەزدیسنە، نووسینی د. جیهانگیری ئورشیدی (زەردەشت) پێغەمبەرێك کەلەنوێوە دەبێ بیناسی، لاپەڕە (٤٧)، نووسینی فروغێ ئورشیدی

[*] بەبۆچوونی وەرگێڕ ( ئەیر) هەمان ئەیرو ئایرە کەئێستاش لەزاراوەی هەورامیدا بەواتای ئاگر بەکار دەبرێت، کەنووسەر بەهەڵە وەك ئاری پێناسەی کردووە.

خەڵکی ئەو دەڤەرەدا بەم واتایە بەکار دەبرێت . لەزۆربەی کتێبەکاندا ( ئاریایی بەماقووڵو شەرەف پێناسە کراوە. بەڵام دەبێ وەبیر بێنینەوە کەوشەی (ئاری) کەبنچو بنەواکەی ئارییە، وشەیەکی کوردییەو بەواتای ئاگرەو لەوانەیە بەهۆی پاکیو پیرۆزی ئاگر لای ئێرانیەکانەوە، ئەو خەڵکە ناوی خۆیان لەو وشە وەرگرتبێت.

هەروەها کەخرایەڕوو لەئەویستادا ئاریایی بەئەیریە ناوبراوە کە لەباری زمانەوە بەئاتر، ئاگر، ئاهیر، ئایر، ئازەرو[2] .. نزیکە، کەهەمووی ئەم وشانە کوردینو واتای ئاگر دەگەیەنن.[3]

لەپەیوەندی لەگەڵ زەردەشت پێغەمبەری ئێرانی کۆن، دەبێ بڵێین کەبەدڵنیاییەوە زەردەشت کورد بووەو لەکوردستاندا لەدایك بووە. هەر بۆیە لەسەر بنەمای نەریتی زەردەشت دەبێ شوێنی لەدایکبوونی باشووری گوڵی چێست (ورمێ) یان وڵاتی ئاتروپاتن (ئازەربایگان – ئازەربایجان) بێ.

ناوی دایکی دوغدواو ناوی باوکی پورشەسپ بوو. ئەوان ناوی کوڕەکەیان زەردو شترا بەواتای خاوەنی وشتری زەردنا.

زەردەشت خەڵکی بۆ کاری کشتوکاڵ بانگهێشت دەکردو دەیویست لەئایینی ویدایی کەپێش ئاریایەکان باو بوو، زەردەشتیەکان بە(دیویەسنا) ناو دەبرد. دووریان خاتەوە، دەکرێ بڵێی زەردەشت لەریزی یەکەمی ئەو کەسانە بووە کەئایینی

---

[2] بەشێك لەفەرهەنگی ئاوێستا، ئامادەکردنی مۆبێد فیروز ئازەرگەشسب.

[3] کوردو کوردستان، نووسینی ئایەتوڵلا مەردۆخ



یەکتاپەرستی یان ئەهروامەزدا یان لەروانگەی زەردەشتیانەوە، مەزدیسنای بڵاوکردوەتەوە. بەڵام بەهۆی دژایەتی خەڵکی خۆرئاوای ئێران، بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی نوێ بۆ رۆژهەڵاتی ئێران ئەچێت، لەو کاتەدا دەسەڵاتداری ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئێران، واتەکی گشتاسب لەگەڵ کێشەیەك رووبەروو دەبێتەوەو ئەسبە خۆشەویستەکەی تووشی دەردێکی گران دەبێت کەپزیشکەکان ناتوانن چارەسەری بکەن. زەردەشت کەلەبارەی خۆشەویستی کی گشتاسب بەئەسپەکەی، ئاگادار دەبێتەوە بەچەند مەرجێك ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەری نەخۆشی ئەسپەکەی دەردەبڕێ کە ئەو مەرجانە بریتی بوون لە:

١- باوەڕهێنانی کی گشتاسب بەئایینی مەزیسناو هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی.

٢- باوەرهێنانی شازادە ئەسفەندیار بەئایینی مەزدیسناو هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی.

٣- باوەڕهێنانی شاژن کتایۆن بەئاینی مەزدیسناو هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی

٤- باوەرهێنانی سەرۆك وەزیری پاشا واتە جاماسب بەئاینی مەزیسناو هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی.

بەقەبوول کردنی ئەو مەرجانە ئەسپ خۆش دەبێتەوەو کی گشتاسب زۆر شادمان دەبێت. زەردەشت بەیارمەتی پاشاو کورەکەی ئەسفەندیار دەست دەکات بەبڵاوکردنەوەی ئاینی نوێ لەئێراندا. بەڵام لەشەرێکدا لەگەڵ نەیارانیدا دەکوژرێت. کتێبی

زەردەشت واتە ئەویستا بەزمانی کوردی نووسراوە چونکە پر لەو وشانەیە کەهەنوکە کوردەکان بەتایبەت ئەوانەی هەورامی زمانن لەئاخافتنەکانیاندا بەکاریان دەبەن بۆ تێگەیشتنی باشتر چەند نموونەیەك لە خشتەکەدا دەخەینە بەرچاو(*).

| ئەڤوستا ( پالەوی ) | کوردی هەورامی ( ه ) سۆرانی ( س )، بادینی ( ب ) | فارسی |
|---|---|---|
| ئەزم Azem | ئەز (ه) | من |
| ئاتر atar | ئاگر، ئایر، (س. ه) | اتش |
| ئەستە asta | ئیسك (س) ئوسخان، پێشە (ه) | استخوان |
| نمە nema | نمە (نما) (هەورامی) | نماز |
| ورازە varaza | بەراز (ه) | گوراز |
| وەهرکە vehrka | وەرگ (ه) | گرگ |
| وەفرە vafra | بەفر، وەروە – ڤەروە | برف |

(*)زانستامەی مەزدیسنا دوکتۆر جهانگیری ئۆشیدری‌و پەرتووکی بەشێك لەفەرهەنگی ئەڤێستا بەبەراورد لەگەڵ فارسی‌و کوردیدا، مۆبێد فەیروز ئازەرگەشسپ.



| | | |
|---|---|---|
| بەرزە bareza | بەرز (ه) | بلند |
| براوا brava، براوەت bravat | برۆ، ئەبرۆ (س، ه) | ابرو |
| پارە para وشەی پالەوی | پارە، پوول (س، ه) | پول |
| پەریسە paressa | پرسە (س) پەرسە (ه) | مجلس ختم |
| ئەرشنە tarshana | تەژنە، تەشنە (ه) | تشنە |
| تری three | یەرێ (ه) | سە |
| زاماتر zamatar | زاما، زەما (ه) | داماد |
| هەور hvar | وەر، خۆر (ه. س) | خورشید |
| کەنیکا koonika | کنا، کناچێ (ه) | دختر |
| کۆفنا Kofna | خەو (س) وەرم(ه) | خواب |

هەڵبەتە ئەم لێکۆڵینەوە، لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی‌و دەنگ ناسی نییەو بابەتی سەرەوە تەنیا بۆ بەراوردی زمانی ئاوێستایی لەگەڵ کوردیدا، کۆ کراوەتەوە.

ئەم بۆچونانە دەربڕی ئەوەن کە نەتەوەی (کورد) ئێرانییەو بەدرێژایی مێژووش بەردەوام بەئیرانی بوونی خۆی شانازی کردووەو بۆ پاراستنی وڵاتەکەی گیانی ناوەتە سەردەستی، بە شێوەیەك کەپێش ئیسلام لەبەرابەری هێرشی ئەسکەندەرو یۆنانیەکاندا بەشایەتی مێژوو گیانفیدایی کردووە. کوردو کوردستان بۆ بەرگری لەئیران واتە وڵاتەکەی لەبەربەر هێرشی دوژمنانو بێگانەکان سەنگەری پتەوو قایم بووەو بەجۆرێك کەسەرەڕای غەدری زۆری سوڵتان جەلالەدینی خارەزمشا دژی کوردەکان، پێش هێرشی مەغۆل، سوڵتان باشترین شوێن بۆ بەرەنگاری دژی هێرش کەران، کوردستان دەزانێت.

تەنیا لەسەردەمی سەفەوییەکاندا کەبەهۆی سیاسەتی هەڵەی فەرمانڕەواکانیانەوە لەنێوان کوردو نەتەوەکانی تردا دوژمنایەتی دروست ببوو و هەندێ لەکوردەکان بەهۆی زوڵمو زۆری سەفەویانەوە، پەنا دەبەنە بەر عوسمانیەکان کەدەوڵەتی عوسمانی باشترین سوود وەردەگرێتو بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستان داگیر دەکاتو دەیخاتە ناو سنووری دەسەڵاتیەوە، بەڵام ئەو کوردانەی کەبەهۆی عوسمانیو تورکەکانەوە لەئیران جیاکراونەتەوە تا ئێستاش دابونەریتی ئیرانیو کوردستانی خۆیان پاراستووە. نموونەی روونو ئاشکرای ئەو دابو نەریتە بەجێهێنانی جەژنی نەورۆزە کەدەکرێ ئەم رێو رەسمە وەك شایەتی زیندوو بۆ کەلتوورێکی هاوبەشی ئیرانیو کوردی ناوی لێبەرین.



## بنچو بنەوای کورد

کورد لە کوێوە هاتووە؟ هۆی ئەو ناوەی کەلێینراوە چ بووە؟ نەژادی چییە؟ گەلێك پرسیاری تر کەنەتەنیا سەبارەت بەکورد لەبارەی نەتەوەکانی تردا ئاراستە دەکرێن. بەڵام سەبارەت بەکورد بیروڕای مێژوو نووسان سەرنجراکێشە.

لەشەرەفنامەو مێژووی ئەردەلان بەپشت بەستنو لاسایی کردن لەشانامەی فیردەوسی، کورد پەیوەند دەدەن بەداستانی زوحاکەوە، ئەو مێژوونووسانە کورد بەرزگاری دەستی زوحاك دەزانن، باشتر وایە بۆ تێگەیشتنو روون بوونەوە ئاماژەیەکی کورت بدەین، چیرۆکی زوحاك: زوحاك یا بیوراسیب گەڵاڵەی داگیرکردنی ئێرانی لەمێشکدا بوو، ئەهریمەن لەو ئارەزوو ئامانجەی زوحاك ئاگادار بوو و دەیویست بەجۆرێك بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بۆیە خۆی وەك چێشتلێنەرێکی لێزان ناساند بەزوحاكو چێشتی زۆر بەتامو لەزەتی دەدایە کەپاشا بەخواردنی کەیف خۆش دەبوو هێزو توانایەکی سەرسوڕهێنەر دایدەگرت بۆیە لەئەهریمەن دوای کرد بەبۆنەی ئەو خزمەتە باشەوە حەزو ئارەزووی خۆی وەك داواکاریەك ئاراستەی پاشا بکات. لەبەرانبەردا ئەهریمەن لەپاشای بەهێزو دەسەڵاتدار داوای کرد کەروخسەتی بداتێ هەردوو شانی ماچ بکات. زوحاك ئەو دواکاریە زۆر بچووك دەزانێتو رەزامەندی دەردەبڕێت. بەماچ کردنی هەردوو شانی پاشا لەلایەن

ئەهریمەنەوە دوای چەند ڕۆژ زوحاك نەخۆش دەكەوێتو لەشوێنی ئەو ماچانەدا زامێكی زۆر ترسناك سەرهەڵدەداتو پاشان دوو ماری ترسناك لەشانەكانی پاشادا (زوحاك) سەردەردێنن بەجۆرێك كەپزیشكان لەچارەسەركردنی ئەو نەخۆشییە ماندوو دەبنو ناتوانن دەرمانی بكەن. ئەوان چەندین جار ئەو مارانە دەبڕن و لایان دەبەن بەڵام دیسان زیندوو دەبنەوەو سەرهەڵ دەدەن. لەم كاتەدا ئەهریمەن بەشێوەیەكی سروشتی بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشیە دەچێتە سەرینی زوحاكو پاش دیتنو كۆڵینەوە بەپاشا ڕادەگەیەنێت كە ئەم مارانە تەنیا بەیەك شێوە چارەسەر دەكرێن ئەویش ئەوەیە كەهەر ڕۆژ مێشكی كوڕێكی گەنج بۆ هەریەك لەوانە دابین بكرێت تا ئارام ببنەوەو پاشا بتوانێ بحەسێتەوە. لەئاكامی ئەم فەرمانە ڕۆژانە دوولاو سەردەبڕانو مێشكیان دەدرا بەمارەكانو ئەوانیش پاش خواردنی ئەو مێشكانە ئارامیان دەگرتو پاشا دەیتوانی تا ڕۆژی دوایی بحەسێتەوە. ئەم كارە بەردەوام بوو تا ئەو كاتەی كەلەتاوانبارانی بەندیخانە كەسێك نەمایەوە بۆ سەربڕین، بۆیە خەڵكی ئاسایی كەوتە بەر پەلامارو كوشتن. كاوەی ئاسنگەر كەلەنێو خەڵكدا خاوەن ڕێزو پلەو پایە بوو، پاش ئەوەی كە ١٧ كوڕی دەبنە قوربانی مارەكانی پاشا، بۆ كوشتنی دوایین كوڕەكەی دێنە لای بەڵام ئەو بەر داوینی چەرمی خۆی كرد بەئالای خەبات دژی زوحاكو دارو دەستەكەیو بەپشتگیری لەفەرەیدون ڕاپەڕی.



فەرەیدون كەخاوەنی شكۆی خودایی بوو، زوحاك بەند دەكاتو خەنجەرێكی كوشندەی لێدەداتو كەبەهۆی ئەوەوە مارو دەمار كۆڵو زیندەوەری زیانە ڕۆ لەسەر زەویدا بڵاو دەبنەوە. (ئەشا سپەند سرووش) خێرا بەفەرەیدوون دەڵێت كەلەبری كوشتن زوحاك لەكێوی دەماوەندا زیندانی بكات.

فەرەیدوون ئەو كارە بەجێ دەگەیەنێتو بەو شێوە زوحاك لەناودەچێت بەڵام خاڵی سەرنجراكێش لەم چیرۆكە ئەفسانەیەدا ئەوەیە كەناوی كورد دێنیتە ئاراوەو ئەوەش بەم شێوەیە كەبەگوێرەی شانامەی فیردەوسی، زوحاك بۆ ئەوەی مێشكی لاوان ئامادەی خواردنی مارەكانی بكات دوو كەسی چێشت ئامادكەری بەناوەكانی ئارمایلو كەرمایل لەخزمەتدا بوو. ئەو دوو كەسە كاتێك لاوەكانیان بۆ سەربڕین دەهێنا بەردەستی، یەكێكیان بەدزییەوە ئازاد دەكردو لەباتی ئەودا مێشكی پەزیان تێكەڵی مێشكی لاوی دیكە دەكردو دەیاندا بەمارەكانی زوحاك. پاش ماوەیەك ژمارەی ئەو لاوانەی زیادبوو و كەم كەم هۆزێكی گەورەیان پێكهێناو بوون بەبنچو بناوانی كوردو بەگوتەی فیردەوسی دەستیان كرد بەشوانیو ئاژەڵداری كەئەمە دەقی شیعرەكەی فیردەوسییە.

چنان بد كه هر شب دو مرد جوان
چه كهتر چه‌از تخمه پهلوان
هەموو شەوێ دوولاویان
چ لەچینی فەقیرو چ لەنەتەوەی پاڵەوان

خورشگر ببردی به ایوان شاه
وزو ساختی راه درمان شاه
دوولاویان دەكوشتو مێشكەكانیان
بۆ ئەژدیهاكان لێدەنا
بكشتیو مغزش بپرداختی
مران اژدها را خوش ساختی
از ان دو یكی را بپرداختند
جو این چاره نیز نشنا ختند
تەنیا رێگەچارەیان ئەوەبوو كە
یەكێكیان دەكوشتو ئەوی كەیان رزگار دەكرد
برون كرد مغز سرگوسفند
امیخت بامغز ان ارجمند
مێشكی مەڕێكیان دەردەهێنا
و لەگەڵ هی لاوێك ئامێتەیان دەكرد
یكی را بجان داد زنهار و گفت
نگر تابیاری سر اندر نهفت
یەكێ لەوانەی بەرئەداو پێی ئەگوت
هۆشت بێ خۆت بشارەوە
نگر تانباشی بەئاباد شهر
ترا درجهان كوەو دشت است بهر
قەت روو نەكەیتە ئاوەدانی
ئەبێ شوێنی تۆ، شاخو دەشت بێ



از اینگونه هر ماهیان سی جوان
از ایشان همی یافتندی روان
هەر مانگێگ سێ لاویان رزگار دەكرد
بەشێوەیەك كەس نەیدەناسین
چوگرد امدندی ازایشان دویست
بر انسان كەنشنا ختندی كەكیست
خورشگر بریشان بزو چند میش
بدادی و صحرا نهادیش پیش
ئاشپەز ژمارەیەك بزنو مەڕی ئەدانێو
رەوانەی دەرو دەشتی دەكردن
كنون كرد از ان تخمه دارد نژاد
كز اباد نیاید بدل برش یاد
ئێستا كوردەكان لەنەوەی ئەوانەن
كەبیریان لەئاوەدانی نەدەكردەوە
بەڵام ئەمە تەنیا ئەفسانەیەكی دوور لەراستیەو هیچ بنەمایەكی زانستیو مێژوویی نییە.

## بیروڕای مێژوونووسانی عەرەب سەبارەت بەبنجو بەوای کورد

بیروڕای هەندێ لەمێژونووسانی عەرەب سەبارەت بەکورد سەرنج ڕاکێشە، ئەوان کوردیان بەبنەماڵەی جن دادەناو دەیانگوت (الاکراد طائفة من الجن)[٤] .

هەندێ تریان ڕەچەڵەکی کورد بەعەرەبەوە گرێدەدەن، هەروا کە لە (مروج الذهب) هاتووە کەباپیرە گەورەی کوردەکانی ربیعە کوڕی نەزەر کوڕی مەعازەو هەندێکیشیان پێیان وایە موزیر کوڕی نەزەرە، کەهەردووکیان لەدەسەڵاتدارانی وڵاتی ڕەبیعە (دیاربەکر)و "میسر" یان (ڕەقە ) بوون[٥] کەهەڵبەتە بۆ ئەمەش هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی و باوەڕپێکراویان نییە. مەسعوودی پێیوایە کەکوردەکان سەرەتا عەرەبی قسەیان کردووە پاشان زمانەکەیان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، کێر پۆراتیری زماننناس وەڵامی ئەم پرسەی داوەتەوەو دەڵێت (داب و نەریتی کوردەکان بەقەد تاشە بەردەکانی شاخ و چیای وڵاتەکەیان)[٦] نەگۆڕن کەسانێك کەسەر بەمەکتەبی یافسین[٧] پێیان وایە نەژادی هیندو ئەوروپی پاشماوەی نەوەکانی یافسن و کوردیش بەبۆنەی ئەوەوە کەهیندو ئەوروپین،

---

[4] کوردو کوردستان، نووسینی نیکیتین

[5] لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەکوردو کورستان، نووسینی محەمەد ئەمین زەکی

[6] کوردو کوردستان، نووسینی نیکیتین

[7] یافسی بەواتای یافس کوری سێیەمی حەزرەتی نوح



یافسی بەئەژماردێن. ئەوان پێیان وایە کەحەزرەتی نوح پاش ئەوەی کەتۆفان رزگاری کردبوو سی کوڕی هەبوو بەناوەکانی (سام، حام و یافث کەعەرەبەکان نەوەی سام کوڕە گەورەی نوحن، حامیش منداڵی ڕەش پێستی لێکەوتەوە، هەروەها هیندو ئەوروپییەکان نەوەی یافسین[٨] .

## بناغەی کورد لەروانگەی مێژووییەوە

کورد لەروانگەی وشەوە بەواتای بەهێزو پاڵەوان پێناسە کراوە، ئەمین زەگی بەگ لەکتێبی کوردو کوردستان لەو باوەڕە دایە کەرەنگە وشەی کورد لەزمانی ئاشوورییەوە وەرگیرابێت کەلەو زمانەدا کاردو کورد بەواتای بەهێزو پاڵەوان هاتووە. هەندێ کەسی تر کورد بەگوردی فارسی تێگەیشتوون کەلەشانامەدا بەواتای پاڵەوانە.

ڕۆژهەڵاتناسانی بەناوبانگ هەروەك نۆلدکە، هارتمان، ویسباخ لەو باوەڕەدان کەکیرتیەکان یان کورتیەکان [٩] کەلەلایەن مێژوونووسانی سەردەمی کۆن لەوانە ئیسترابوون، جوگرافی زانی

---

[8] کوردو کوردستان، نووسینی ئایەتوڵڵا مەردوخ

[9] کوردو کوردستان، نووسینی نیکیتین

بەناوبانگ ئاماژەیان پێکراوەو لەوڵاتی مادی بچووكو ئیران ژیاون دەبێ ئەو کوردانە بن کەباسیان لێوە دەکەین[10]

کوردەکان چەندین هەزار ساڵ پێش هاتوونەتە شوێنێك لەباشووری ئەرمەنیا کەدواتر کوردستان ناونراوەو سنووری لەرۆژهەڵاتەوە تا دیجلەو بەدرێژایی زاگرۆس تا دەریای عەمانو لەرۆژئاواوە بەدرێژایی رووباری فورات تا سووریەو شاماتو لێواری دەریای مەغریب (مەدیتەرانە)[11] یان دەریای ناوەڕاست کێشراوە .

لەکتێبە مێژووییە کۆنەکاندا بەتایبەت لەسەدەی حەوتەمی پێش زایین باس لەوڵاتێك بەناوی (کوردوین) کراوە کەبەگوێرەی سێرمارك سەیکس، ئەم وڵاتە لەسەرچاوەی زابی گەورەی دیجلە تا دەریاچەی وان کێشراوە[12]

بەڵام ئەو پرسەی کەبنەچەقی کوردەکان چیبووەو باو باپیرانیان لەکوێوە و چۆن هاتوونەتە کوردستان لەنێو مێژوونووسان و رۆژهەڵاتناساندا مشتومڕی جۆراوجۆری هێناوەتە ئاراوە کەدەکرێ بەدوو دەستە دابەشیان بکەین.

(10) Qurtii

(11) سنوری جوگرافی کوردستان بەگوێرەی کتێبی کوردو کوردستانی ئایەتوللا مەردۆخ بەم جۆرەیە (باکور دەریای خەزەر، زنجیرە چیاکانی ئارارات و باشووری دەریای عەمانو حکومەتی ئیلام، رۆژئاوا، حکومەتی شوومیە – ئاکاد، رۆژهەڵات دەریای مەدیتەرانە.

(12) سەبارەت بەکوردو کوردستان، نووسینی محەمەد ئەمین زەکی، وەرگێڕشانی حەبیبوللا تابانی



دەستەی یەکەم: مێژونوسانێك کەپێیان وایە کورد ئیرانییەو لەرەگەزی هیندو ئەوروپایەو لەرۆژهەڵاتەوە هاتوونەتە بانی ئیرانەوە "کوردستان" هەڵبەتە لەوانەیە لەگەڵ خۆجێیەکانی ئەو ناوچەدا تێکەڵ ببوون.

مینورسکی رۆژهەڵاتناسی بەناوبانك پێیوایە کەکوردەکان لەرۆژهەڵاتەوە هاتوون بۆ رۆژئاوای بانی ئیران.

ئەو دەڵێت ( بەلەبەرچاوگرتنی راستیە مێژوویی و جوگرافییەکان لەوانەیە نەتەوەیەك بەناوی کورد لەئاکامی تێکەڵبوونی دوو نەتەوەی وێکچوو واتە ماردوییو کوردویی کەهەردوو بەزاراوەی میدی زۆر نزیك لەیەك قسەیان دەکرد پێك هاتبێ. لەڕوویێکەوە ئاشکرایە کەکوردەکان بۆ پەرەپێدانو بڵاوبوونەوەیان بەرەو رۆژئاوا لەفاکتەری ناوچەییو خۆجێیی سوودیان وەرگرتبێ واتە خەڵکی ئەو شوێنەیان تێکەڵی خۆیان کردبێ[13]

دەستەی دووەم: لەو باوەڕەدان کەکورد خۆجێیو نیشتەجێی ناوچەی رۆژئاوای ئیران یا کوردستان بووە. کوردەکا بەخزمو هاورەگەزی خەڵکانی تری ئاسیای بچووك وەك خالدی، و گورجی، ئەرمەنی دەزانن و پێیان وایە کەبەزمانی ئەوان قسەیان کردووەو پاشان یەکێك لەزاراوە ئارياییەکانیان لەباتی ئەو هەڵبژاردووەو قسەیان پێکردووە.

(13) مێژووی کوردو کوردستان – نیکیتین

هەڵبەتە ئەم هۆزانەش ئاريايى بوونە، چونكە كۆچى ئارياييەكان كەم كەم دەستى پێكردووەو لەماوەى چەندين سەدەدا بەئاكام گەيشتووە.

ڕۆژهەڵاتناسێك وەك نەژمار تۆرودانژنو لەهەمان هۆيت لەو دەستەو تاقمەن.

هەروا تۆرودانژن لەكۆمەڵەى (ئوريۆلوژى) دەڵێت دوو بەردە نووسراوى پەيوەنديدار، دوو هەزار ساڵ پێش (ز) زانيارى ئەوەمان دەدەنێ كەخەڵكێك بەناوى سۆ (SO) لەوڵاتێك بەناوى كارداكا وەلە باشوورى دەرياچەى وانەوە دەژيان[١٤]

سەرنجراكێش ئەوەيە كەلەكتێبى شەرەفنامەدا ، شەرەفەدين بەدليسى نووسەرو بەرهەمهێنەرى كتێبەكە، دەنووسێت لەبەدليسدا (كەنووسەر خۆى نيشتەجێ ئەوێ بووە) لەو سەردەمەدا قەڵايەك بەناوى سوى(suy) هەبووە[١٥]

بەلەبەرچاوگرتنى دوو تيورى ناسراو و بەناوبانگ سەبارەت بەبنجو بنەواى كورد، لێرەدا دەبێ ئاماژە بدەين كەلەوانەيە هەردوو تيۆرەكە لەروانگەى جۆراوجۆرەوە دروست بن، هەروا دەتوانى بڵێى كەكوردەكان دوو تاقمە بوون بۆيە بەئاسانى ئەم تێكەڵبوونەيان قەبووڵ كردووە.

[14] كوردو كوردستان، نووسينى محەمەد ئەمين زەكى، وەرگێڕانى حەبيبوللا تابانى

[15] مێژووى كوردو كوردستان، نوسينى شەرەفەدينى بەدليسى



بەم شێوەيە پێويستە لەسەرەتادا بەكورتى وێنايەكى هۆزە سەرەكى خۆجێيەكانى وڵاتى كوردستان بخەينە پێش چاو پاشان سەبارەت بەمێژوى كورد باس بكەين.

ئەو نەتەوانە كەمێژنووسانو ڕۆژهەڵاتناسان پێيان وايە پێش لەكۆچكردنى ئارييەكان لەرۆژئاوا و باكوورى رۆژئاواى ئێران دەژيان بريتى بوون لە

١ـ لۆلۆ (Lullu) يا لۆلۆبومەكان Lullu Bums

٢ـ گوتى (Gutie) يا كوتى (Quti) يا كورتى (Qurti)

٣ـ كاسيەكانKssites

٤ـ ميتانىMitanni

٥ـ سوربایSubaari

٦ـ نەيرىNairy

## ١ـ لۆلۆ:

ئەم نەتەوە لەناوچەی سلێمانی (شارەزوورا)[١٦] ژیاون. هێشتا روون نەبۆتەوە لۆلۆکان چ کاتێك هاتوونەتە ئەو ناوچەیە، بەڵام لەگەڵ گوتیەکاندا تێکەڵاویان کردووە (ئەلمەسیتد) و هەروەها پرۆفیسۆر سپایزەر پێیان وایە ئەم هۆزە رەچەڵەکی لورەکانن[١٧]

ئەوەی کەلەلۆلۆکان لەبەردەستدایە تابڵێتێکی نارام سین فەرمانڕەوای ئاکادە، کەلەدەربەندی گاور دۆزراوەتەوە. بەپێی ئەم تابڵێتە سوپای ئاکاد بەسەرکردایەتی نارام سین هێرشی بردووەتە سەروڵاتی لۆلۆو ئەو شوێنەی داگیر کردووە.

## ٢ـ گوتی ـ کورتی:

سەبارەت بەو گوتیەکان زۆر گونجاوە کەبڵێی نەتەوەی کورد ناوی خۆی لەو نەتەوەوە وەرگرتووە.

[16] شارەزوور لەباشووری رۆژهەڵاتی سلێمانیدا هەڵکەوتووە کەئێرانیەکان نیوەی رێیان پێ دەگوت چون لەنیوەی رێگای مەداین و شیست کە ئاتەشگای بەناوبانگی ئاتەشگای گەشسب تێدابوو، هەڵکەوتبوو هەڵبەتە لەشەرەفنامەدا نووسەر پێی وایە لەم شارەدا هەرکەس دەسەڵاتی هەبایە حکومەتیشی دەگرتە دەستەوە. هەر بۆیە بەشاری زۆر ناوبانگی دەرکرد.

[17] لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەکوردو کوردستان، نووسینی محەمەد زەکی، وەرگێڕانی حەبیبوللا تابانی



نەتەوەی کورتی لەزنجیرە چیاکانی زاگرۆس و لەرۆژئاوای ئێران و باشووری ئەرمەنیا نیشتەجی بوون و بۆ ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو ناوچانەدا دەسەڵاتیان هەبووەو تەنانەت وڵاتی ئاکادیشیان داگیر کردووە. بەجۆرێك کەپاشا بەهێزەکانی ئاکاد وەك لاگاشی[١٨] و تیریگان[١٩] دەبنە هاوڵاتی کورتیەکان بەڵام لەسەدەی ٢٥ی پێش ز. بەهۆی هێرشی فەرمانڕەوای ئوور (UR) حکوومەتی کورتی لەناوبراو خەڵکی ئەو وڵاتە گەڕانەوە بۆ چیاکانی زاگرۆس شامانە سەری یەکەم (شنەمنەسەر) حوکمڕانی ئاشوور، گوتیەکان بەم شێوە وێنا دەکات.

عەشایەری گوتی دلێرو نەبەز بوون و لەوڵاتی ئورارتۆ (ئەرمەنستان) تا کەمۆخی (کیوی عابدین) نیشتەجێن. هەروەها لەسەری دەڕوات و دەڵێت:

قەومی کورتی لەئاسمانی ئەو سەردەمەدا ئەستێرەیەکی درەوشاوە بوو کەوێڕای هێزو دەسەڵات لەڕوانگەی خۆڕاگری و پشت بەخۆ بەستن و ترساندن و وێران کردنەوە ناوبانگی دەرکرد بوو. لەبەرابەری دەسەڵاتی مندا راپەڕی و بەراوەستاویی لەسەر دوژمنایەتیەکەی بەردەوام بوو. پاشان دەڵێت:

[18] Lagashi
[19] Tirigan

لەوڵاتی ئورتارتۆتا (کەموخی) خوێنی گوتیەکان وەك ئاو بەسەر زەویدا دەرژا[٢٠]

زۆر دەگونجیٚ کەبڵێی لۆلۆکان و گوتیەکان یەك نەتەوەن و رەنگە دوو گرووپی جیاواز لەعەشیرەتێك بن، بەجۆرێك کەپاش ئەوەی سوپای ئاکاد بەرێبەری نارام سین هێرشیان بردە سەریان و دەسەڵاتەکەیان لەناوچوو پاش ماوەیەك زۆر کەم بوون هۆی ئەوە کە ئاکادو نارام سین لەناو ببرێن.

بەپێی ئەو ئاسەوارانەی کەلەبەردەستن وڵاتی گوتی وڵاتێکی شاخاوی و بەرزبووە کەشاخێکی بەرزی وەك نیسیر[٢١] کینیا یان کێوی رزگاری لەخۆرتووە.

بەپێی گێڕانەوەی بابلیەکان پاپۆری حەزرەتی نوح، پاش زریانی نوح لەکێوی نیسیر نیشتۆتەوە.

قورئانی پیرۆز ئەو کێوەی کەکەشتی نوح تێیدا نیشتووەتەوە بەجودی ناوی بردووەو دەفەرموێت (واستوت علی الجودی)

لێکۆڵەران پێیان وایە کەکەشتی نوح پاش زریان لەسەر کێوی جودی نیشتووەتەوە. زۆر دەگونجیٚ کەجودی هەمان گوتی بێت، لەبەرئەوەی پیتی (گ) لەعەرەبیدا ناخوێندرێتەوە، لەباتی ئەودا پیتی (ج) دەخوێندرێتەوە.

[20] لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەکوردو کورستان، نووسینی محەمەد ئەمین زەکی، وەرگێڕانی حەبیبوڵڵا تابانی

[21] Nesir



بۆیە چیای نیسیر کەلەوڵاتی گوتیدا هەڵکەوتووە، شوێنێکە بۆ هاتنە ئاراو گەشەی مرۆڤ لەسەر زەویدا.

(ستریك) لەئینسیکۆپیدای ئیسلام بەرگی یەکەم لاپەڕەی (١٠٦) دەڵێت (نووسەرانی مەسیحی بەچیای جودی (کوردوین) یان وتووە. کەچیای نیسیر، خۆی لەکوردوین هەڵکەوتووەو لەسەردەمی ئاشوورییاندا وڵاتی بۆتان و ئاشووری بەگوتیوم واتە وڵاتی گوتی — کوتی بەناوبانگ بووەو بەم جۆرە لەوانەیە ئەم ناوە تا سەردەمی ئیسلام وەك خۆی ماوەتەوەو وشەی جودی لیٚ دوست بووبێتەوە[٢٢]

## ٣ـ کاسای (کاسی)

کاسیەکان یەکێك لەو نەتەوانەن کەدەکریٚ لەگەڵ گوتیی و لولویەکان بەپێشینانی کورد ناویان بەرین. کاسیەکان لەزنجیرە چیای زاگرۆس دەژیان کەشوێنی سەرەکی ئەوان کرماشانی ئەمرۆ بووە چونکە لەگەڵ گوتیی و لۆلۆییەکان هاو رەچەڵەك و هاو کەلتوورو بوون بۆیە بەردەوام تەبایی و یەکگرتووییان هەبووە. ئاکادییەکان ئەم نەتەوەیەیان بەکاشتو ناو بردووەو لەئەنجیل و نێو خەڵکی بابلدا بە کووش ناویان دەرکردبوو.

[22] لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەکوردو کوردستان، نوسینی محەمەد ئەمین زەکی، وەرگێڕانی حەببولڵا تابانی

لەسەردەمی کاسیەکان حاکمی وڵاتی گاندیش[٢٣] ، بابلی داگیر کرد کە ئەم رووداوە لەساڵی ١٧٦٠ پ. ز روویداوە[٢٤] .

کاسیەکان لەسەردەمی هەخامەنشیاندا لەباتی هاتوچۆی بازرگانی نێوان خەڵکی بابلو ئەکباتان باجیان وەردەگرت.

کاسیەکان لەسەردەمی دەسەڵاتی ئوولام — بوریاش توانیان هێرش ببەنە سەر وڵاتی سۆمەرو داگیری بکەن.

ساڵی ١٧١٠ پ. ز و لەسەردەمی ئاگوم سۆم[٢٥] ئەم دەسەڵاتدارە کوردە توانی وڵاتی ساحل (لیوار)یان (دووریی)[٢٦] داگیر بکاتو پاشان حکومەتی کاسی کە بەسەر سۆمەرو ئاکاد زاڵ ببوو بەگۆرانی ناوی خۆیان حکوومەتی کاردۆنیان لەساڵی (١٧٤٦ تا ١١٧١ پ. ز) لەباتی کاسایی پێك هێنا کەیەکێك لەبەهێزترین و بەردەوام ترین حکومەتەکانی مێژووی هۆزە کوردەکان بووە.

بەڵام ئەم حکوومەتە هەروەك حکوومەتو شارستانیەتەکانی تری مێژوو بەرەو لاوازی رۆیشتو لەئاکامدا لەساڵی (١١٧١ پ. ز) پاشای بەهێزی ئاشوور تگلاشو نین هێرشی بردە سەر ئەو حکوومەتەو پێتەختی کاردۆنیا واتە شاری لاگاشی داگیر کردو بەدەسەڵاتی کاردۆنیا کۆتاییان هێنا.

---

(23) Gandish

(24) مێژووی کوردو کوردستان، نووسینی ئایەتەوڵلا مەردۆخی

(25) Agom

(26) Dure



## ٤ـ میتانی:

لەتەنیشت ئەم سێ نەتەوەدا کەوەك بنجو بنەوای کورد لەزنجیرە چیای زاگۆرۆس ناویان لێبراوە دەبێ لەمیتانیەکانیش یاد بکەینەوە، ئەم هۆزە کەرۆژهەڵاتناسان بەهیندو ئەوروپی ناویان دەبەنو لەسەدەی (١٨و ١٩)دا بەرەو چیای زاگرۆس کۆچیان کردووە بەهۆی هاوخوێنی لەگەڵ خەڵکی لۆلۆ، گوتیو کاسی لەگەڵ ئەواند یەك دەگرنەوە. میتانیەکان لەدەوروبەری کەرکوکی ئێستادا حکومەتێك پێك دێنن کەپێتەختی ئەو شارە واشۆگانی[٢٧] بووە.

ئەم حکومەتە بەشێك لەحکوومەتە بەهێزەکانی سەردەمی خۆی بووە، کەمیسریەکان ئەوانەیان نەهاری وتووە و لەتەوراتیش بە(ئارام نەهاروم) ناوبراون.

حکوومەتی میتانی بەبەهێزبوونی ئاشووریەکان بەرەو لاوازی دەچێتو لەسەردەمی حکوومەتی ناسر پاڵی سێیەم پادشای ئاشوور حکومەتی میتانی لەناو دەبرێت.

---

(27) washsh gann

## ٥ـ سۆباری:

ئاکادیەکان بەو نەتەوەیە کەلەناوچەی نێوان باکووری ڕۆژئاوای ئیسلام تا چیای ئامانۆس[٢٨] دەژیان، سۆباریان دەگوت ڕۆژهەڵاتناسان لەو باوەڕەدان کەسۆباری، لەقێك لەشارستانیەتی میتانی بووە.

شەریش شاری گرنگی سۆباری بووە کەبەهۆی تێگلاَن یەلایزەری یەکەمەوە لەساڵەکانی (١١١٠-١١٠٠پ.ز) گەمارۆ درا، بەڵام سۆبارییەکان بەیارمەتی هاوپەیمانەکانیان خۆڕاگرییەکی شایانی ستایشیان نیشان دا.

## ٦ـ نایرییەکان:

دەبێ لەنایرییەکان وەك میراتگری دەسەڵاتە ناوبراوەکانی پێشوو ناو بەرین. ئەم شارستانیەتە ئاکامی یەکگرتوویی پاشماوەکانی لۆللو، گوتی، کاسایو میتانیو سۆباریانە کەپانتایی دەسەڵاتی ئەوان لەتەواوی حکومەتەکانی پێشوو پتر بووە.

میرسۆن، ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ دەڵێت (( وڵاتی نەیری تەنیا ناوچەی سەرووی زێی گەورەی لەخۆ نەگرتووە، بەڵکو تێگلان پلایزەرو نەوەکانی، ئەو نەتەوەی کەلەناوچەی دیجلەو فورات

[28] ئەم شاخە لەناوچەی ئاتنایە کەشەمەندەفەری حەلەب بۆ ئارتینا لەوێ تێپەڕ ئەبێ



لەباکووری یەنفاس واتە وڵاتانی بەدلیسو توریس نیشتەجێ بوون، نایریان دەگوت و ئەم وڵاتانە هەمان ئەو ناوچانەن کەپاش لەناوچوونی حکومەتی مادو لەمەودای نێوان حکومەتەکانی هەخامەنشی لەفارسدا لەساڵی (٤٠١) پ. ز نەتەوە شەڕئەنگێزەکانی کوردۆیەن لەوێدا دەژیان. کەبەبڕوای من هەر ئەم نەتەوەیەیە کەبەباوباپیری کوردی ئێستاو نەوەکانی ماد ناسراوە[٢٩]

کوردۆیەنەکان بەدڵنیاییەوە هەمان نەتەوەی کاردۆکن کەگەزەنفون لەکاتی گەڕانەوەی یۆنانیاندا بۆ وڵات خۆیان چاوی پێکەوتوون. بەم جۆرە کاتێك یۆنانیانی بەکرێگیراوی نێو سوپای کورشی بچووك لەسوپای ئەردەشێری دووەم شکست دەخۆنو ویستیان بەفەرماندەیی گەزەنفون بگەڕێنەوە بۆ یۆنان کەلەگەڵ کاردوکەکاندا بەرەو روو بوونەوە لەئاکامدا کێشەی زۆریان لەلایەن کاردۆکەکانەوە بۆ دروست بوو. بەجۆرێك کەگەزەنفون بەدژواری دەتوانی هەڵێت، بۆیە لەپەیوەندی لەگەڵ ئەواندا دەنووسێت.

کوردەکان خەڵکێکی زۆر جەنگاوەرنو توانیان ئەو سەدوو بیست هەزار سەربازەی کەپاشای یۆنان بۆ سەرکوتی ئەوان رەوانەی ئەو وڵاتەی کردبوون، لەناوبەرن بەجۆرێك کەکەسێك لەوان بەزیندوویی نەمایەوە[٣٠] .

[29] سەبارەت بەکوردو کوردستان، نووسینی ئەمین زەکی، وەرگێڕانی حەبیب وڵڵا تابانی

[30] گەرانەوە لەئیران نووسینی (گەزەنفون) جفری ماوس هۆڵد وەرگێڕانی مەنوچەهر ئەمیری

## ماد:

لەپاش باسکردن سەبارەت بەنەتەوە نیشتەجێیەکانی چیای زاگرۆس کەپێش لەماد لەوێدا دەژیان ئێستا دەبێ لەمادەکان بکۆڵینەوەو حکومەتی ماد کەزۆر لەوە دەچێت کورد پێکهێنەری بووبێت، ناوەندی سەرەکی دەسەڵاتەکەی لەناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ئەمڕۆ بووە. زۆر لەوە دەچێت دەوڵەتی ماد، پاش رووخانی یەکێتی (ماننایی )کەلەزنجیرە چیای زاگرۆس، نێوان هۆزە جۆراوجۆرەکاندا لەدژی ئاشوور پێکهات، دروست بووبێت، هاوکات لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەتەکانو شارستانیەتە گەورەکانی ناوبراو لەوانە (گوتی، لوللو بی..) دەسەڵاتدارانی بچووکی مادیش وەك حکومەتی ناوچەیی بچووك بەردەوام درێژەیان دەدا بەدەسەڵاتی خۆیان[1].

لەسەردەمی پادشایەتی خالیدیەکان، یەکێك لەپاشاکانی مانایی کەگوێڕایەڵی ئاشوور بوو کورێکی خۆی بەناوی دیاکۆ لەسوپای خالیدی وەك دیل داوەتە دەستەوە.

[1] هەڵبەتە ئەم باسە کەدەسەڵاتە بچووکەکانی لەوڵاتی کوردستانی ئەوڕۆ حوکمڕانیان کردووە بەهۆی جوگرافیای تایبەتی ناوچەکەو بوونی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لەو ناوچەیەدا سروشتیە بەۆجرێك کەناوچەگەلێکی بەتەواوی گەمارۆ دراو لەنێوان چیاکانی زاگرۆس دەبینرێت کەلەو سەردەمەدا دەسەڵاتداری ئەو ناوچانە دەیتوانی بەهۆی ئەو بەربەستە سروشتیانەوە حکومەتێکی بچووك بۆ ماوەیەکی درێژ بەرێوەبەرێت.



خالیدیەکان دواتر بەهۆی دیاکۆوە ٢٣ ناوچەو قەڵایان لەناوچە جۆراوجۆرەکانی مانایی‌و مادی داگیر کرد، پاشان سارگۆنی ئاشووری دژی ئەو بەشەر دێت‌و شکستی دەدات‌و لەگەڵ بنەماڵەکەیدا بەدیلی بۆ شاری حەمس لەوڵاتی شام دووری دەخاتەوە.

هەندێك لەمێژوونووسان وەك رەشید یاسمی پێیان وایە کەدیاکوی مادی لەگەڵ دیاکوی مانایی کەبەهۆی سارگۆنی ئاشووری لەساڵی ٧١٥ پ. ز دیل‌و پاشان دوورخرایەوە، هەریەك کەسە[1]:

مادەکان نەتەوەیەکی ئاریایی بوون‌و یەکەمین ئاماژە بۆ ئەو نەتەوەو دەسەڵاتێك کەپێکهێناوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەمنەسری سێیەم لەساڵی (٨٣٧ پ. ز) واتە ئەوکاتەی (شەمنەسری) سییەم پاشای ئاشوور، هێرشی بردە سەر چیاکانی کوردستان‌و وڵاتی ناسراو بەپارسواو ئامادیەکان، هەروەها کەلەنووسراوەکی پەیوەندیدار بەو پاشاوە بەدەست هاتووە، وادەردەکەوێت کەنزیکەی ٢٧ ئەمیرو پاشا بەسەر ٢٧ هەرێمی ئەو وڵاتەدا حوکمڕانیان دەکرد کەهەمووی ئەوانەیان بەئاماد یا ماد ناو دەبرد[٣١].

ئەم راستیە نیشاندەدات کەدەوڵەتی ماد، دەوڵەتێك بوو کەپێکهاتبوو لەیەکێتی گروپە جۆراوجۆرەکانی هیندو ئەورووپایی

[1] کوردو پەیوەندی نەتەوەیی ئەو، نووسینی رەشید یاسمی
[31] وڵاتی رۆژهەڵات لانکی شارستانیەت، نووسینی دیل دۆرانت

واته ئەو کۆچەرانەی کەهاتوون بۆ ناوچەی زاگرۆس‌و بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە ٢٧ میرنشینیان پێکهێنابوو.

زۆر لەوە دەچێ (دیاکۆ) یەکێك لەمیرەکانی هەرێمی ماد بووەو بەگوێرەی هێرۆدۆت ئەو میرە بەیەکسانی، رەوشت چاکی‌و دادپەروەری لەنێو هۆزەکانی مادو هەرێمە جۆراوجۆرەکاندا بەناوبانگ بووە

هێرۆدۆت لەم بارەیەوە دەنووسێت (دیۆکس – دیاکۆ) کوڕی فەرائوریس گوندنشینێك بوو کەوەك باقی مادەکان لەلادێدا دەژیا کەئەو لادێیانە بۆخۆیان ژیانێکی تایبەتیان هەبووە.

ئەم کەسێتیە بەهۆی لێهاتوویی‌و دادپەروەی جێگای باوەری خەڵك بوو، خەڵکیش کێشەکانیان بەرەو رووی ئەو دەکردەوە، پاش ماوەیەك بەبیانووی ئەوەی کێشەی خەڵك بەزۆری رووبەرووی دەبێتەوەو مەودای کاری‌تایبەت بەخۆی نییە وازی لەدەسەڵات هێنا، کەبەهۆی ئەو بۆشایەوە دزی‌و بشێوی باڵی کێشا بەسەر وڵاتدا، بۆیە خەڵك کۆبوونەوەو بڕیاریاندا بەهۆی ئەوەوە کەبەرێوەبردنی وڵات دژوارە پاشایەك هەڵبژێرن تا ئاسایشی وڵات بپارێزێت‌و لەگیروگرفتەکانیان کەم ببێتەوە، لەم سەروبەرەدا دیۆکوس کەپێشتر بواری بۆ ئەو کار رەخساندبوو بەپاشایەتی هەڵبژێردرا[٣٢]

(32) کۆمەڵناسی‌و مرۆڤناسی عێل‌و عەشایەر، نوسینی د. حیشمەتوڵڵا تەبیبی



دیوکۆس بەلەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندیانە توانی سەرنجی فەرماندە هەرێمیەکانی مادو ئەو خەڵکانەی لەو ناوچانەدا دەژیان بۆلای خۆی راکێشێت. ئەو توانی لەسەر بنەمای متمانەی خەڵك، یەکگرتوویەکی بەهێز پاش یەکێتی مانایەکان لەنێوان هۆزە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ زاگرۆسدا پێك بێنێت. دیاکۆ شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی واتە (هەگمەتانە) وەك پێتەخت دەس نیشان کرد. بەڵام هێدی هێدی بناغەی حکوومەت دادەرێژێت‌و یاسا گەلێك ئامادە دەکات کەدەبێتە هۆی دابڕانی خەڵك لەپاشاو حکومەتەکەی، بەجۆرێك کەلەیەکێك لەفەرمانەکانی هاتووە:

هیچ کەس بۆی نییە بچێتە خزمەتی پاشا، خەڵك تەنیا لەرێگای تەتەرەوە بۆیان هەیە بابەتی خۆیان ئاراستەی پاشا بکەن، و هەروەها کەسێك بۆی نیە پێبکەنێت‌و یان لەبەرانبەر شادا ئاخ‌و ئۆف بکات.

واباس دەکەن کەدیاکۆ لەساڵی (٧٠٨ پ.ن) تاجی پاشایەتی بەسەرناوەو تا ساڵی (٦٥٥ پ. ن) بۆ ماوەی ٥٣ ساڵ بەوپەڕی هێزەوە درێژەی بەحکوومەت دا[٣٣]

پاش دیاکۆ کوڕەکەی فەروەرتیش تا ساڵی (٦٣٣ پ. ن) دەسەڵاتی لەدەستا بوو. فەروەرتیش کاروباری حکوومەتی مادەکانی باشتر کرد، سیستەمی شەڕو هێزی سەربازی مادەکانی

(33) ئەم بابەتە کەپەیوەندی بەمادەوە هەیە، لەم کتێبانەی خوارەوە وەرگیراوە:

ئیرانی کۆن، نوسینی پیرنیا/ مێژووی ماد، نووسینی : م. دیاکۆنۆف. کوردو پەیوەندی نژادی، نووسینی رەشید یاسنمی

كەلەهۆزە جۆراوجۆرەكانی نیشتەجێی زاگرۆس پێكهاتبوو بەهێز كردو خۆی بۆ شەڕ. دژی ئاشووریەكان ئامادە كرد.

هێزو دەسەڵاتی مادەكان وای لێهات كەئاشووریەكانی هەراسان كرد ئەم كارە بووە هۆی وروژاندنی سكاكان كەماوەیەك لەگەڵ ئاشووریەكاندا بەشەڕ هاتبوون‌و لەوان شكستیان خوارد بوو، لەئاكامدا لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوون. سكاكان كاتێك زانیان سوپای ماد لەگەڵ ئاشووریاندا سەرقاڵی شەڕە خێرا هێرشیان بردە سەر وڵاتی زاگرۆس و ئەو ناوچەیان كرد بەشوێنێك بۆ پەلاماردانی مادەكان. فەروەرتیش لەشەڕی دژ بەئاشووریەكاندا شكستی خواردو كوژرا. وڵاتی ماد لەدوولاوە كەوتە بەر هێرش‌و پەلامار سەرەڕای ئەوەش مەرگی فەروەرتیش زەبرێكی قورسی سرەواندە حكومەتی ماد، بەجۆرێك كەسكاكان ماوەیەكی زۆر بوون بەخاوەن و حاكمی ئەو وڵاتە.

بەڵام كوڕێكی زۆر بەهێزو زانای فەروەرتیش بەناوی هۆخشتەر كەهێرۆدوت بەكوكسار ناوی دەبات جێی باوكی گرتەوەو لەساڵی (٦٣٣ پ.ز) تاجی پاشایەتی بەسەرنا. هۆخشتەر كەدەسەڵاتی سكاكانی لەوڵاتەكەیدا دەبینی پێیباش بوو لەرێگای دۆستایەتی‌و باج دان بتوانێ لەزەبروزەنگ‌و كوشت‌و بڕی ئەوان كەم كاتەوە (٢٨) ساڵ وڵاتی ماد لەژێر داگیركاری سكاكان بوو و بشێوی‌و شلەژاوی سەرتاسەری وڵاتی گرتبووەوە. لەم كاتەدا هۆخشتەر بەرپرسان‌و فەرماندەكانی سكای میوانداری كرد، بەپێی گێڕانەوەی هیرۆدۆت هۆخشتەر سكاكانی كەسەرمەستی دەسەڵاتی



خۆیان بوون بەخواردنەوە سەرخۆش كردو لەكاتی سەرخۆشیدا بەخەنجەری تیژی ئەو كوردانەی كەلەگەڵیدا بوون هەموویانی كوشت.

پاش ئەم رووداوە سوپای سكاكان كەتەواوی بەرپرسان‌و فەرماندەكانی لە لەدەست دابوو ترسی زۆریان لێ نیشتبوو و ویستیان لەوڵاتی ماد دا هەڵبێن، بەڵام هۆخشتەر كەبەهۆی مەرگی لێپرسراوانی لەشكری سكا لەرووی مەعنەوییەوە بەهێز ببوو هێرشی كردە سەریان‌و دەریپەڕاندن.

پاش وەدەرنانی سكاكان، هۆخشتەر تەواوی توانای خۆی ئاراستەی دوژمنی سەرەكی خۆی واتە ئاشوور كرد.

سەردەمێك باوكی هۆخشتەر واتە فەروەرتیش بەتەواوی گەمارۆی نەینەوای دابوو، لەوكاتەدا ئەگەر پیلانی ئاشووریان لەهاندانی سكاكان بەهێرش بردن بۆسەر وڵاتی ماد كاریگەری نەبوایە ئەوا لەو دەمەدا ئاشووریەكان لەناو دەبران.

هۆخشتەر بەرەچاوگرتنی ئەزموونی رابردوو بڕیاریدا سەرەتا لەجیرانەكانی بەتەواوی دڵنیا ببێتەوە، بۆیە دەستی تەبایی و یەكێتی بۆلای پاشای بابل واتە ناپوپولا سار (نپوپلسەر) و هەروەها نەتەوە بندەستەكانی خۆی وەك پارسی‌و سكادرێژ كردو بەهێزێكی زۆر گەورە بەرەو نەینەوا بەرێكەوت. هۆخشتەر نەینەوای گەمارۆداو بەگرتنی ئەو شارە كۆتایی هێنا بەحكومەت‌و دەسەڵاتی ئاشووریان. گرتنی نەینەوا لەساڵی (٦١٢ پ. ز) روویدا. یەكێك لەهۆكارە سەرەكیەكانی سەركەوتنی ئەو بەسەر ئاشوور و

یەکگرتنەوەی لەگەڵ نیوپلسەر پاشای بابل بوو کەبەهۆی ئەوەوە هۆخشتەر کچەکەی خۆی بەناوی (ئامی تیس) بۆ کوڕی نیوپلسەر واتە (بەختەنەسر) مارە کرد. بەختەنەسر کەعاشقی لەرادەبەدەری ئامی تیس بوو لەبەرخۆشەویستی ئامی تیس لەبابلدا باخی هەڵواسراوی بۆ دروست کرد.

ویل دۆرانت لەپەیوەندی لەگەڵ باخە هەڵواسراوەکانو هاوسەرێتی بەختەنەسرو کچەکەی هۆخشتەر وا دەڵێت:

لەنزیکی کۆشکی بەختەلنەسر، باخە هەڵواسراوەکانی بابل دەبینران کە یۆنانینەکان ئەو باخەیان بەیەکێك لەحەوت سەیرو سەمەرەکانی جیهان دەناسی، ئەم باخانە بەسەر زنجیرەیەك کۆڵەکەی بازنەیی هەڵواسرابوون. دەڵێن بەختەنەسری عەشقباز ئەم باخانەی بۆ ژنەکەی کە کچی هۆخشتەر پاشای وڵاتی ماد بوو دروست کرد چونکە ئەو ژنە لەوڵاتی شاخاوی پەروەردە ببوو، توانای خۆڕاگری لەژێر هەتاوی گەرمو خۆڵو خاکی وڵاتی بابلدا نەبوو، بۆیە بەردەوام ئارەزووی نیشتمانی جوانو سەر سەوزی خۆی دەکرد. لەسەر رووبەری ئەو زەوییە دەستکردەدا توێژێکی زۆر زبر لەخاکی پڕ پیتی کشتو کاڵیان رژاندبوو کە نەتەنیا گوڵو گیاو نەمامی تیا ڕوا بوو بەڵکو دارودرەختی زۆر ئەستووری تێیدا پەروەردە دەکرا. ئەم باخانە لەرێگای ماشینی تایبەتیەوە کەدەستەیەك لەخزمەتکارەکان بەگەڕیان دەخستن ئاوی فوراتیان



هەڵدەکێشاو لەرێگای بۆری یان کەرەستەی شیاو بەشاراوەیی دەنێو کولکەکاندا دەیانبردە ناو باخەکانەوە[٣٤] .

بەم جۆرە بابل بووە هاوپەیمانی مادو هەردەم ئەم هاوپەیمانێتیە دەسەڵاتی مادەکانی زۆر بەرز کردەوە.

دەوڵەتی مادو پاشای بەناوبانگی ئەو وڵاتە واتە هۆخشتەر لەساڵی (٦١٠ پ.ز) تاکە دەسەڵاتی بێ ئەملاو ئەولای ئاسیا بەئەژمار دەهات. حکومەتی پارسو ئەنزانی (ئەنشان)ی دایە دەست کەمبوجیە باوکی کورشی گەورە، هۆخشتەر بۆ بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی کۆتایی هێنا بەداگیرکردنی وڵاتە جۆراوجۆرەکانو هۆخشتەر بەهۆی دۆستایەتی لەگەڵ بابلیەکانداو دڵنیابوون لێیان، چالاکیەکانی ئاراستەی لیدی دەکرد.

لەساڵی (٦٠٩ پ.ز) گەیشتە سنووری نێوان لیدیو ماد واتە روباری هالیس (قەزل ئیرماق) و لەگەڵ سوپای لیدیدا کەپاشا خۆی فەرماندەیی لەشەکرەکەی بەئەستۆ گرتبوو بەرەو روو بووەوە. پاشای لیدی واتە ئالیاش کەلەدەسەڵاتی هۆخشتەر زۆر نیگەران ببوو بەتەواوی هێزەوە بەڕووی وەستا.

نێوان سوپای مادو لیدی پێنج ساڵ تەواو شەڕ بەردەوام بوو و هیچ کام لەو لایەنانە سەرنەکەوتن، تا ئەوەی لەدوایین نەبەردا خۆرگیراو هەردوو لایەنەکە بەدیتنی ئەو رووداوە سەرسام بوونو پێیان وابوو بەهۆی ئەو شەڕەوە خواکان رەقیان هەستاوە، بۆیە

[34] رۆژهەڵات لانکی شارستانیەت، نووسینی وێل دۆرانت

هەر زوو پاشاکانیان ناچار کرد کەکۆتایی بەو شەڕە بێنن‌و ئاشتی بکەن، هەردوولا بڕیاریان دا دووکەس وەك ناوبژی‌و داوەر دەس نیشان بکەن بۆ داوەری کردن لەلایەن پاشای لیدی بەختەلنەسر فەرمانڕەوای بابل‌و لەلایەن هۆخشتەرەوە سینس  فەرمانڕەوای کاپادۆکییە، راسپێران بۆ چارەسەری کێشەکەو ئاشتی نێوانیان، بەپێی بڕیاری هەردوولا روباری هالیس وەك سنووری نێوان لیدی‌و ماد دیاری کراو بۆتۆکمەکردنی پەیمانی ئاشتی کچی پاشای لیدی بەناوی ئارنیس بەهاوسەرێتی کوڕی هۆخشتەر واتە ئیخ تۆو یگۆ مارە کرا.

بەبەستنی ئەم پەیمانە، لەپراکتیکدا دەوڵەتی ماد سنووردار کرا چونکە لەلایەکەوە هاوپەیمانی بابلیەکان بوو، ئێستاش ناچار کراوە بەئاشتی لەگەڵ لیدیەکان، بەلەبەرچاوگرتنی ژیان‌و گوزەرانی کۆچەری مادەکان‌و پشت بەستنی ئابووری ئەو سەردەمە بەگەشەپێدانی دەسەڵاتەکەیان‌و داگیرکاری، لەکاتێکدا ئیدی بواری داگیرکاری لەبەردەستدا نەبوو، سوپای ماد کەم کەم بەرەو سستی‌و تەوەزەلی دەڕۆیشت‌و ئەو چالاکییەو ئامادەیی سەربازییەی جارانی نەما.

ماوەیەك پاش بەستنی پەیمانی ئاشتی ساڵی (٥٨٥ پ.ن) واتە رۆژی خۆرگیران هۆخشتەر ماڵئاوایی لەدنیا کردو ئیخ توویگو یا ئاژی دەهاك بوو بەپاشای ماد.

هاوکات لەگەڵ بەهێزبوونی ئەم پاشایە، ئارینیس هاوسەری نوی ئیخ تویگۆ لەگەڵ لیدیەکاندا دێتە دیوانی پاشایەتی مادەوەو



بەشداری ئەو دەسەڵاتە دەکەن بوونی ئەم غاوارانە  لەدەرباری مادەکاندا کەبەهۆی لاواز بوونی دەسەڵاتی ئیخ تویگو دەسەڵات دەگرنە دەستەوە، کێشەی ئابووری‌و نارەزایەتی خەڵك‌و سەرۆك خێڵەکانی مادی بەدواوە دەبێت هەڵبەتە سەرەڕای ئەم هۆکارانە زۆر گوێی‌و چەوساندنەوەی ئیخ تویگۆ هۆکارێکی تری ئەو کێشەو گرفتانە بوون.

یەکێك لەنموونەکانی کردەوەی زۆر گۆیانەی ئیخ تۆویگو بەم شێوەیە بوو (رۆژی لەهارپاك تووڕە ببوو، فەرمانی دا لەجەستەی بێدەست‌و سەری کوڕەکەی خۆراکێك دروست بکەن، پاشان هارپاکی ناچار کرد کوشتی جەستەی کوڕەکەی بخوات هارپاك بەناچاری ئەو فەرمانەی بەجێهێناو گوتی هەرچی پاشا بڵێیت پێ خۆشحاڵم، بەڵام رق‌و قینی لەدڵدا مایەوەو دواتر بەیارمەتی کورش راپەڕی، تا ئیخ تویگۆ لەدەسەڵات لابەرێ)[٣٥]

ئیخ تویگۆ کچی خوشکی بەناوی ماندانا بۆ حاکمی ئەنزان (ئەنشان) و پارس واتە کەمبۆجیە مارە کردبوو، کەئاکامی ئەو پەیوندییە لەدایکبوونی کورش بوو. کورش لەراستیدا کچە زای ئیخ تویگۆ بووە. کورش لەبشێوی‌و ئاڵۆزی بارودۆخی مادو هەروەها ناڕازی بوونی خەڵك بەتایبەتی لێپرسراوانی دەوڵەت‌و سوپاکەی کەلکی وەرگرت‌و بەیارمەتی ئەوان هەگمەتانەی داگیرکرد بەم جۆرە حکوومەتی ماد کۆتای پێدێت.

(35) مێژووی شارستانیەتی رۆژهەڵات، لانکی شارستانیەت، نووسینی: ویل دۆرانت

هەڵبەتە پێویستە بوترێ خەڵکی ماد کەحکوومەتە جۆراوجۆرو گەورەو بچووکەکانی وەك ئاشووریان شکست پێ‌هێنابوو تەنیا بەهۆی ئەوەوە کەکورشیان لەخۆ دەزانی لەبەرابەری ئەودا شەڕیان نەدەکرد ، تەنانەت پاش لەناوچوونی دەوڵەتی ماد، ساڵیانی ساڵ حکوومەتی هەخامەنشینان بە دەوڵەتی ماد زانیوە، وەك ئەوەی کەلەشەڕی دوورو درێژی نێوان ئیران‌و یۆنان، یۆنانیەکان سوپای ئیرانیان بەسوپای مادی ناودەبرد.[٣٦]

## کورد لە پاش دەوڵەتی ماد

پاش لەناوچوونی دەوڵەتی ماد کوردەکان لەگەڵ سوپای هەخامەنشی تێکەڵ بوون‌و یەکیان گرتەوە. هەڵبەتە هەندێ جار بەهۆی هەڵس‌وکەوتی ناشیرن‌و سووکایەتی پاشاکانی هەخامەنشی، خەڵکی ماد رادەپەڕین، لەوانە راپەڕینی کیومات‌و خەشەرشیە (فەروەرتیش) کەخۆی بەنەوەی هۆخشتەر دەناساند بەڵام تەواوی ئەم راپەڕینانە لەلایەن داریوشەوە سەرکوت کران.

لەو سەردەمەدا مادو هەخامەنشی یا بەروانگەیەکی تر کوردو پارس زۆر لەیەك نزیك بوون، بەجۆرێك کەبەتەواوی لەزمانی یەکتری تێدەگەیشتن[٣٧] بێجگە لەم خاڵە، کورش بەکردەوەی

[36] مێژووی ئیرانی کۆن، ن: پیرنیا

[37] مێژووی شارستانیەت، یان ژیانی مرۆڤ نووسینی مەحمود حەکیمی



چاکی خۆی نەتەنیا مادەکان بەڵکو نەتەوەکانی تریشی بۆ لای خۆی راکێشابوو لەسەرەتای حکوومەتی هەخامەنشی بەتایبەت لەسەردەمی داریوشدا، ئەو راپەڕینانە کەلەلایەن مادەکانەوە روویدا بەهۆی ئەو سوپایەی کە لەسەربازو فەرماندەکانی مادو پارس پێکهاتبوو، سەرکوت دەکرا.

ئەم باسە لەبەردە نووسراوەی بێستوون و لەبرگەی چواردەیەمدا سەبارەت بەسەرکوتی راپەڕینی ساکارتی ئاماژەی پێدراوەو داریوش لەو نووسراوەدا وا دەڵێت:

(پیاوێك بەناوی چیتر توخم لەهۆزی ساکارتی دژی من راپەری‌و بەخەڵکی وت " من پاشای ساکارت‌و لەنەوەی هوخشتەرم" منیش لەو کاتەدا سوپایەك بەسەرکردایەتی توخمسپاد کەگوێرایەڵی فەرمانەکانم بوو نارده سەری تا ئەو پیاوە یاخی‌بووە لەناوبەرێت ئەوە بوو کەتوخمساپارد بەسوپایەکەوە بەرێ کەوت و لەگەڵ چیترتوخم بەشەڕهات، ئەهوورامەزدا لەیارمەتی و پشتگیری خۆی دڵنیای کردمەوە، بۆیە بەویستی ئەهرامەزدا بەسەر ئەو هەڵگەڕاوانەدا سەرکەوتم‌و چیتر توخم گیراو هێنایانە بەردەستم، منیش چاوم دەرهێناو گوێ‌و لوتم بڕی‌و فەرمانم دەرکرد کەلەدەرباردا کۆت‌و زنجیری کەن، پاش ئەوەی کەهەمووان ئەو دیمەنەمان چاوپێکەوت ئەمرم کرد لە(ئاربل) ئەربیلدا بیدەن لەسێدارە[٣٨]

[38] کوردو پەیوەندی رەگەزی ئەو، نووسینی رەشید یاسمی

## کورد لەسەردەمی هەخامەنشیاندا

وەك باسکرا، کورد لەسەردەی هەخامەنشیاندا سەرەتا خۆی لەگەڵ ئەواندا هاوتەریب‌و هاوسەنگ دەبینی‌و پاشاکانی پارسیش هەر بەو جۆرە لەگەڵ کوردا مامەڵەیان دەکرد، بەڵام بەردەوام گەلی کورد دژی هەخامەنشیەکان رادەپەڕی، بەجۆرێك کەگەزەنفونی یۆنانی لەکتێبەکەیدا باس لەو شۆڕشانە دەکات(*).

ئەو لەرێگای گەڕانەوە بۆ یۆنان کێشەی ئەوتۆی بۆ نەهاتە پێش تەنیا لەو شوێنە نەبێت کەبە(کردۆك) یا کوردستان ناسراوەو کوردەکان لەو شوێنەدا زۆرجار هێرشیان بردۆتە سەر یۆنانیەکان‌و تا قۆناغی شکست پێهێنانیان بەرەوروویان بوونەتەوە. ئەم بەرەنگارییە بەشێوەیەك گوشار دێنێتە سەر یۆنانیەکان کەلەهیچ جێگایەکی وڵاتی ئێراندا بەدی نەکرابوو، جەنگاوەری‌و مەردایەتی

(*) گەزەنفۆن پزیشکی یۆنانی لەساڵی (٤٣٠ – ٣٥٢ پ. ن) پزیشکی سوپا بەکرێگیراوی یۆنان لەخزمەتی کورشی بچووك هەخامەنشی دابووە. ئەم سوپا لەشەڕی کۆناکسار لەسوپای ئەردەشیر برای کۆرش شکست دەخوات، ئەردەشیر فەرمانی بەدواداچوون‌و لەناوبردتنی یۆنانیەکان دەردەکات، لەم کاتەدا کەیۆنانیەکان فەرماندەکانی خۆیان لەدەست دەدەن گەزەنفون بەفەرماندەی خۆیان هەڵدەبژێرن، کەئەم فەرماندە تازە سوپای یۆنان لەگەرانەوە بۆ وڵاتی خۆیاندا رێبەرایەتی دەکات، گەزەنفون ئەو سوپا لەشوێنێك دەرباز دەکات کەزێدی کردۆك یاکوردۆخ یا کوردەکان بووەو ئەو شوێنەش سەخت‌و شاخاوی بووە کەگەزەنفون لەکتێبی گەرانەوە بۆ نیشتمان یا گەرانەوەی دە هەزار نەفەری باسی لێکردووە



کوردەکان بەجۆرێك کاریگەری دەخاتە سەر گەزەنفون کەسەبارەت بەئەوان دەڵێت:

" زۆر جار دوژمن (کوردەکان) بەجۆرێ خۆڕاگریان دەنواند کەبەراستی هاتوو چۆ دژوار دەبوو ئەو خەڵکانە بەشێوەیەك چالاك بوون کە هیچ کەس لەرێ‌رۆیشتندا بەتۆزێ پێیان نەدەگەیشت‌و کەس پێینەدەزانین، تەنانەت ئەگەر لەنزیکیشیان بڕۆیشتابان، تەنیا چەکی ئەوان تیروکەوان‌و قەلماسك بوو، ئەمانە تیرهاوێژێکی بەتوانا بوون کەمەودای کەمانەکەیان نزیکەی ٣ باسك بوو تەنیا دوو تیریان هەبوو کەبۆهاویشتن نووکی کەوانەکەیان بەرەو خوار دەکێشاو قاچی چەپیان دەکرد بەکۆڵەکە.

تیری دەستی ئەو جەنگاوەرانە قەڵغان‌و جوشنی قارەمانانی دەبڕی. یۆنانیەکان ئەم جۆرە تیرەیان هەڵدەبژاردو قایشی چەرمیان پێدەبەست‌و لەباتی تیر بەکاریان دەبرد[٣٩]

سوپای یۆنانی بەفەرماندەیی گەزەنفون هەفتەیەك لەکوردستاندا رێگا دەبڕن گەزەنفون دەڵێت " لەو ماوەیەدا بەردەوام شەڕ بوو بەجۆرێك کەرەنج‌و ئازارێکی ئەوتۆ بەرمان کەوت کەنەپاشا‌و نەتیسافەر نەیاندیبوو"

(39) گەرانەوە لەئێران نووسینی : گەزەنفون بەقەلەمی گێفری هاوس هەزلە وەرگێرانی مەنوچەهر ئەمیری، تاران ساڵی ١٣٦٩ بڵاوکراوەکانی دەزگای بڵاوکردنەوەو فێرکاری شۆرشی ئیسلامی

گەزەنفون لەگەڕاندنەوەی دە هەزار بەکرێگیراوی یۆنانیدا، کوردستان بەتەنیا شوێنێك ناودەبات کەبۆ ئەو هێزە کێشەو گرفت دروست دەکات.

بەشایەتی مێژوو و بیروباوەڕی مێژوونووسان نووسیی ئەم رووداوە لەلایەن گەزەنفونەوە کەبێجگە لەکوردستان لەهیچ شوێنێکی تری ئیراندا بەرەنگاری لەبەرانبەر سوپای یۆناندا نەکراوە، یەکێك لەگرنگترین هۆکارەکانی هێرش هێنانی ئەسکەندەرو سوپای یۆنان بۆ سەر ئیران بوو.

داریوشی سێیەم دواین پاشای هەخامەنشی بۆ شەری چارەنووس سازی (گوگمل) ئەربیلی دەس نیشانکرد، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کەداریوش بۆماوەیەکی زۆر شارەوازیو حکومەتی کوردستانی لەژێر دەستدابوو، بەو هۆیەوە لەئازایەتیو غیرەتو نیشتمانپەروەری کورد دڵنیابوو.

ئەگەر لاوازی داریوش نەبایا رەنگە چارەنووسی شەڕ بگۆڕابا بەڵام هەڵهاتنی داریوش لەمەیدانی شەڕدا بووە هۆی پشێوی لەشکری ئیران لەهەمبەر ئەسکەندەرو یۆنانیەکاندا.



## کورد لەسەردەمی سلووکییە

بەدوای هێرش بردنو باڵادەستبوونی یۆنانیەکان لەئیراندا، کورد هیچ کاتێك دەسەڵاتی یۆنانیەکانی قەبووڵ نەکردووە، هەروەك چۆن لەساڵی (٢٠٣ پ.ز) مۆلۆن سەرکردەی وڵاتی مادی بچووك (کوردستانو ئازەربایجان) بەپشتگیری کوردەکان توانی تەنانەت دەوڵەتی بابل بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەو چەشنە ئانتیوکۆس خۆی بەهێزێکی پۆشتە و پەرداخەوە بەرەنگاری مۆلۆن دەبێتەوەو بەم جۆرە ئانتینوکۆس توانی سوپای مولۆن لەبابلدا تێكوپێك بشکێنێتو بەهۆی زۆریی هێزەوە روویکردە وڵاتی ماد، بەڵام مۆلۆن بەپشتگیری کوردە ئازاو بەجەرگەکان بەرەنگاریەکی سەرسوڕهێنەری لەبەرابەر سوپای پۆشتەو پڕ چەکی یۆنان نواند، سەرئەنجام سلووکیەکان توانیان وڵاتی ماد داگیر بکەن[٤٠]

کوردەکان لەو رۆژەوە بەردەوام لەگەڵ سلوکیو یۆنانیەکاندا بەشەڕهاتوونو دژی بەهێزبوونو دەسەڵاتی ئەوان بوون تا سەرەنجام سلوکیەکان شکست دەخۆنو ئەشکانیەکان بەدەسەڵات دەگەن.

(40) کوردو پەیوەندی نەتەوەیی ئەو، نووسینی رەشید یاسمی

## هۆكارەكانی گرنگ بوونی كوردستان لەسەردەمی كۆندا

هەرێمی كوردستان كە بەئاتروپاتن (ئازەربایگان) ناسراوە هەمیشە گرنگی هەبووە هۆكاری ناونانی ئەم هەرێمە بەئاتروپاتن ئەوەبووە كەلەسەردەمی ئەشكانیان‌و ساسانیاندا بەهۆی هەبوونی ئاتەژگای بەناوبانگی ئازەر گەشسب لەشاری شیز (تەخت سلێمانی ئەمڕۆ) ئەم ناوچەیان ئاتروپاتن یا شوێنی ئاگر ناوناوە. هەروا كەوترا ئاتر، ئاگر، ئاهیر هەموو بەواتای ئاگرن.

لەسەردەمی كۆن سێ ئاتەژگا لەئێراندا زۆر گرنگ بوون لەوانە:

١- ئاتەژگای ئازەر فەرەنبەخ كەتایبەت بوو بەمەلاكانی (مۆبدانی) زەردەشت‌و لەشاری ئیستەخری فارس دایە

٢- ئاتەژگەی ئازەربەرزین مێهر لەخوراسان كەتایبەت بەجوتیاران بوو

٣- ئاتەژگای ئازەر گەشسب لەكوردستان یا ئاتروپاتن (ئازەربایگان كەتایبەتی جەنگاوەران‌و بنەماڵەی پاشایەتی بوو. ئەم ئاتەژگایە لەئاتەژگاكانی تر گرنگتر بوو پاشاكانی ساسانی لەمەدایەن تا شاری شیز یا تەختی سلێمانی ئێستا بۆ زیارەت‌و بەئەنجام گەیاندنی نەزرو مەبەستەكانی خۆیان دەڕۆیشتن ئەم ئاتەژگایە، هەنوكە ئاسەواری ئەو ئاتەژگایە ماوەتەوە. هەر بۆیە



بەهۆی ئەو ئاتەژگایە (كوردستانیان) بەئاتروپاتن یا ئازەربایگان ناو دەبرد.

ناوچەی باكووری رۆژئاواو رۆژئاوای ئێران بەچاخی كۆن‌و تەنانەت پاش ئەو سەردەمە تا سەردەمی غەزنەوی هیچ نەتەوەو رەگەزێكی تری تێدا نەبوو جگە لەنەتەوەی كورد. ئاتروپاتن هێدی هێدی بەئازەربایگان یا ئاتربایگان گۆڕاو لەگەڵ داگیركردنی ئێراندا لەلایەن عەرەبەكانەوە كەلەباتی گ. ج یان دەگوت ئەو ناوەش گۆڕا بە ئازەربایجان، عەرەبەكان بەهۆی ئەوەوە كەخەڵكی ئەو ناوچە لەڕوانگەی زمان‌و كەلتوورەوە هاوبەش بوون، ناوی كوردستانیان كەبۆ زەردەشتیەكان لەرووی ئاینییەوە گرنگ بوو بەپێویست نەدەزانی. بەڵام هاوكات لەگەڵ سەرهەڵدانی توخمی تورك وەك توخمێكی نوێ لەو ناوچەدا، لەكۆتایی دەسەڵاتی غەزنەوی‌و سەرەتای دەسەڵاتی سەلجووقی بەداگیركردنی شوێنە جۆراوجۆرەكانی ئەو ناوچە لەلایەن توركەكانەوەو دەركردنی زۆرەملێی كوردەكان شایەتی دامەزراندن‌و پێكهێنانی هەرێمی كوردستانین كەناوەندو پیتەختەكەی شاری بەهار لەپارێزگای هەمەدانی ئەوڕۆیە. ئەمە یەكەمین جار بوو كەلەدیكۆمێنتی فەرمی‌و دەوڵەتی چاخی پاشایەتی سوڵتان سەنجەر لەهەرێمی كوردستان ناوی لێبراوە. سەرەڕای ئەو خاڵانەی كەباسیان كراو گرنگی ئەو هەرێمی لەڕوانگەی ئایینەوە دەردەبڕی دەبی ئەوەش بڵێین كەوڵاتی ئاتروپاتن شوێنی لەدایكبوونی پێغەمبەری زەردەشتیان واتە زەردەشت بووە. وەك چۆن باس كرا، بەپێی

نەریتی زەردەشتی، زەردەشت لەباشووری گۆمی ورمێ لەدایك بووە، وێڕای ئەوەش ئەو ناوچە شوێنی خۆ پاك كردنەوەو خۆ چاك كردنەوە واتە دڵ كوژی بووە. بەتایبەت ناوچەی هەورامان هۆكارێكی تری گرنگایەتی هەرێمی ئاتروپاتن یان كوردستانی ئێستاكەیە. یەكێك لەمۆبدانی گەورە پیرشارلیاری زەردەشتە. پیر شارلیار كوڕی تاماسپ لەهەوراماندا لەدایك بووە.

ئاینی زەردەشتی گەشە پێداوەو بڵاویكردۆتەوە. پیر شارلیار لەهەورامانی تەختی ئەمرۆ (شاری هەورامان) ژیاوەو لەوێدا كۆچی دوایی كردووەو كتێبێك لەپیر شالیار بەجێماوە بەناوی ماریفەتوو پیرشالیاری (مەعریفەی پیر شالیر)[٤١] ئەم پەرتووكە بەگوێرەی ئەدیبان‌و نووسەران بریتییە لەچەند بەندی موسەجەع كەسەربەندی ئەم دێرەیە:

گۆشت بەواتەی پیری شالیار بۆ
هۆشت چەكیاستەی زانای سمیار بۆ
واتە گوێ بگرە بۆ وتەی پیری شالیارو بیروهۆشت سپیرەدەست دانای سیمیار

پیر شالیار لە ئامۆژگاریەكەیدا دەڵێت:

وەریوە وارۆ وەروە وەرینە
وەرێسە برێو چوار سەرێنە
كەرگێ سیاوە هێڵە چەرمینە

[41] زانستنامەی مەزدیسنا فەرهەنگی روونكردنەوەی ئاینی زەردەشتە كەد. جهانگیری ئوشیدەری نووسیویەتی‌و بڵاوكراوەی دەزگای ناوەند بڵاوی كردۆتەوە



گوشەلی مێریۆ دووە بەرینە

ئەم دوو دێرە شیعرە رەمزێكە كەتێیدا ئامۆژگاریەكی بۆ خەڵكی هەورامان بەتایبەتی‌و گەلی كورد بەگشتی تێیدایە[*] و واتای (رەواڵەتی) بەم شێوەیە كەدەڵێت: بەفریك دەباریت كەهەموو بەفریك دەتوێنێتەوە، تەنافێك (گوریس) دەپچڕێت كەچوار سەری لێ ئەبێتەوە، مریشكی رەش هێلكەكەی سپییەو گوزە دەشكێت‌و دوو دەرگای لێ دروست دەبێت.

رەنگە مەبەستی پیشالیار یەكێتی كوردان بێت كەپێی وایە ئەگەر یەكگرتوویان نەبێت وەك گوریسی پچڕاو لەت لەت دەبن و دەبن بەچوار گروپ یان وەك گوزەرو هێلكە زوو دەشكێت.

لەئامۆژگارییەكی تردا دەڵێت:

داران گیانداران، جەرگ و دل بەرگەن
گاهی پر بەرگەن گاهی بێ بەرگەن
كەرگە جەهیلە، هیل جە كەرگەن
رەواس جەرەواس وەرگ جەوەرگەن

واتە: دارودرەخت دڵ‌و گیانیان هەیە، هەندێ جار گەڵایان پێوەیە هەندێ جاریش بێ گەڵان، مریشك لەهێلكەیەو هێلكەش لەمریشك

رێوی لەرێوی پێك دێت‌و گورگیش لەگورگەوە

[*] نووسەر بەئەنقەست یان لەرووی ناشارەزاییەوە جیاوازیەك لەنێوان خەڵكی هەورامان‌و كورد رەچاو دەكات؟.! بەبرشوای وەرگێر كورد ئەك نەتەوەیەو لەو سەردەمەشدا یەك ئاینی بووە

رەنگە مەبەستی پیرشالیار ئەوە بووبێت کەژیان هیچ کاتێك ناوەستێتو بەردەوام و هەتا هەتایە. بەو جۆرەی کەلەرابردوودا بووەو ئێستاو داهاتووش هەروایە.

ئەم تێڕوانینە کەپیر شالیر مۆبدی گەورەی زەردەشتی بووەو پێش لەئاینی ئیسلام لەهەوراماندا ژیاوەو بۆ مێژوو نووسان شەكو گمانی تێدا نیە[٤٢]

بەڵام بوونی پیر شالیاری دووەم یان پیر شالیاری موسڵمان سەلمێنراوە. ئەم کەسێتیە بەبۆچوونێك لەخەودا پێغەمبەری ئیسلام دەبینێت کەبەکوڕی خۆی ناوی دەباتو ئەویش ناوی خۆی دەگۆڕێتو خۆی بەموستەفا یا سەید موستەفا ناو دباتو بانگەشەی ئاینی ئیسلام دەکات سەید موستەفا هاوچەرخی شێخ عەبدول قادری گەیلانی بووەو لەرێگای نوسیندا پەیوەندیان هەبووە. ئەوەی کەدەرکەوتووە سەید موستەفا باپیری شالیاری موسڵمان گوتەو ئامۆژگاریەکانی پیر شالیاری زەردەشتی گۆڕاوەو بەبۆچوونێکی تر بەماریفەتی پیر شالیار چووەتە وە گۆڕانکاری تێدا کردووەو ئەوەی کەدژی ئاینی ئیسلام بووە سڕیویەتەوە بەجۆرێك کەدەکرێ بڵێی ماریفەتی پیرشالیار لەنێوان هەردوو پیرشالیارەوە هاوبەشە. بەم شێوە بوونی ئەم کەسێتیانە لەهەورامانو کوردستاندا ئاماژە بەگرنگی ئەم ناوچە لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژوودایە.

---

(42) کوردو کوردستان نووسینی ئایەتوڵلا مەردۆخی



لەهەوراماندا، هەر ساڵ دو جەژن بەرێوەدەچێت کەبریتین لە:

١- مەراسیم یا جەژنی هاوسەرێتی پیر شالیار کەخەڵك ئەو جەژنە بەتوربێ و ((زەماوەندو پیری) ناو دەبەن

٢- جەژنی کۆسایی

## جەژنی هاوسەرێتی پیر شالیار:

ئەم جەژنە لە١٠ تا ١٥ ی رێبەندا بەرێوەدەچێت، لەیەکەمین چوارشەممەی رێبەندان خەڵك ئاگادار دەکرێتەوە کەرۆژی کۆتایی گرنگیەگی زۆری هەیە. لەماوەی ئەو جەژنەدا هەر خێزانێك بەپێی توانا لەکۆکردنەوەو دابینکردنی پێویستیەکانی جەژن بەشداری دەکات لەم بۆنەدا خەڵك قوربانی دەکاتو گۆشتی قوربانی دەبێ هەموو خێزانێك بگرێتەوەو هەرچەندە ئەم گۆشتەش کەم بێت دەبێ ببرێت وە بۆ ماڵ لەدوایین قۆناغی مەراسیم لەسەر گلکۆی پیر شالیار کۆدەبنەوەو بەئەنجامدانی رێورەسمی تایبەتیو دەفو لێدانو خواردنی نانی کولێرە مەژگە یا (گیتە مەژگە) کۆتای پێدێت.

سەبارەت بەوەی کەبناغەو بنەمای ئەم رێورەسمە چ بووە بەدروستی ناتوانی روونی بکەیتەوە، خەڵکی ئەم ناوچە پێیان وایەکەئەم رێو رەسمە دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەرێتی پیر شالیار لەگەڵ شازادەیەك کەبەچەند هۆیەکەوە عەقڵی خۆی لەدەست دەداتو تووشی سەریەشەیەکی سەرنجراکێش دەبێت کەپزیشکان توانای

چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشەییەیان نەبووە، باوکی بۆ چارەسەرکردنی پەنا دەباتە بەر هەموو شتێك، سەرەنجام لەکەرامەتی پیر شالیار ئاگادار دەبێتەوە. بۆیە کچەکەی دەباتە هەورامان بۆلای پیر شالیارو پەیمان دەدات ئەگەر چاك بێتەوە مارەی بکات بۆ پیر شالیار.

بەنزیکبوونەوەی شازادەو هاورێیانی بۆ لای پیر شالیار لەئازارو نەخۆشیەی شازادە کەم دەبێتەوەو بەجۆرێك کەبەدیتنی پیر شالیار بەتەواوی چاك دەبێتەوە. هەر بۆیە لەسەر پەیمانی پاشا بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێتو شازادەش بەتەواوی رازی بوونی خۆی دەردەبڕێت.

هەرچەندەش پیر شالیار هەوڵی داوە لەو پەیمانەدا پاشگەزیان بکاتەوە بەڵام بێ سوود دەبێت. لەئاکامدا خەڵك رێورەسمێك بۆ شادیو زەماوەندی پیر شالیار ساز دەکەن کەئەم رێورەسمە هەر ساڵ لەو رۆژەدا بەڕێوە دەچێتو خەڵکەکە بۆ خواردن لەگۆشتی قوربانیو کولێرە مەژگە (گێتە مەژگە) و ماست سوود وەردەگرن. هەڵبەتە هاوکاتبوونی جەژنی پیر شالیارو جەژنی سەدەی ئێران جێگای تێڕامانە.



## رێوڕەسمی کۆسایی ( هەمیشەیی )

ئەم رێوڕەسمە لە (١٠) تا (١٥)ی گوڵانی هەموو ساڵێك لە هەوراماندا بەڕێوەدەچێت واتە ئەو کاتەی سروشتی هەورامان جوانترین سیما بەخۆوە دەگرێتو خەڵکەکەشی ئامادەی کۆچکردن بۆ هەوارو خانوو باخەکان دەبن.

لە بەڕێوەبردنی ئەم جەژنە لە سەرتاسەری هەوراماندا[1] خەڵك بەشدار دەبنو بە شادیو هەڵپەڕکێو رازونیازو سەمای دەروێشی ئەرکی خۆیان بەجێدێنن. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە خەڵك بە گشتی لەو جەژنەدا یاپراخ دەخۆن، یەکێك لەو کارانەی کە خەڵك لەو جەژنەدا جێبەجێی دەکەن ئەوەیە کە هەوڵدەدەن ئەو بەردەی کە لە نزیکی گڵکۆی پیرشالیاردایە داتاشنو پارچەیەکی لێبەرنەوە بۆ ماڵ بۆ ئەوەی شیری ئاژەڵەکانیان زۆر بێتو بەرەکەتیان لێبکەوێت. ئەم بەردە نابێ بەهۆی ئاسنو چەکوشەوە بشکێت بەڵکو بە دڵنیاییەوە دەبێت بە بەردێکی تر بشکێت. سەبارەت بەم جەژنە زۆر شت وتراوە یەکێك لەو بۆچوونانە، بۆچوونی خەڵکی ناوچەکەیە کە پێیانوایە یەکێك لە رێڕەوانی پیرشالیار لە گوندێکی ترەوە هاتووەتە لای پیر تا بۆ زیادبوونی بەرهەمو بەری ئاژەڵ تەوەرك (شتێکی پیرۆز) وەرگرێت.

---

(١) مەبەست هەورامانی تەختە کەبەشێك لەسێ بەشەکەی هەورامانی گەورەیە

تۆشەی ئەو ڕێڕەوە یاپراخ بووە کە پیرشالیارو ڕێڕەوەکانی لێیدەخۆنو پاشان پیر ڕوو لە میوان دەکاتو پێدەڵێت بەردێك بەسەر بەردە پیرۆزەکە دەکاتو پارچەیەکی لێکاتەوەو بۆ تەوەرك (پیرۆزی) لەگەڵ خۆیدا ببیاتەوە، بۆیە لەو ڕۆژەوە بە دواوە خەڵك هەر ساڵە ڕێوڕەسمی کۆسایی بەجێدێنن.

هەڵبەتە دەبێ وەبیر بهێنینەوە کە کاتی بەڕێوەبردنی ئەم جەژنە (کۆسایی) لەگەڵ جەژنی گاهنباری[1] یەکەم (جەژنی نێوەڕاستی بەهار) کە تایبەتە بە نەتەوەکانی ئێرانی کۆن هاوکاتە، کە (میدیۆزەرم)یشی پێدەڵێن، بۆیە هاوکاتبوونی ئەم دوو ڕووداوە جێی تێڕامانێکی زۆرە.

[1] گاهبارو گاهنبار یەك واتایان هەیەو ئەوەش ئەو شەش ڕۆژەیە کەخوای گەورە جیهانی تێدا خولقاندووە لەسەرەتای هەر گاهنێکدا ناوێکی هەیەو لەسەرەتای هەر گاهێك جەژنێك ساز دەکەن (بورهانی قانع)
لەئیرانی کۆنداو لەئاینی زەردەشتدا پێیان وایە کەئاهورامەزدا جیهانی مادی لەشە گاهنبار پێك هێناوە کەئەم شەش گاهەنبارە لەمەزدیسنادا بەم جۆرە ئاراستە کراون ١ـ لەیەکەمین گەهەنبار میدیۆزەرم واتە لەبەهاردا ئاسمان خولقێنراوە (لەچلو پێنجەمین ڕۆژی ساڵ کەدەکەوێتە ١٠ تا ١٥ی گوڵان) ٢. لەدووەمین گەهنبار میدیۆشم واتە لەناو هاویندا ئاو خولقێنراوە کەدەکەوێتە سەو پێنجەمین ڕۆژی ساڵ واتە ٨-١٢ی پوشپەر. ٣. لەسێیەمین گەهنبار (پێتەشیم) زەوی لەسەدو پێنجەمین ڕۆژی ساڵ واتە لە٢١ تا ٢٥ی خەرمانان خولقێنراوە. ٤ـ لەچوارەمین گەهنبار (ئەیاسرم) واتە لەدوو سەدو دەهەمین ڕۆژ کەدەبێتە ٢٠ تا ٢٤ی ڕەزبەر گیا خولقێنراوە. ٥ـ لەپێنجەمین گەهنبار میدیاریم لەدووسەدو نەوەدەهەمین ڕۆژی ساڵ کەدەکەوێتە بەفرانبارەوە گیانلەبەران خولقێنراون ٦ـ لەشەشەمین گەهنبار (هەسپەتەمەدیم) واتە لەسێسەدو شەستو پێنجەمین ڕۆژی ساڵ کەدەکەوێتە ٢٥ تا ٢٩ی ڕەشەمە مرۆڤ خولقێنراوە بەگوێرەی فەرهەنگی مەزدیسنا نووسیذیـد. جیهانگیری ئەردەشیری.



## کورد لە سەردەمی ئەشکانیاندا

لە سەردەمی ئەشکانیان بەهۆی ئەوەوە ناوچەی ئاتروپاتن لە باشووری ئەرمەنستان هەڵکەوتبوو، بتەوێو نەتەوێ ڕێگەی هاتوچۆو شوێنی پێکدادانی سپای ڕومو ئەشکانی بووە، لەوانە دەکرێ بە هێرشی کەراسۆس، سەرداری ڕۆمی بۆ سەر ئێرانو شەڕی بەناوبانگی حەران لە دەوروبەری نەسیبەین[1] ئاماژە بکرێت کە بەهۆی سورن سەرکردەی ئەشکانیەکان سەرکوت کرا. هەروا دەکرێ بە هێرشی ئانتۆنیۆس (ئانتوان)[2] ئەمپراتۆری گەورەی ڕۆم ئاماژە بکرێت کە شوێنی هێرشەکەی ناوچەی ئاتوپاتن (کوردستان) بووە. کاتێك کە ئۆرۆد پاشای ئەشکانی بەهۆی کاریگەری کوژرانی پاکوی کوڕی (٣٧ پ.م) لە شەڕ دژی ڕۆمیان لە وڵاتی شامدا بە جۆرێك ناهومێد بوو کە وازی لە پاشایەتی هێنا بە ڕادەیەك کە بە بێ هەڵسەنگاندنێکی دروست، کوڕە گەورەکەی بە ناوی فەرهادی چوارەم بۆ پاشایتی هەڵبژارد.

فەرهاد لەبەر پاراستنی دەسەڵاتەکەیو بە دەرکردنی ڕەقیبانو ڕێگری لە دووبارە بە دەسەڵات گەیشتنی باوكو براکانی، هەم ئەوانی کوشتو هەم بەرپرسانو گەورەکانی ئەشکانی کە

[1] نەسیبەین شارێك بووە بەینەلنەهرەین لەسەر ڕێگای موسڵ بۆ شام. فەرهەنگی موعین
[2] ناوی جوگرافی وڵاتی ئاترۆپاتن، نووسینی مینۆرسکی وەرگێرانی روقیە بارامی

دەیانویست فەرهاد لەو کارە پاشگەز بکەنەوە لە ناوبرد. یەکێك لە گەورەکانی ئەشکانی بە ناوی (مونەرس) کە لە ستەمی فەرهادی چوارەم گیرۆدە ببوو هەڵهاتو پەنای برد بۆ ئەمپراتۆری رۆم. مۆنەرەس، ئانتوانی لە هەلومەرجی ئێرانو ناڕەزایەتی گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە ئاگادا کردەوەو هانی دا هێرش بباتە سەر ئەو وڵاتە. ئانتوان سپایەکی ئامادە کردو لە رێگەی ئەرمەنستانو کوردستانەوە هێرشی بردە سەر وڵاتی ئێران[١].

لەم کاتەدا، ئارتا وازود، دەسەڵاتداری ئەرمەنستان کە لەلایەن ئەشکانیانەوە پشتگیری لێدەکراو لە ژێر فەرمانی ئەواندا بوو لە رووی ناچارییەوە دەبێ بەهاوپەیمانی سوپای ڕۆم، لەگەڵ ئەو سوپایەدا هێرش دەباتە سەر وڵاتی ئێرانو شاری پراسپە، کە یەکێك لە شارە گرنگەکانی ناوەندی ئاتروپاتن بوو گەمارۆ دەدەن.

فەرهادی چوارەم دەچێتە هانای گەمارۆدراوانو سوپای رۆم ناچار بە پاشەکشە دەکاتو بەشێوەیەکی دڵتەزێنو خراپ لەڕێگەی چیاکانی زاگرۆسو ئاراراتەوە خۆی دەگەیەنێتە ئەرمەنستان[٤٣].

(١) پارتیان، نووسینی مالکۆم کالج، وەرگێرانی مەسعود رەجەبنیا

٤٣ هەمان سەرچاوە.



## کورد لە سەردەمی ساسانیاندا

لە سەردەمی ساسانیاندا کوردستان لە دوو لاوە گرنگی پێدەدرا، یەکەم بەهۆی بوونی ئاتەژگای گەورەو گرنگی ئازەرگەسب (کە لە لاپەڕەکانی پێشووتر باسی لێکرا) ئەم وڵاتە بەهۆی ئەوەوە شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت بوو بەردەوام بۆ زانایانی ئایینی گرنگی هەبوو. دووەم دەراوسێتی کوردستان لەگەڵ ئەرمەنستانو هەروەها بوونی ئیمپراتۆری رۆم لەو سەردەمەدا ببووە هۆی ئەوەی کە ئەم ناوچە هەم بۆ بەرپرسانو فەرمانڕەواکانی رۆمو هەم پاشاکانی ساسانی گرنگییەکی زۆری هەبێت.

لە سەردەمی ساسانییەکاندا، کورد هەلومەرجێکی تایبەتی لەلایەن حکومەتەوە بۆ دەرەخسێت. رەنگە ئەمە یەکێك لە هۆکارەکانی، دۆستایەتی ئەردەشیر بووبێت لەگەڵ کوردەکاندا، بە جۆرێك کە ئیبنی ئەسیر دەڵێت دایکی ئەردەشیر لە کوردەکانی بازرنگی بووە[٤٤].

بەڵام بەم پێیەش، کوردەکان لە سەرەتای پاشایەتی ئەردەشیردا رادەپەڕن کە ئەردەشیریش بۆ سەرکوتی ئەوان بە سپایەکەوە بەرەو

٤٤ بنەمای کۆمەڵایەتیو کۆمەڵناسی عێلو عەشایەر نووسینی دوکتۆر حشمەتوڵا تەبیبی بڵاوکردنەوەی زانکۆی تاران. ساسانیش کە باپیری ئەردەشیرە، لە گەورەترین پاشماوەی هۆزی (مۆگەکانی) مادی-یە واتە ساسانیەکان لە هەردوو سەرەوە، کوردن.

ئاتروپاتن دەڕوات‌و شۆڕشی کوردەکان سەرکوت دەکات. بەم پێیە، کوردەکان ڕێزو متمانەیەکی تایبەتیان لە نێو لەشکری ساسانیاندا هەبووە.

بەشێوەیەك کە لە فارسنامەی ئیبنی بەڵخی ئاماژەی پێکراوەو دەڵێت: (کوردەکان کەسانی ئازادو بەرجەستەی نێو ریزەکانی لەشکری ساسانیان بوون‌و ئەو شکۆو گەورەیەی ئەوان لەنێو سوپای فارسدا ئاکامی بەشداری ئەو کوردانە بوو کە زۆر تێکۆشەر بوون‌و گەلێك لەوان لە شەڕەکانی سەردەمی ئیسلام کوژران‌و ئێستا لەجیهاندا ئاوارەن.

لە سەردەمی ساسانیاندا، کوردستان (ئاتروپات) شوێنی شەڕو پێکدادانی ڕۆم‌و ئێران بوو، بە جۆرێك کە لە چاخی شاپووری یەکەمدا، سوپای ڕۆم لە ئاراستەی ئەرمەنستانەوە هێز دێنێتە سەر ئێران‌و ئاتروپاتن دەخاتە بەر مەترسییەوە.

شاپوور بە شکستدانی ڕۆمیەکان شاری کوردنشینی نەسیبەین کۆنترۆڵ دەکات.

کوردستان شوێنی هاتوچۆی ئەو کاروانچیە زۆرانە بوو کە لە مەداینەوە بۆ شوێنە دوورەکانی ئەمپراتۆری ئێران‌و دەرو جەیرانی ئەو وڵاتە دەڕۆشتن، بە جۆرێك کە خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگ، هیرتسفیلد، کرماشان‌و ناوچەی تاقەوسان کە لەوێدا هەڵکەوتووە وەك دەروازەی ئاسیا ناو دەبات[٤٥].

٤٥ ئێران لە سەردەمی ساسانیاندا نووسینی پرۆفیسۆر ئارتور کریستن سن وەرگێڕانی روحم پیکراو رەشیدی یاسمی.



بۆ باسکردن لە گرنگیی ئەو ناوچە هەر ئەمە بەسە، کە پاشاکانی ساسانی لەوانە ئەردەشیری دووەم‌و شاپووری یەکەم‌و شاپووری سێیەم‌و...... شوێنەوارێکیان لە تاقەوسان لێماوەتەوە.

ئیمپراتۆری ڕۆم‌و عیسایەکانی ئەرمەنستان بڕیاریان ئەوە بوو کە لە سەردەمی ساسانیاندا ئاتروپاتن (کوردستان) لەگەڵ ئایینی مەسیحی نزیك بکەنەوەو ئەو ناوچەیە بکەن بە شوێنی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی.

بە جۆرێك کە کریستن سن مێژوونووسی گەورە لە کتێبی ئێران لە سەردەمی ساسانیاندا دەڵێت:

پاش ئەربیل (هەولێر) شاری کەرکوك کە بە (کەرخای یابەین سلۆخ) ناویان بردووە، وا دیارە کە ناوەندو پەناگەی مەسیحیان لە ڕۆژهەڵات بووە[٤٦].

کێشەی ئایینی نێوان زەردەشتیان‌و مەسیحیان بووە هۆی شەڕە یەك لە دوای یەکەکانی سەردەمی ساسانیان کە ناوەندی ئەم شەڕو پێکدادانە ئەرمەنستان‌و بەدوای ئەودا کوردستان بوو.

هەندێك لە پاشاکانی ساسانی بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نێوان ڕۆم‌و ئێران ئازادی جۆراوجۆریان بەخشی بە مەسیحیان، بە شێوەیەك کە لە سەردەمی یەزگەردی یەکەم کۆڕێك لە مەسیحیان بە سەرۆکایەتی مارۆسا، قەشەی مەیافرقین‌و[٤٧] ئیسحاق ئوسقوفی

٤٦ کەرکووکی ئەمڕۆ.

٤٧ مەیافرقین: شارێکە لە بەینەلنەهرەین (عێراقی ئەمڕۆ) نزیکی دیار بەکر کە هەندێ کەس هۆی دروستکردنی بیناکەی دەگێڕنەوە بۆ ئەنەوشیرەوانی ساسانی، بەڵام بە

سلۆکییە وتیسفون پێکهات. تا کاروباری پەیوەندیدار بە مەسیحیان چارەسەر بکات، دەرەنجامی لێکۆڵینەوەو دیالۆکی ئەم کۆڕە زۆر سەرنجڕاکێشەو لە توێژینەوەی ئەم دەرەنجامانە بۆمان دەردەکەوێت کە کوردستان تا چ رادەیەك گرنگیی هەبووە. بە جۆرێك کە لەسەر بنەمای یەکێك لە دابەشکردنەکانی ئەم کۆڕە قەشەی سلوکیەو تیسفۆن کە وەك ئالیکاری گەورە یا چاسلیقی[٤٨] تەواوی مەسیحیانی ئێران بە ئەژمار دەهات‌و قەشە کەشکەری بە خزمەتکاری ئایینی خۆی دەناسی‌و پێنج مەترانی[٤٩] لە ناوچەکانی خوارەوە دانا کە بریتی بوون لە:

١) لە بەیت لاپت (گوندی شاپوور)ی خوزستان.
٢) لە نەسیبەین.
٣) پرات میشانی مسن (مەسن).
٤) ئەربیل (هەولێر).
٥) کەرخابی بەیت سلوخ (کەرکوك)[٥٠].

روالەت پێکهاتەیەکی رۆمی هەیە. یاقووت تەمەنی ئەو بینا دەگێڕێتەوە بۆ چاخی تیودوسیوس مەقدەسی لە سەدەی چوارەم بە چاکی لەو شارە یاد دەکاتەوەو دەڵێت دیوارێکی بەردی قوڕچدار چاڵێکی قووڵی هەیە. ناسر خەسرەو کە لە ساڵی ٤٣٨ی ك.م چاوی پێکەوتووە بە گەورەیی‌و چاکی ناوی لێبردووە، ئەم شارە تا سەردەمی هەشتەم بەهۆی هێرشی مەغوولەوە ناوبانگ‌و گرنگی هەبووە، فەرهەنگی موعین.

[٤٨] مەهتەر (گەورەی) تەرسایان، یەکێك لە پلەوپایەکانی مەلا مەسیحییەکانە. فەرهەنگی موعین.

[٤٩] مەتران، پلەوپایەیەکی رۆحانییە لە ئایینی مەسیح، هەمبانە بۆرینە، نووسینی هەژار.

[٥٠] مێژووی ئێران لە سەردەمی ساسانیاندا، نووسینی پرۆفیسۆر ئارتۆر کرستین سن وەرگێڕانی رەشید یاسمی.



لەسەر بنەمای دابەشکردنی سەرەوە، سێ ناوچە لە ناوچەکانی رەچاوکراوی (کۆڕی کوردستان) بووو ئەمەش گرنگی ئەم ناوچەیە پتر دەردەخات.

لە سەردەمی خەسرەو پەروێزیش کوردستان بە تەواوی بوو بە شوێنی رمبازێنی سپای ساسانی‌و رۆمیەکان چ ئەو کاتەی کە خەسرەو پەروێز لەگەڵ بارامی چوبین بەشەڕ هاتبوو، چونکە بارام لە ئاترۆپاتن حکومەتی بەدەستەوە بوو، چ کاتێك کە خەسرەو پەروێز بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوەی مۆریس ئەمپراتۆری رۆم کە باوکی ژنەکەشی بوو هێرش دەباتە سەر ئەو وڵاتەو پاش سەرکەوتنە سەرەتاییەکان بەهۆی هەندێ کاری هەڵەی ئەوەوە سپای ئێران شکست دەخوات‌و هەرقەل دەتوانێت ئاترۆپاتن داگیرو ئاتەژگای ئازەرگەشسپ بڕووخێنێت. گەلی گورد بەم شەڕانەدا گورزێکی کوشندەی بەرکەوت. بە لەبەرچاوگرتنی دەستکاری ئایینی مەسیحەوە لەلایەن زانایانی زەردەشتیەوەو بینینی ستەمکاریەکانی پاشاکان‌و گەورەکانی ساسانی. نە تەنیا کوردەکان بەڵکو خەڵکی ئێران بە گشتی کەم کەم لە ساسانیان دوور کەوتنەوە. بە جۆرێك کە لە کۆتایی حکومەتی ساسانیدا، شایەتی چەندین سەرهەڵدان دژی ئەو دەسەڵاتە لەلایەن کوردەکانەوەین بە شێوەیەك کە خەڵکی شارەزوور لە سەردەمی یەزگەردی سێیەم رادەپەڕن. هەڵبەتە مێژوونووسان، رۆمییەکانیان بە هۆکاری ئەم سەرهەڵداوانە زانیوە، کە ویستوویانە خەڵك لە ئایینی زەردەشتی دوور بخەنەوەو ئایینی مەسیحیەت لەجێی

ئەودا دابنێن. هەڵبەتە ئەم کێشانە هاوکات لەگەڵ داگیرکردنی مەداین لەلایەن موسڵمانانەوە سەریان هەڵداوە، بەم جۆرە یەزگرد فەرماندەی بەناوبانگی خۆی بە ناوی پاو کوڕی کیۆس‌و برای ئەنەوشیرەوان کوڕی قوباد پاشای ساسانی لەگەڵ سپایەکی شیاو بۆ سەرکوتی شۆڕش بەڕێدەخات. پاو، ئەو شۆڕشانە سەرکوت دەکات بەڵام بەهۆی نزیکی سپای ئیسلام شارەزوور بەجێدێڵێت‌و بەرەو هەورامان بەڕێدەکەوێت[51].

پاو لە شوێنێك کە ئێستا شاری پاوەیە‌و لەو کاتەدا گوندێکی چکۆلانە بووە‌و شەو دەمێنێتەوە‌و پشوو دەدات‌و لەلایەن خەڵکی پاوەوە ڕێزی لێدەگیرێت، پاو لەو شوێنەدا ئاتەژگایەك دروست دەکات‌و خەڵکەکەش بە خۆشیی ئەوەوە ناوچەکە ناو دەنێن پاو.

ئەو چیایە کە ئاتەژگای لێبووە لەو کاتەوە تا ئێستا ئاتەژگا ناوبراوە. پاو کە لە مەبەستی ڕۆشتنی یەزگرد بۆ خوراسان ئاگادار دەبێت خێری خۆی دەگەیەنێتە ئەسفەهان‌و هەوڵ دەدات کە یەزگرد لەو کارە پاشگەز بکاتەوە بۆیە ئامۆژگاریی دەکات کە چیاکانی کوردستان باشترین شوێن بۆ بەرگریکردن‌و بەرەنگاری دژی عەرەبەکانە.

بەڵام یاریدەدەران‌و کەسانی نزیکی یەزگرد لەو دەربارەوە، یەزگردیان بەوە هان دەدا کە گوایا پاو مەبەستی پیلانگێڕییە دژی ئەو. یەزگردیش بەهۆی ئەوەوە کە لێزانی‌و لێهاتوویەکی ئەوتۆی

[51] کوردو کوردستان، نووسینی ئایەتوڵڵا مەردوخ.



نەبووە لە ژێر کاریگەری یاریدەدەران‌و دەربارەیانەوە هەڕەشە لە پاو دەکات بەڵام بەهۆی نزیکی سپای ئیسلامەوە ئەم بڕیارە بۆ کاتێکی تر دوا دەخات. پاو لەو مەسەلەیە دڵگیر دەبێت‌و هەڵدێت بۆ تەبەرستان (مازیندرانی ئێستا).

یەزگرد بەرەو خوراسان دەڕوات‌و لە شاری مەرودا (مەرفدا) دەکوژرێت‌و ئەم کارەش دەبێتە هۆی ئەوە کە سپای ئیسلام بە ئاسانی شارەزوورو ناوچەکانی تری کوردستان داگیر بکات.

هەڵبەتە بە ڕای هەندێ لەمێژوونووسان گەلی کورد بەدیتنی یەکسانی‌و دادپەروەری ئیسلام بە ئارەزووی خۆیان ئیسلام دێنن، بەڵام ئاشکرایە کە هێرشی نەتەوەیەك یان وڵاتێکی بێگانە بۆ وڵات‌و دەوڵەتێکی تر هەرچەند کە ستەمکاریش بێت هەمیشە کوشتن‌و خوێنڕێژی لەگەڵدا بووە.

سوپای ئیسلام لە کوردستاندا بەرەو ڕووی بەرەنگاری گەلی کورد دەبێتەوە‌و ئەم ڕووبەڕووبوونەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە عەرەبەکان ژمارەیەکی نادیار لە کوردەکان بکوژن‌و ژن‌و منداڵەکانیشیان بە دیل بگرن. هێرشی عەرەبەکان، شەڕ، سەرکەوتن‌و کوشتن‌و داگیرکاریان لە کوردستاندا، بەهۆی شاعیرێکەوە لەو سەردەمەدا دەهۆنرێتەوە[52].

[52] لە دەیەمی سێدا پێستێك لە سلێمانیدا دۆزرایەوە کە ئەم شێوانەی بە خەتی پالەوی لەسەر نووسرابوو، بە ڕواڵەت دەبن ئەم شیعوانە بە سەرەتای هێرشی عەرەبەکان بۆ وڵاتی ئێران پەیوەندییان هەبێت.: کوردو کوردستان، نووسینی درك کنیان، وەرگێڕانی ئیبرایمی یۆنسی.

١) هۆر مزگان رمان ئاتران کوژان          وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان
٢) زۆر کاری ئارب کردنە خاپور          گنایی پاڵە هەتا شارەزوور
٣) شەن‌و کەنیکاوە دیل بیشینا          مەرد ئازاتلی ژ رووی هوینا
٤) رەوشتی زەردەشت مانووە بێ کەس          بزیکا نیکا (هورنرد) وە هیچ کەس*

واتە: ئاتەژگاکان وێران‌و ئاگرەکان خامۆش بوون، گەورەکان خۆیان شاردەوەو عەرەبی ستەمکار تەواوی گوندەکانیان تا شارەزووور لەناوبرد. ژنان‌و کچانیان بە دیلی بردو پیاوە ئازاکان لە خوێنی خۆیاندا دەتلانەوەو رێ‌و رێچکەی زەردەشت بێ کەس مایەوەو لە ئاکامدا ئەهورامەزدا بە هیچ کەس بەزەیی ناکات.

* لەسەر بنەمای کتێبی مێژووی کوردو کوردستان، نووسینی بابا مەردوخ‌و کتێبی کوردو پەیوەندیی رەگەزی ئەو، نووسینی رەشید یاسمی.



## کوردو کوردستان لە سەردەمی ئیسلامدا

بە سەرهەڵدانی ئیسلام لە عەرەبستاندا سەردەمێکی نوێ لە مێژووی وڵاتانێك کە پاشتر بەهۆی موسڵمانانەوە داگیر کران هاتە ئاراوە، کە مێژووی ئەم وڵاتانە تا ئێستاش لە ژێر کاریگەری ئەودایە، لەوانە وڵاتی ئێران‌و دواتر هەرێمی کوردستان.

زۆرینەی خەڵکی کوردستان (ئاتروپاتن) وەك ئێرانییەکان زەردەشتی بوون‌و هەروەها کە پێشتر ئاماژە کرا تەنانەت کوردستان یەکێك لە ناوەندە گرنگەکانی زەردەشتیان بە ئەژمار دەهات. ئەم خەڵکە هەروا کە باس کرا لە بەرامبەر عەرەبەکانەوە خۆڕاگریان کرد بەڵام دواجار بە ئارەزووی خۆیان ئایینی ئیسلامیان قەبووڵ کرد.

بەر لە هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر ئێران‌و کوردستان موسڵمانان لەگەڵ کورددا ئاشنایەتییان هەبووە بە جۆرێك کە یەکێك لە هەواڵانی پێغەمبەر کورد بووەو مێژوونووسان بە کابانی کوردی ناویان بردووەو لە شاری مەککەدا لەگەڵ پەیغەمبەردا ئاشنا بووە[٥٣].

[٥٣] کوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا، حەسەن مەحموود حەمە کەریم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی رۆشنبیری سلێمانی.

کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتی حەزرەتی عومەر، وەك باقی ناوچەکانی تری ئێران داگیر کرا، عیاز بنی غەنم لەلایەن سەعد بنی وەقاسەوە بە سپایەکەوە ئەرکی داگیرکردنی کوردستانی پێسپێردرا[٥٤]. ئەو توانی لە ساڵی ١٨ی کۆچی شارەکانی رەها، نەسیبەین، ماردین‌و دیاربەکر داگیر بکات، سێ ساڵ دواتر فەرماندەیەك بە ناوی عوتبە بنی فرقە السلمی شارەزووری داگیرکرد[٥٥].

پاشان کەم کەم زۆربەی ناوچەکانی ئاتروپاتن لەلایەن موسڵمانانەوە داگیر کرا بە پێچەوانەی بیروڕای هەندێ لە مێژوونووسان[٥٦] کوردەکان لە بەرامبەر سپای ئیسلامدا خۆڕاگری دەکەن‌و لە نێو سپای ساسانیدا دژی عەرەبەکان رادەوەستن. بوونی گڵکۆو مەزاری جۆراوجۆر بە ناوی گۆڕی سەحابە (هاوالان‌و شەڕکەرانی) سەرەتای ئیسلام لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا نموونەی ئاشکرای ئەم بۆچوونانەیە. بۆ وێنە دەکرێ لە بوونی مەزاری موراد ئەنساری لە گوندی ئارندان یا چیای ئەبوو عوبەیدە لە شارەزوور ناو ببرێت کە لەوێدا ئەوبو عوبەیدەی ئەنساری

---

[٥٤] کوردو پەیوەندی رەگەزی‌و مێژوویی، نووسینی رەشید یاسمی.
[٥٥] لێکوڵینەوەیەك سەبارەت بە کوردو کوردستان، محەمەد ئەمین زەکی.
[٥٦] بە بیروڕای نووسەری کتێبی، لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامدا، واتە بەڕێز حەسەن مەحموود حەمە کەریم، کوردەکان هیچ جۆرە بەرەنگاری‌و خۆڕاگرییان لە بەرامبەر سپای ئیسلامدا پیشان نەداو تەنانەت ساسانییەکانیش لەم بارەیەوە یارمەتیان نەدان.



شەهید بووەو لەو کاتەوە تا ئێستا لەبەر ئەوەی لەو چیایەدا نێژراوە چیای ئەبوو عوبەیدە ناو نراوە[٥٧].

لە سەردەمی دەسەڵاتی حەزرەتی عەلی، کوردەکان لە راپەڕین‌و شۆڕشی ئەلحەزین کە لە دەوروبەری ئاوازو فارسدا سەری هەڵدابوو بەشداری دەکەن، بەڵام عەرەبەکان بە توندی سەرکوتیان دەکەن[٥٨]. ئەم بەڵگانەو زۆرێك لەرووداوەکانی تر دەربڕی ئەم پرسەن کە کورد نەیتوانیوە بە ئاسانی لە بیروڕای ئایینی زەردەشت دەست هەڵبگرێت لە کاتێکدا کوردستان لانکی زەردەشت‌و ئایینی زەردەشتی بووەو کتێبی ئاڤێستا بە زمانی کوردی نووسراوە.

کورد لە سەردەمێکدا ئیسلامی پەسەند کرد کە یەکسانی‌و دادپەروەری ئەو ئایینەی چاو پێکەوت‌و پێی وابوو ئەم ئایینە، لە ئایینەکانی تر چاکترە.

---

[٥٧] تیروس کوردو کوردستان، ئایەتوڵڵا مەردوخ.
[٥٨] کورد لە زانستنامەی ئیسلامی، نووسینی حەبیوڵڵا تابانی.

## کورد لە سەردەمی ئەمەویاندا :

کوردەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی بەنی ئومەیەدا بەهۆی سیاسەتی سووکایەتی و جیاوازی دانانی ئەمەویان نە تەنیا لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا بەڵکو لەگەڵ عەرەبدا بە گشتی دژایەتیان دەکردو وەك هێزێکی داگیرکەری وڵاتی ئێران لە بەرامبەریاندا رادەپەڕین، بە جۆرێك کە موختاری سەقەفی توانیبووی حکومەتی عێراق و کوفە بگرێتە دەست و وەك دەسەڵاتداری ئاترۆپاتن و ئەرمەنستان دەناسرا، لە ساڵی ٦٦ کۆچی راپەڕینی کوردەکان لەو ناوچەیەدا بە توندی سەرکوت دەکات[٥٩].

## کورد لە سەردەمی دەسەڵاتی عەباسیاندا :

کوردەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی عەباسیاندا زۆر جار بۆ وەدیهێنانی مافەکانیان رادەپەڕن بە جۆرێك کە لە سەردەمی دەسەڵاتی موعتەسەم (٣٢٥ کۆچی) کوردەکان بە سەرکردایەتی جافری کوڕی فەهەر جەبیس لە ناوچەی موسڵدا رادەپەڕن و ترسێکی سەیر لە نێو سپای عەباسیدا دروست دەکەن. بە

[٥٩] کورد لە زانستنامەی ئیسلامیدا، وەرگێڕانی فەتاح فەلاح، نووسینی دەستەیەك لە خۆرهەڵاتناسان.



چەشنێك کە خەلیفە سپایەك بە فەرماندەیی ئیستیاخی تورك پڕچەك و ئامادە دەکات بۆ شەڕ دژی ئەو کوردە بەشەرەفە. لە ئاکامدا جافر لەم شەڕەدا دەدۆڕێت و بە کوژرانی ئەو سەرهەڵدان و شۆڕشی کوردەکانیش سەرکوت دەکرێت[٦٠].

## کورد لە سەردەمی دەیلەمیاندا

(بنەماڵەی زیارو بنەماڵەی بوویە)

لە ساڵی ٣١٤ کۆچی کەسێك لە ناوچەی (هەرێمی کوردستاندا) رادەپەڕێت و ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتی ئەو هەرێمە دەگرێتە دەست، ئەم دەسەڵاتدارە ئەگەر زانیارییەکی زۆرتری هەبوایا بە دڵنیاییەوە حکومەتێکی بەهێزتری لە حکومەتەکانی هاوچەرخی خۆی لە سەردەمی عەباسیاندا پێکدەهێنا. ئەم کەسایەتییە (دەیسم)ی کوردی، کوڕی ئیبرایم بوو کە ئاڵای سەربەخۆی لە بەرامبەر حکومەتی عەباسی و بوویەدا بەرز کردبووەوە.

ئیبنی مەسکویە سەبارەت بە دەیسم دەنووسێت: دەیسم کوڕی ئیبرایمە، ئیبرایم لە لادەران (خەوارج) بوو کە بە هاوڕێتیی یەکێك لە لادەران بە ناوی هاروون رادەپەڕێت. پاش سەرکوتی هاروونی (خارجی)، ئیبرایم پەنا دەباتە کوردەکانی ئازەربایجان و کچی

[٦٠] ئەلکامیل، بەرگی شەشەم بەگوێرەی کتێبی کورد لە زانستنامەی ئیسلامی، نووسینی گروپێك لە خۆرهەڵاتناسان، وەرگێڕانی ئیسماعیل فەتاح فەلاح، بڵاوکردنەوەی دەزگای سەلاحەدینی ئەیوبی.

یەکێك لە گەورەکانی ئەو وڵاتە مارە دەکات کە ئاکامی ئەو هاوسەرییەتییە لەدایکبوونی دەیسمە[٦١].

لەم سەردەمەدا زۆرینەی خەڵکی ئازەربایجان[٦٢] (کوردستان) کورد بوونەو، دەیسم بە پاڵپشتی ئەوان دەیتوانی بێ بەربەست سەرهەڵدانێکی گەورەو حکومەتێکی بەهێز پێکبێنێت.

ئیبنی مەسکۆیە مێژووی دەسپێکی شەڕەکانی دەیسم لەدژی دوژمنانی ساڵی (٣٢٦ ك.م) دیاری دەکات، بە جەشنێك کە لەم ساڵەدا بەگوێرەی ئیبنی مەسکۆیە دەیسم تووشی شەڕو پێکدادان لەگەڵ کەسێك بە ناوی لەشکری دەبێتەوە.

لەشکری یەکێك لە فەرماندەکانی سپای مەرداویج بووە کە پاش مەرگی مەرداویج لەگەڵ وەشمگیری برای پەیمان تازە دەکاتەوەو دواتریش بە هێزێکەوە کە وەشمگیر بۆی ئامادە دەکات بڕیار دەدات هێرش بکاتە سەر ئازەربایجان (کوردستان)و لەگەڵ دەیسمدا بێتە شەڕەوە، دەیسم کە پێگەو ناوەندی حکومەتەکەی ئەربیل دەبێت لە سپای لەشکری شکست دەخوات‌و پەنا دەباتە شاخ، لەم کاتەدا لەشکری داوای سەربەخۆیی دەکات‌و دژی وەشمگیر رادەوەستێت. ئەم رووداوە وەشمگیر زۆر نیگەران دەکات‌و دەیسم لەم هەلە سوود وەردەگرێت‌و بە وەشمگیر پەنا

---

[٦١] شالیارانی نەناسراو، نووسینی ئەحمەدی کەسرەوی.

[٦٢] پاش ئیسلام وشەی ئاتروپاتن کە بە ناوچەکانی رۆژئاواو باکووری رۆژئاوای وڵاتی ئێران دەوترا، گۆڕانکاری بەسەردا هات‌و ئاتر گۆڕدرا بە ئازەرو ئەو ناوچانە بە ئازەربایجان ناو براون چونکە عەرەب نەیدەتوانی وشەی (گ) بڵێتەوە ئازەربایگانیان، ئازەربایجان دەخوێندرایەوە.



دەبات، وەشمگیریش بۆ تۆڵەسەندنەوەو پەندوەرگرتنی لەشکری سپایەك بۆ دەیسم ئامادە دەکات‌و بەرەو ئازەربایجان (کوردستان) هانی دەدات.

دەیسم بەم چەشنە جارێکی تر بە هێزو دەسەڵاتی زۆرەوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان‌و بەسەر لەشکری کە هیچ پێگەو پشتگیرییەکی جەماوەری لە نێو کورداندا نەبووە زاڵ دەبێت‌و دووبارە دەسەڵات دەگرێتەوە دەست. لە ئاکامی ئەو شکستەدا لەشکری پەنا دەباتە هۆزی عەرەبی حەمدانی لە موسڵدا.

بە لەبەرچاوگرتنی شەڕی وەشمگیر لەگەڵ ئالی بوویەو سامانیانداو لاوازی دەسەڵاتی ئالی زیار لەو سەردەمەدا، دەیسم بە سوود وەرگرتن لەو دەرفەتە ئەو بەڵێن‌و پەیمانەی کە دابووی بە ئالی زیار پشتگوێ دەخات‌و بانگەشەی سەربەخۆیی بەرز دەکاتەوە.

لەو چاخەدا ناوچەکانی رۆژئاوای ئێران تووشی بشێوی‌و ئاڵۆزیی تایبەت ببوون‌و دەسەڵاتێکی بەهێز لەو ناوەدا بوونی نەبوو. فەرماندە ناوچەییەکان بۆ سەر ناوچەکانی یەکتر دەستدرێژییان دەکرد. بە شێوەیەك کە هاوکات لەگەڵ حکومەتی دەیسم، حاکمی تارۆم بە ناوی مەرزەبان لە بشێوی‌و ئاڵۆزیی دۆخی وڵات سوود وەردەگرێت‌و بەهۆی هاندانی ئەبول قاسم عەلی، وەزیری دەیسم کە لە ترسی دەیسم لێی خانەگومان ببوو پەنا دەباتە مەزرەبان‌و پاشان هێرش دەباتە سەر وڵاتی ئازەربایگان.

مەرزەبان توانی لە چەندین قۆناغی شەڕدا بەسەر دەیسمدا سەرکەوێت و بەهۆی خۆڕاگری دلێرانەو ئازایانەی کوردەکان ئەردەویل کە ناوەندی حکومەتی دەیسم بوو داگیر بکات. لەوسەروبەندەدا کە دەیسم خۆی تەسلیمی مەرزەبان دەکاتەوە مەرزەبان ویستوویەتی لەگەڵ سپای روکنولدەولەی دەیلەمی بەشەڕ بێت. بۆیە سپایەك لە کوردەکانی ئازەربایگان (کوردستان) ئامادە دەکات و دەچێتە شەڕی روکنولدەولە. روکنولدەولەش بە پشتگیریو یارمەتیی هێزێك کە لەلایەن (معز الدولە)ی برای بۆی بەڕێ کرابوو توانی مەرزەبان شکست بدات و وێڕای بە دیلگرتنی لە قەڵای سەمیرۆم هەڵکەوتوو لە شاری سەمیرۆمی ئێستا زیندانی بکات.

ئەم کارە بووە هۆی ئەوە کە دەیسم دیسان دەسەڵات بگرێتەوە دەست و ماوەیەك لەو دەسەڵاتەدا بەردەوام بێت. بەڵام بەهۆی هەڵهاتنی مەرزەبان لە قەڵای سەمیرۆم و هاتنی سپایەك لە تارۆم بۆ یارمەتیی مەرزەبان دەیسم دەترسێ و پەنا دەباتە (معز الدولە) لە بەغداد. گرێبەستی پەیمانی ئاشتیو دۆستایەتی نێوان مەرزەبان و ئالی بوویەو سپاردنی حکومەتی ئەرمەنستان و ئازەربایجان بە مەرزەبان لەلایەن ئالی بوویە دەبێتە هۆی ئەوە کە دەیسم بڕیاری بەجێهێشتنی بەغداد بدات و بچێتە موسڵ لای حەمدانییەکان. دەیسم بە یارمەتیی سەیفەلدەولە حاکمی حەمدانی شاری حەلەب سپایەك ئامادە دەکات و بۆ جارێکی تر لەگەڵ مەرزەباندا بەشەڕ



دێت کە ئەم جارە مەرزەبان پاش شکستدانی دەیسم بە دیلی دەیگرێت و کوێری دەکات و دواتر دەیکوژێت[٦٣].

## لێکدانەوەو را پەڕینی مەرزەبان و بنیاتنانی حکومەتی سالاریە:

مەرزەبان (کوڕی حەملان و محەممەد) لە هۆزی رەوادی بوو کە توانی بە شێوەیەك کە پێشتر باس کرا بەسەر دەیسمدا سەرکەوێت، مەرزەبان بەهۆی ئەوەوە کە خۆی کورد بوو لای کوردەکانەوە رێزێکی زۆری لێگیراوەو هەروا کە باس کرا پاش زاڵبوون بەسەر دەیسمدا لەگەڵ روکنولدەولەی دەیلەمی بەشەڕ دێت و لەو شەڕەدا شکست دەخوات و پاشان لە قەڵای سەمیرۆم بە دیل دەگیرێت.

لەو کاتەدا کە بەرێوەبەری دژ یا بە واتایەکی تر سەرۆکی قەڵای شیر ئەسفار دەبێت مەرزەبان هەوڵ دەدات کە دژی روکنولدەولە هانی بدات بەڵام ئەم هەوڵە کاریگەری ناخاتە سەر شیر ئەسفار. بۆیە مەرزەبان لەو کاتەدا مان دەگرێت و هیچ خواردنێك ناخوات بێجگە نانی گەنم. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە روکنولدەولە لە مەسەلەکە ئاگا ببێتەوەو فەرمان بدات چێشتکەرێکی تایبەتی مەرزەبان بچێتە ناو قەڵاکەوە، ئەو چێشتکەرە کە لەلایەن

---

[٦٣] بابەتی پەیوەندیدار بە دەیسمی کورد بە کتێبی شالیارانی بێ ناونیشان نووسینی ئەحمەدی کەسرەویو کتێبی کوردو کوردستان نووسینی محەممەد ئەمین زەکی، وەرگێڕاوە.

خەراسۆیە، دایکی مەرزەبان، هاند بدرێت بۆ ئازادکردنی مەرزەبان بەڵام بەهۆی نەزانییەوە دەکەوێتە داوی شیر ئەسفارەوەو ئەویش بۆ ئەوەی خەڵکانی تر بترسێنێت لە قەڵای سەمیرۆم فڕێ دەداتە دەرەوە. خەراسۆیە کە بۆ ئازادیی کوڕەکەی لە دەستی مەرزەبان دەستبەردار نابێت، لەگەڵ دوو پاڵەوانی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بە ناوەکانی ئیبنی سەفاو توبان ئاشنا دەبێت‌و بۆ ئازادیی مەرزەبان پارەیەکی زۆریان دەداتێ. ئەو دوو پاڵەوانەش بە ناوی بازرگانەوە دەچنە سەمیرۆم‌و سەرەتا لە تەنیشت قەڵای سەمیرۆمدا جێگیر دەبن‌و بە پیلانێك خۆیان دەگەیەننە مەرزەبان‌و بەم شێوە بە شیر ئەسفار رادەگەیەنن کە مەرزەبان پارەیەکی زۆری ئەوانی لایەو دەبێت نووسراوەیەك یان بەڵێنێکی لێوەربگرن تا بتوانن پارەکەیان لە باوکی مەرزەبان (مامەلان) وەرگرنەوە. شیر ئەسفار کە لە نیگەرانیی ئەو دوو کەسە ئاگادار دەبێتەوە، فریویان دەخوات‌و ئەو دوو بازرگانە ساختەچییە بۆ وەرگرتنی قەرزەکانیان رووبەڕووی مەرزەبان دەکاتەوە. مەرزەبان لە سەرەتادا کە لەو پیلانە بێئاگا دەبێت بە توندوتیژی بەرەو روویان دەبێتەوەو دەریاندەکات، بەڵام لە بۆ جاری دووەم ئاگاداری مەسەلەکە دەبێتەوەو بە شێوەیەك هەڵسوکەوت دەکات کە ئەو دوو بازرگانە بتوانن چەندین جاری دیکە بیبینن (دیداری لەگەڵدا بکەن).

بازرگانەکان کە بە رواڵەت بۆ وەرگرتنی قەرزەکەیان هاتوچۆی زیندان دەکەن، لە بەرامبەری رەوشت چاکی شیر ئەسفار خەڵاتی زۆری دەدەنێ‌و خزمەتکارەکەیشی کە بەردەوام بە چەك‌و



ئامادەباشی چاودێری مەرزەبان دەبێت بە پارە دەخەڵەتێنن‌و بە یارمەتیی ئەو کۆت‌و زنجیری مەرزەبان دەپچڕن‌و پاشان هێرش دەبەنە سەر شیر ئەسفارو دەیکوژن‌و مەرزەبانیش ئازاد دەکەن.

مەرزەبان پاش ئازادبوون لە زینداندا دەگەڕێتەوە بۆ ئازەربایگان (کوردستان)و بە شێوەیەك کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد دەیسم شکست دەداو لەناوی دەبات‌و خۆی حکومەتێکی باڵادەست لە ساڵی (٣٤٥ ك.م) پێکدێنێت.

مەرزەبان بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵاتەکەی لەگەڵ ئالی بوویە ئاشتی‌و خزمایەتی دەکات، ئالی بوویەش رێگەی پێدەدەن کە لە دەسەڵاتەکەی بەردەوام بێت‌و لەبەر ئەوەی کە ناوی راستەقینەی مەرزەبان سالار دەبێت (بووە) حوکمڕانییەکەیان بە سالاریە ناو دەبەن. مەرزەبان دواجار لە ساڵی (٣٤٦ ك.م) بەهۆی نەخۆشی دەمرێت[٦٤].

[64] شالیارانی بێ ناونیشان، نووسینی ئەحمەدی کەسرەوی، مێژووی کوردو کوردستان، نووسینی ئەمین زەکی بە پشتبەستن لەسەر گوتارەکانی مێژوونووسانی عەرەب‌و ئەرمەنی.

## حکومەتی وەهسۆزان و بەردەوامبوونی سالاریان:

پاش مەرگی مەرزەبان براکەی بە ناوی وەهسۆزان خۆی بە جێگری ئەو دەزانێ بۆیە رووی کردە ئەردەویل، بەڵام فەرماندەکانی مەرزەبان رازی نەبوون بەوەی کە وەهسۆزان ببێتە جێگری مەرزەبان و پێیان وابوو کە دەبێ جەستان و پاشان ئیبرایم و ناسر ببنە ئالیکاری مەرزەبان.

بەم شێوەیە وەهسۆزان لەبەر ئەوەی کە بواری بە دەسەڵات گەیشتن و پێکهێنانی دەوڵەت لە ئازەربایگان (کوردستان) گونجاو نابینێت، دەچێتە تارۆم و لەوێدا دەست دەکات بە دووبەرەکی نانەوە و چاندنی تۆوی دوژمنایەتی لە نێوان کوڕەکانی مەرزەباندا، جەستان کە کوڕی گەورەی مەرزەبان بوو کەسێتییەکی شایستە نەبووو زۆرترین کاتی خۆی بە عێش و نۆش و خۆشگوزەرانی لە شوێنی رابواردندا بەسەر دەبردو ئیبرایم کوڕی نێونجیان لە ناوچەکانی ئاران و ئەرمەنستانی ئێستادا حکومەتی دەکرد.

وەهسۆزان توانی لە نێوان ئەو سێ برایەدا دژایەتی و دوژمنایەتی دروست بکات و بە فێڵ و تەڵەکە و زمانی تەڕ جەستان و ناسر لەگەڵ دایکیاندا بیانهێنێتە تارۆم و کۆت و زنجیریان بکات و ئیسمایلی کوڕی وەك فەرمانڕەوای ئازەربایجان دابنێت، بۆیە ئیسمایل بە سپایەکەوە دەچێت بۆ ئەو وڵاتە.



ئیبرایم کوڕی مەرزەبان، بۆ رزگارکردنی دایك و براکانی، سپایەك ئامادە دەکات و لەگەڵ ئیسمایلدا بەشەڕ دێت. ئیسمایل نێوان ساڵەکانی (٣٥١ – ٣٥٦ ك.م) دەمرێ و لە ئاکامدا ئیبرایم ئازەربایجان دەخاتە ژێر چنگی خۆیەوە.

بەڵام وەهسۆزان بە سپایەکەوە هێرش دەباتە سەر ئازەربایجان و لە ساڵی ٣٥٥ کۆچی ئیبرایم شکست دەدات و لە ئاکامدا ئیبرایم پەنا دەباتە لای روکنولدەولەی دەیلەمی.

روکنولدەولە، سپایەك بە فەرماندەیی ئیبنی عەمید کە وەزیر بوو بۆ یارمەتیدانی ئیبرایم و رزگاری ئازەربایجان لە ژێر چنگی وەهسۆزان رەوانەی ناوچەکە دەکات.

ئیبنی عەمید بۆی دەلوێت و وەهسۆزان شکست دەدات و پاشان بە نووسینی نامەیەك بۆ روکنولدەولە پێیوایە کە ئیبرایم شایستەی فەرمانڕەوایی لە ئازەربایجاندا نییە بۆیە لە روکنولدەولە دەخوازێ کە ئەو وڵاتە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە بەڵام روکنولدەولە ئەم داواکارییە قەبووڵ ناکات و بانگهێشتی وەزیرەکەی دەکات کە ئەو ناوچەیە بەجێبێڵێت و بگەڕێتەوە دواوە.

لە وەڵامی ئەم پرسە کە بۆچی روکنولدەولە یارمەتیی ئیبرایمی داوە و بە چ هۆیەکەوە پێشنیاری وەزیرەکەی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ وەلانانی ئیبرایم قەبووڵ نەکردووە، ئیبنی مەسکۆیە دەڵێت: ئیبرایم تەنیا بەهۆی سزادان و هێزی خۆیەوە گەیشتە شاری رەی و روکنولدەولە بەهۆی هاوسەرێتیی لەگەڵ کچی مەرزەبان کوڕێکی بە ناوی (ئەبول عەباس) لێی ببووو ئەم خزمایەتییە ئیبرایمی پتر

خۆشەویستتر کردبوو، هەر خەڵاتێکیش کە لە خەزێنەی پاشاکاندا دەست دەکەوت بۆی دەنارد، کە من قەد ئەو هەموو خەڵاتەم کە کەسێك لە دیوانی پاشایەتی بەخشیبێتی نەمدیبوو).

## ڕەوادییان (ڕەوادییە):

دەبێت ئەبول هەیجا کوڕی ڕەواد بە بنیاتنەری پاشایەتی‌و زنجیرە دەسەڵاتی ڕەوادییە بزانین. لە ساڵی (٣٤٤ ك.م) ئەبول هەیجای ڕەوادی دەسەڵات دەگرێتە دەست‌و بەگوێرەی مێژوونووسان شاری خۆی ناوەندی دەسەڵات‌و حکومڕانی بووە[65]. ئەبول هەیجا بەهۆی داواکاریی ئەبول خەریبەوە کە ویستوویەتی یارمەتیی بدات هێرش دەباتە سەر وڵاتی ئەرمەنستان، ئەم بەسەرهاتە کە لە خوارەوە هاتووەتە بەر باس هۆی داواکاریی ئەبول خەریبە لە ئەبول هەیجا بۆ یارمەتیدانی لەو شەڕەدا کە مێژوونووسانی ئەرمەنی بەم شێوەیە باسی لێوە دەکەن:

پاش غاغیق حوکمڕانی واسپۆرگان (ناوچەی وان ئەردۆبارو نەخجەوان) کوڕەکەی بە ناوی دیرنیق ئارجورنی گەیشتە دەسەڵات کە سەرەتا ئەبول خەریبی لە فەرماندەیی سپاکەی لابردو بەجێی ئەو سەرکیسی ئەرمەنی دادەنێ، ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوە کە

65 شالیارانی بێ ناونیشان، ئەحمەدی کەسرەوی.



ئەبول خەریب لە ئەبول هەیجا داوای یارمەتی بکات. ئەبول هەیجاش کە بە شوێن بیانوویەکدا بوو ئازا هێرش دەباتە سەر ئەرمەنستان‌و سپای ئەرمەنی تێکوپێك دەداو دیرنیقی فەرمانڕەوا دیل دەکات‌و دەهێنێت بۆ ئازەربایجان‌و ئەبول خەریب لە جێی ئەودا دادەنێت، لەم کاتەدا کەسێتیی ئایینی‌و خەڵکی ئەرمەنی لە کڵێسەکاندا کۆ دەبنەوەو ئاهو نزولەی خۆیان بەرز دەکەنەوەو ئەبول خەریب لۆمە دەکەن، لۆمەی خەڵك دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەبول خەریب لە کاری خۆی پەشیمان ببێتەوەو بڕیار بدات کە دیرنیق ڕزگار بکات، بۆیە بروسکەیەك ئاراستەی دیرنیق دەکات‌و پێیدەڵێت کە بە سوودوەرگرتن لەو ئەسپەی کە لەبەر دەستیدایە هەڵبێت‌و ڕوو بکاتە ئەو شوێنەی کە پێشتر بۆی ڕەچاو کراوە. دیرنیق پیلانەکە جێبەجێ دەکات‌و بەم شێوەیە ئەبول خەریب ڕزگاری دەکات‌و دەیباتەوە بۆ ئەرمەنستان. ئەم ڕووداوە لە نێوان ساڵەکانی (٣٣٧ – ٣٤٢ کۆچی) کە سالار مەرزەبان لە نێو قەڵای سەمیرۆم دیل بووە سەری هەڵداوە.

ئەبول هەیجا لە ساڵی (٣٧٧ کۆچی) هێرش دەباتە سەر ئەرمەنستان‌و لەگەڵ ئەبو دۆڵز حاکمی ئەو وڵاتە بەشەڕ دێت‌و ئەرمەنستان داگیر دەکات کە چۆنیەتی هێرشی ئەبول هەیجا بۆ سەر ئەرمەنستان لەلایەن ئاسوغیگ، مێژوونووسی ئەرمەنی باس کراوە. ئەبول هەیجا لە ساڵی (٣٧٨ کۆچی) بە دوای گەڕانەوە لە ئەرمەنستان لەنزیکی خۆی بەهۆی سەربازەکانییەوە دەکوژرێت.

## حکومەتی مەملانی ڕەوادی:

مملان (مامەلان) کوڕی ئەبول هەیجا بووەو بەگوێرەی ئاسوغیگ دوو جار هێرش دەباتە سەر ئەرمەنستان.

هەر وا بەرچاو دەکەوێت کە مەملان یەکێك لە فەرمانڕەوایانی سەردەی چوارەمی کۆچی بووە کە لەلای موسڵمانانەوە ڕێزێکی زۆری هەبووەو وەك گیانفیداو جەنگاوەر لە شەڕ دژی مەسیحییەکانو ئەرمەنییەکاندا ناوبانگی هەبووە، بە جۆرێك کە لە شەڕی دژ بە ئەرمەنستان نەتەوەی جۆراوجۆری لە ژێر فەرماندا بوو.

هۆی دەسپێکی شەڕی یەکەمی مەملان لەگەڵ ئەرمەنستاندا ئەوە بوو کە لە ساڵی (٣٨٠ کۆچی) لەلایەن ڕۆمییەکانەوە کەسێك بە ناوی داوید دەبێتە والی ئەرمەنستانو بڕیار دەدات کە ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتیدان بەرفراوانیان بکات بۆیە بەشێك لە ناوچە ئیسلامییەکان لەوانە دوینو[66] مەلازگەرد لە باکووری گۆلی واندا داگیر دەکات. ئەم لەشکرکێشییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە موسڵمانەکان لە مامەلان داوای یارمەتیو پشتیوانی بکەن.

[66] دوین ناوچەیەکە لە کوردستان کە شوێنی لەدایکبوونی سەلاحەدینی ئەیوبی بووە. سەرچاوە: هەنبانە بۆرینەی هەژار.



مامەلان بە پۆشتەو پەرداخکردنی سپایەك لە نێو موسڵماناندا دەچێتە شەڕ لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا. لە بەرامبەردا داوید بە یارمەتیی ڕۆمییەکان سپایەکی گەورە لە گورجستانو ئەرمەنستاندا کۆ دەکاتەوەو ئامادەی شەڕ دەبێت. لەو کاتەدا سپای مامەلانو موسڵمانان کە لە چیاکانی ئاراراتدا جێگیر ببوون بە دیتنی سپای زۆرو زەبەلاحی مەسیحیان لە زۆری ئەو سپا سەریان سوڕ دەمێنێت.

لەبەر ئەوەی موسڵمانان هێزی خۆیان لەچاو ئەو سوپادا کەمو لاواز دەبینن شوێنەکە بەجێ دێڵنو شەڕ ناکەن. بەڵام هەشت ساڵ دواتر واتە ساڵی ٣٨٨ ك.ق مامەلان سپایەکی زۆر گەورەتر لە جاران کە تەنانەت خەڵکی خوراسانیشی تێدا دەبینرێت پێکدێنێ کە ئەم کارە ڕێزو گەورەیی مامەلان وەك جەنگاوەرو فەرماندەیەکی لێهاتوو نیشان دەدات.

لەلایەکی ترەوە داویدیش بە یارمەتی ڕۆمییەکان سپایەك ئامادە دەکاتو بەرەو ڕووی مامەلان (موسڵمانەکان) دەبێتەوە.

ئەم جارە مەسیحییەکان بە دیتنی سپای ئیسلام دەترسنو لە بەرامبەر بانگهێشتی موسڵمانان بۆ شەڕ، ترسیان لێدەنیشێتو وێڕای بەرەنگارییان نامێنێت. بەم جۆرە مەسیحییەکان کە خۆیان دۆڕاو لەناوچوو دەبینن بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە رووی ناچارییەوە بە جۆرێك شەڕ دەکەن کە سپای فرەڕەگەزیی ئیسلام ناچار بە پاشەکشە دەبێت.

## ئەبوو مەنسوور وەهسۆزان کوڕی مامەلان[٦٧]

پاش مامەلان کوڕەکەی ئەبو مەنسوور وەهسۆزان دەبێتە جێگری کە جێگەی ڕێزو سوپاسی هاوچەرخانی خۆی دەبێت.

قەتران[٦٨] شاعیری بەناوبانگی ئەو سەردەمە بەم شێوەیە ستایشی دەکات:

زعشقت بس زیان دارمو لیکن بس مراسوود ان

که دیدم رووی شاهنشه ابو منصورو هسوزان

واتە هەرچەندە لە خۆشەویستیت زەرەرمەند دەبم بەڵام ئەوەندەم بەسە کە چاوم بە سیمای تۆ کەوت ئەی پاشام ئەبو مەنسوور وەهسۆزان.

وەهسۆزان یەکێك لە گرنگترین ئەمیرانی ڕەوادیە کە لە سەردەمی ئەودا تورکەکانی غەزنەوی بەرەو ئێرانو ئازەربایجان کۆچیان کردو پاشان تەبرێزیان داگیر کرد. بە پێی نووسراوەی ئیبنی ئەسیر ئەم تورکانە نەوەی ئیسرایل کوڕی سەلجووق مامی توغریل بەگن. کە ئیسرایل بەهۆی سوڵتان مەحموودی غەزنەویەوە بەند کراو منداڵەکانی ناچار بوون لە (ماوەرا نەهرەوە) بەرەو

67 شالیارانی بێ ناونیشان.

68 قەتران شاعیری تەورێزی لەوانەیە کورد بوو بێت، بە شێوەك کە ناسر خەسرەو دەیبینێ لە سەفەرنامەکەیدا دەڵێت: قەتران فارسی بە باشی نەدەزانی بەڵام بە باشی شیعری پێهۆنییەوە.



ئازەربایجان کۆچ بکەن. مێژوونووسیان لەوانە گەردیزیو کوڕی ئەسیر مێژووی هاتنی تورکانی غەزنەوی بۆ ئازەربایجان دەگێڕنەوە بۆ ساڵی ٤١٥ ك.ق. ئەمانە پێشەنگو سەردەستەی هۆزی سەلجوقی بوون بە ڕێبەرایەتی توغرێل کە لەم مێژووە بەدواوە دەبینین کە دوو نەتەوەی کوردو تورك لە ئازەربایجاندا لەگەڵ یەکدا دەژین.

ئیبن ئەسیر شێوەی هاتنی تورکە غەزنەوییەکانی بۆ ئازەربایجان بە تەواوی باس کردووە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەی پێدەکرێت:

(سوڵتان مەحموود تورکە غەزنەوییەکانی لە خوراساندا داناو ڕێبەرەکەیانی کە ئیسرایلی ناو بوو بە دیل گرتو ئەوەی ئاشکرایە لەوەبەدوا دەبن بە گوێڕایەڵو جێبەجێکەری فەرمانی سوڵتان مەحموود تا ئەو کاتەی کە بەهۆی بەدڕەوشتی فەرمانبەرانی حوکمی غەزنەویان، تورکە غەزنەوییەکان کەم کەم ڕادەپەڕنو هەندێکیشیان بەرەو ئەسفەهان کۆچ دەکەن، لەم کاتەدا سوڵتان مەحموود بۆ حاکمی ئەسفەهان، (علاء الدولە) دەنووسێت کە تورکەکان بە زیندوویی یا مردوویی بگەڕێنێتەوە بۆ خوراسان وەیان ئەو عەیلە بە تەواوەتی کۆچ پێبکاتو سەری پیاوەکانیان بنێرێتە خوراسان).

(علاء الدولە) ئەمرەکەی بەجێدێنێتو پیاوانی غەزنەوی بە بیانووی ناونووسینیان لە سپادا کۆ دەکاتەوە، لەم کاتەدا خزمەتکارێکی تورکی (علاء الدولە) پیلانەکە بۆ غەزنەوییەکان

ئاشکرا دەکات، ئەوانیش بۆی هەڵدێنو لەبەر ئەوەی کە خەڵکی ئەسفەهان یارمەتیی سەربازانی (علاء الدولە) نادەن، غەزنەویەکان ناچار دەبن ئەسفەهان چۆڵ بکەنو بەرەو ئازەربایجان هەڵبێن.

وەهسۆزان دەسەڵاتداری ئازەربایجان هەڵە دەکاتو پێشوازیی ئەو لە ئەوان بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە هێزی سەربازی غەزنەوییەکان لە بەرامبەر دوژمنان بە تایبەتی مەسیحیانی ئەرمەنی دەبێتە هۆی ئەوە کە غەزنەوییەکان لە ئازەربایجاندا نیشتەجێ بن[٦٩].

## دەسپێکی شەڕ نێوان تورکە غەزنەوییەکانو کوردەکانی ئازەربایجان

وەهسۆزان لە هێزی سەربازیی تورکەکان بۆ سەرکوتی دوژمنانی ئەرمەنستانو دوینو چەند شارێکی تر داگیر دەکات. تورکەکان کە پاش ئەو سەرکوتانەو چەپاوی ناوچەکانی ئەرمەنستانو دوژمنانی وەهسۆزان هەستیان بە بەهێزیو دەسەڵاتی خۆیان کردبوو، دەستیان کرد بە چەپاوو دزی ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان. بە پێی نووسینەکانی ئیبنی ئەسیر وەهسۆزان بۆ هێورکردنەوەی تورکەکان بەهۆی مارەکردنی کچی یەکێك لە گەورەکانی تورك خزمایەتیان لەگەڵیاندا دروست دەکات،

[69] مێژووی کمبریج.



بەڵام ئەم کارە سوودێکی پێناگەیەنێتو تورکەکان هێرش دەکەنە سەر ناوچەی ورمێو ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکانی ئەو ناوچەیە دەکوژێتو وڵاتەکەیان چەپاو دەکات. لەو هێرشەدا بە تایبەت کوردەکانی هەزبانی زەبرو زەنگی زۆریان لەبەرکەوت[٧٠].

وەهسۆزان لەگەڵ هەندێك لە فەرماندەکانی کورد یەك دەگرێتەوەو لە چەند قۆناغی شەڕدا کە هەندێ جار تورکەکانو هەندێ جاریش کوردەکان سەردەکەوتن بەرەوڕووی تورکە غەزنەوییەکان بووەوەو لە ئاکامدا تورکەکان شکست دەداتو لە شارەکانی مەراغەو ورمێ دەریان دەکات.

وەهسۆزان هاوکات لەگەڵ هاتنی توغرێلی سەلجوقی بۆ کوردستان، ماڵئاوایی لە دنیا دەکات. ئیبنی ئەسیر لەم پەیوەندییەدا دەنووسێت:

لە ساڵی (٤٥٠ ك.ق) سوڵتان توغرێل بێگ، مامەلان کوڕی وەهسۆزان کوڕی مەملان وەك حوکمڕانی وڵاتی ئازەربایجان لەباتی باوکی دانا[٧١]، پاش وەهسۆزان ئەوانەی کە لەجیاتی ئەودا حوکمڕانییان دەکرد گرنگیو کاریگەری ئەوتۆیان نەبووەو تەنیا ناویان لێبراوەو رووداوێکی گرنگ لە سەردەمی ئەواندا نووسراوە بیجگە لە ئەمیر ئەحمەدی یەل لە ساڵی (٥١٠ – ٥٠١ ك.ق) کە ئیبنی ئەسیر وەك ئەمیرێك کە زۆرترین سپای لەژێر دەستدا بووە ناوی لێ دەبات.

[70] کتێبی شالیارانی بی ناونیشان، نووسینی ئەحمەدی کەسرەوی.
[71] شالیارانی بێ ناونیشان، نووسینی ئەحمەدی کەسرەوی.

## ئەمیر ئەحمەدی یەل

هەروا کە باس کرا، پاش وەهسۆزان حکومەتی رەوادی تووشی لاوازی هات، دواجار ئەمیر ئەحمەدی یەل لە ساڵی (٥٠٥) کۆچی مانگی لەشکەری سوڵتان محەمەد کوڕی سوڵتان مەلەکشای لەهێرش کردن بۆ سەر سپای رۆم یارمەتی دا، ئەم شەڕە لەگەڵ ئیمپراتۆری رۆم بەناو شەڕی ژوسلین ئەنجام درا. ئەمیر ئەحمەدی یەل پاش گەڕانەوە بۆ ماوەیەکی کۆتا تەورێزی لەچنگی تورکەکان رزگار کرد.

لەم کاتەدا، ئیسمایلیەکان لەوپەڕی دەسەڵاتدا بوونو هەستان بەکوشتنی نەیارانی خۆیان، یەکێك لەوانە ئەمیر ئەحمەدی یەل بوو کەپیلانی کوشتنیان داڕشتو ئەو پیلانەیان جێبەجێ کرد.

لەساڵی (٥١٠ ك. ق) سوڵتان محەمەد، کوڕی سوڵتان مەلەکشا، کە لەبەغدا بوو تەواوی فەرمانڕەواکانو حاکمانو ئەتابەکەکانی (فەرماندە تورکەکان)ی ناوچە جیاجیاکانی بانگێشتی بەغدا کرد کە یەکێك لەوانە ئەمیر ئەحمەدی یەل بوو، لەم کاتەدا ئیسماییلییەکان بڕیار دەدەن کەپیلانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

پیاوێك لەفیدایییەکانی ئیسمایلی بەبیانووی ئەوەی کەدەیەوێ داواکاریو شکات ئاراستەی سوڵتان محەمەد بکات قاقەزێك دەگرێتە دەستەوەو لەئەمیر ئەحمەد دەپارێتەوە کەقاقەزەکەی لێوەرگرێت. ئەمیر ئەحمەد بەبینینی ئەوهاناو پاڕانەوە بەرەو پیری



دەچێت تا نامەکەی لێوەرگرێت بەڵام ئەو پیاوە فیداییە هەلەکە دەقۆزێتەوەو بەیارمەتی چەند فیداییەکی تر ئەمیر دەکوژن[1]

## ئاق سەنقر ئەحمەد یەل

لەلایەن سوڵتان محەمەدی سەلجووقیەوە، ئاق سەنقر بەهۆی جێگری باوکی کەئەمیر ئەحمەد یەل بوو وەك حاکمی ئازەربایجان دیاری کراوو لەشاری مەراغە دەسەڵاتی گرتە دەست.

سوڵتان مەحموودی سەلجووقی، کوڕی سوڵتان محەمەد لەساڵی (٥٢٣ کۆچی مانگی) ئاق سەنقری وەك ئەتابەگ (فەرماندە) بۆ شازادەی کوڕی کەناوی داوود بوو دەسنیشان کرد.

لەساڵی (٥٣٤ ر.م) سەنقر هەوڵی زۆری دا تا شازادە داوود بگەیەنێتە دەسەڵات. بەڵام بەهاندانی توغریل شازادەیەکی تری سەلجووقی، ناو سوپای ئاق داوود لەدژی ئەو راپەریو لەئاکامدا، داوودو ئەمیر ئاق سنقر بۆ بەغدا هەڵاتن. لەوێدا بەپاڵپشتی خەلیفەی عەباسیو هێزی کوردی، بۆئەوەی جارێکیتر دەسەڵات بگرنەدەستەوە، هێرش دەکەنە سەر وڵاتی ئازەربایجانو لەگەڵ توغریل (طفریلدا) بەشەڕدێن، لەئاکامی ئەو شەڕەدا (توغریل) شکست دەخواتو دواجار داوود بەپاڵپشتی ئاق سنقر دەگاتە دەسەڵات. ئیسماییلییەکان بەکوشتنی ئەمیر ئاق سەنقر لەساڵی

---

[1] هەمان سەرچاوە

(٥٣٧ ك.م) دووەمین گورز بەجەستەی حکوومەتی رەوادی دەسرەوێنن.

پاش ئاق سەنقر، حکوومەتی رەوادی بەتەواوەتی لاواز ببووو بەشێوەی ئەمارەتێکی بچووك لەشاری مەراغە مایەوە، لەدوا ساتەکانی حکوومەتی رەوادی هاوکات لەگەڵ هێرشی مەغۆل چەند ئافرەتێك دەسەڵات دەگرنە دەستەوە کەدوایین کەسیان بەناوی (من هەوا داد) لەقەڵای رۆیین دژ جێگیر بوو و پاش مردنی جەنگیزو گەڕانەوەی سوڵتان جەلالەدین بۆ ئازەربایجان لەگەڵ سوڵتان ژیانی هاوسەرێتیان پێك هێناو دواجار بەمردنی مەن هەوا داد کۆتایی بەحکومەتی رەوادیان هات[*].

## شەدادیان

ئەو کوردانەی کەلەنزیك دوێن دەژیان لەهۆزی هەزبانی بوون بۆیە ئیبن ئەسیر سەبارەت بەئەوان وا دەنوسێت:

ئەم هۆزە باشترین هۆزی کورد بوون کەسەلاحەدینی ئەیوبی لەوانەو بەهۆی پێك هێنانی حکومەتێك لەلایەن ئەو هۆزەوە ئەو حکوومەتەی کە پێکهێنرابوو بەحکوومەتی (شەدادی) ناوبانگی دەرکرد.

[*] وەرگیراو لەمێژووی کمبرج، مێژووی شارستانیەت ن: ویل دورانت شالیارانی بێ ناونیشان و مێژووی کوردو کوردستان ن: ئەمین زەکی



حکومەتی شەدادیان لەساڵی (٣٤٠ ك.م) بەهۆی محەمەد بنی شەداد لەئەران و شاری دوین پێك هات، واتە لەوکاتەی کەسالاری مەرزەبان لەقەڵای سەمیرۆم دەسبەسەربووەو بشێویو تاڵان وڵاتی ئازەربایجانی لەخۆگرتووە. هەر بۆیە محەمەد شەداد سەرۆکی هۆزی هەزبانی لەم هەلومەرجە بەباشی سوود وردەگرێت و ناوچەی ئەران دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

جێگیری محەمەد بنی شەداد کورەکەی لەشکری بوو کەهەشت ساڵ حوکمڕانی کردو لەماوەی ئەو هەشت ساڵەدا شاری گەنجەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

بەناوبانگترین ئەمیری شەدادی فەزلوون کوڕی محەمەد بوو، ئەم ئەمیرە شەدادییەکانی بەجۆرێك بەهێز کرد کەفەرمانڕەواکانی ئەو سەردەمە، خۆیو حکوومەتەکەیان وەك دەسەڵاتێکی بەهێزو کاریگەر دەناسی.

فەزلوون سەرتاسەری ئەرمەنستانی داگیر کرد تەنانەت بەپێی راپۆرتی مێژوونووسێکی ئەرمەنی بەناوی وارتان، فەزلوون سێزدە هەزار درەم باج و خەراجی بۆ ئەرمەنستان دیاریکردبوو[١].

فەزلوون (٤٨) ساڵ حوکمڕانی کردو لەقابووسنامەدا چیرۆکێك سەبارەت بەئەو پاشا بەشێوەی خوارەوە نووسراوە:

( لەو سەردەمەی کەفەزلوون پاشای گەنجەو دەوروبەری بوو، دەیلەمییەکی وەك راوێژکارو خاوەن دەسەڵات دانابوو. ئیتر

[١] شالیارانی بێ ناونیشان: نوسینی ئەحمەدی کەسرەوی

هەرکەسێك کەلەدەسەڵاتدارانی وڵات سەرپێچی کردبایە، دەسبەسەرو زیندانی دەکراو بەراوێژکاری دەیلەمی خۆی راسپارد کەبندەی ئازاد ئازار نەدات بەڵام ئەو راوێژکارە بەگوێی نەکردو چەندین کەس لەوانە بیوژن بەهۆی ئەوە کوژران، تا بەرێکەوت ئەو راوێژکارە تووشی تاوانو سەرپێچی هاتو لەلایەن فەزلوونەوە گیراو زیندانی کرا، دەیلەم کەسێکی ناردە لای فەزلوونو پێیگوت ئەوەی ماڵو سامان بێت پێدەبەخشێت بەمەرجێك نەیکوژێت، فەزلوون لەوەڵامدا گوتی: من ئامۆژگاریم کردی کەبەندەی ئازاد ئازار نەدەیت بەڵام ئەوئەرکەت جێبەجێ نەکردو لەئاکامدا بێوەژنێكو ئەو دەیلەمیە بەهۆی خراپ فێربوونی تۆ گیانیان لەدەست داو فەزلوون بەهۆی شەڕ لەگەڵ سوپای گورجیدا کەلەخەڵکی گورجی، ئەرمەنیو رۆمی پێك هاتبوو شکستی خواردو پاش ئەم تێکشکانە زۆر نیگەران دەبێتو دواجار دەمرێت. جێگری فەزلوون مووسای کوڕی بوو، کەماوەیەکی کورت حوکمڕانی کردو پاش سێ ساڵ مرد. بەڵام لەشکری کوڕی مووسا حاکمێکی بەهێز بوو کەجێی باوکی گرتەوە. ئەم حاکمە توانی سوپای گورجی و ئەرمەنی شکست پێبێنێ. ئەم شەڕە زۆر لەوە دەچێت کەلەجەژنی قوربانا رویدا بێت بۆیە قەترانی تەورێزی ئەو سەرکەوتنە بەشێوەی شیعر دەردەبڕێت.

لەشکری را کشت کورا مرگ نتوانست کشت
لەشکری لەناوبرد کەمەرگیش نەیدەتوانی لەناوی بەرێت
قلعه ای راکند کورا چرخ نتوانست کند



قەڵایەکی ژێرژوور کرد کەزەمانە نەیتوانی بیڕوخێنێ
زاتش شمشیر او دارند جان درتن چنانگ
هست نادان و طبان مانند براتش سپند
وەك گەنمی سەرساج هەڵدەقرچان لەبەرانبەر ئاگری شمشیری ئەودا
لشکر فضلون همانجا گرفکند، درقفا
ئەگەر بەرووداوێك لەشکری فەزلوون شکست دەدەن
شاه خصمان رافکند و خصم یاران رافکند
ئەوەتا جێگرەکەی دوژمنانی پاشاو دۆستو هەوالانی شکست دەدا
بدرسد گویند شاهان را دستوران بد
ئاکامو دەرەنجامی پاشا باش نابێت ئەگەر راوێژکارانی خراپ بن
جزکنون این داستان کس رانیاند دلپسند
جگە لەم چیرۆکەی تر ئیتر هیچ چیرۆکێك لەم چەشنە پەسەند ناکرێت
ای جهانت پیشکار ای روز گاری زیردست
ئەی ئەو کەسەی کەجیهان بەدەستی تۆیە لەهەموو کاتێك
ای سپرت رهنما روزگارت یارمند
ئەی ئەوکەسەی گەردوونیتر رینموونەو یاریدەدەر تۆ ژیان
گوسفندو گاو کشتن فرض هست این عید را

کوشتنی مەڕو مانگا ئەرکە لەم جەژنەدا

کاندرین امد حساب ایزد بیچون و چەند

چونکە ئەم ئەرکە ئەرکێکی یەزدانییە کەئەبێ جێبەجێ بکرێت

ایز ازهر عید هست امروز راضي تر زتو

زانکه کافر کشته ای برجای گاوو گوسفند

خوا ئەمڕۆ لەهەموو جەژنێك لەتۆ رازیترە کەتوانیت لادەرێك لەباتی مەڕو مانگا بکوژیت

یەکێ لەبەناوبانگترین ئەمیرانی شەدادی ئەبول سەوار شاور کوڕی فەزلوونە، ئەبول سەوار کەکەسێکی لێزان و لێهاتوو بوو بۆ ئەوەی بتوانێ لەئەرمەنستاندا بێ گێرەو کێشە حوکمڕانی بکات. کچی ئاشود باگرا تۆنی پاشای ئەرمەنستانی مارە کرد کە دوو کوڕی واتە (فەزلوون)و (مەنووچەر) لەم ژنەن.

پاش مەرگی ئاشود، خەزوورەی ئەبول سەوار، لەنێوان گەورەکانی ئەرمەنی بۆ جێنشینی ئاشوود شەڕو دووبەرەکی هاتە ئاراوە، لەئاکامدا ئەرامەنە (غاغیق) کوڕی ئاشوودیان بۆ جێنشینی ئەو دەس نیشانکرد بەلەبەرچاوگرتنی لاوازی ئەرمەنیەکان کەبەهۆی گۆرانکاری حکومەت و هاتنە ئارای پاشایەتی نوێ روویدابوو، ئیمپراتۆری رۆم بۆ گەشەپێدان و بەرفراوان کردنی سنووری دەسەڵاتی خۆی هێرشی هێنا بۆ سەر ئەرمەنستان ئەبول سەمار کەسیاسەتمەدارێکی بەتوانابوو لەم هەل و مەرجە سوودی وەرگرت و هەندێ ناوچەی جیاجیای لەئەرمەنستاندا داگیر کرد. غاغیق کەخۆی لەشەری ئیمپراتۆری



رۆمدا دەبینیەوە ئامادە بوو لەگەڵ (ئەبول سەوار) دا ئاشت بێتەوەو تەواوی مەرجەکانی ئەبول سەواری قەبوول کرد[١]

بەڵام شەڕ لەنێوان غاغیق و رۆم بەسەرکەوتنی ئیمراتۆری رۆم و سەرکەوتنی ئەرمەنستان کۆتایی پێهات و رۆمییەکان بوون بەجیرانی شەدادیانی، بۆیە بەلەبەرچاوگرتنی خەسڵەتی دەستدرێژی و پانتاوخوازانەی رۆمییەکان و شەڕ لەنێوان مەسیحیەکان و موسڵمانەکاندا رۆمییەکان هێرشی خۆیان بۆ داگیرکردنی (دۆین) پێتەختی شەدادیان دەستپێکرد.

ئەبول سەوار بەلێهاتوویی و لێزانی خۆی توانی سوپای رۆم شکست پێبێنی و شاری دوین رزگار بکات. ئەم رووداوە بووە هۆی ئەوە کەرۆمییەکان بۆ جاری دووەم بەسوپایەکی چڕو پڕتر بەفەرماندەیی دیلارخی هێرش بەرنە سەر دوین.

موسڵمانانی شوێنەکانیتر بەتایبەت کوردەکانی ئازەربایجان کەنزیکتر بوون بەرەو دوین کەوتنەڕێ، بەڵام رۆمییەکان شکستیان پێهێنان و هەندێکیشیان بەدیلگرتن و بەهاتنی زستان دیلارخی بۆی دەرکەوت کەئیدی ناتوانێ دوین داگیر بکات، پاشەکسەی کردو دیلە موسڵمانەکانی وەك کۆیلە راپێچی رۆم کرد، ئەو رووداوە بووە هۆی تووڕەبوونی ئەبول سەوارو فەرمانی کوشتنی بەربڵاوی مەسیحیەکانی دەرکرد.

---

[١] مێژووی چامچیانی ئەرمەنی وەرگێردراو لەشالیارانی بێناونیشان، نوسینی ئەحمەدی کەسرەوی

ئەبول سەوار لەهێرشی بۆ ناوچە ناوەندییەکانی ئەرمەنستان بۆ تۆڵە سەندن لەمەسیحیەکانی رۆم، فەرماندەی بەناوبانگی ئەرمەنیو ئەهرامو کوڕەکەی گریگوری کەلەقارەمانانی ئەرمەنی بوون کوشت، ئەم کارە بووە هۆی ئەوە کەناوبانگی ئەبول سەوار لای موسڵمانان پتر بەرزبێتەوەو لەهەموو شوێنێکەوە موسڵمانان بۆ شەڕ لەگەڵ مەسیحیەکان بچنە نێو ریزەکانی سوپای ئەبول سەوار،

ئەمیر کەیکاوس نووسەری قابووسنامە چەندین ساڵە لای ئەبول سەوار لەگەنجەدا بووە سەبارەت بەشەڕەکانی ئەبول سەوار و رۆمییەکان نووسراوەی زۆری هەیە [1]

بەسەرهەڵدانی توغرولی سەلجووقی لەلاپەڕەی مێژووی ئێراندا، ئەبول سەوار وەك ئەمیرانی تری ئازەربایجان (کوردستان) بوو بەگوێڕایەڵی توغرولو بەناوی ئەوەوە وتاری دەخوێندەوە.

ئەبول سەوار لەساڵی (٤٥٦ ك.م) شانبەشانی سوپای ئالپ ئەرسەلانی سەلجووقی بەرەو رووی لەشکری رۆم لەئەرمەنستان دەبێتەوە. دەبێ ئەوەش بزانین کەبەشداری ئەبول سەوار لەشەڕی مەلازگەرد زۆر گرنگ بووە، چونکە تەواوی موسڵمانان ئەبول سەواریان وەك ئەمیرو فەرماندەی موسڵمانان لەریزی یەکەمی شەڕ لەگەڵ مەسیحیەکاندا دەناسیو رێزێکی زۆریان لێدەنا. هەروەها

[1] قابووسنامە نووسینی عنصر المعانی کیکاوس



لەئەزموونو تاقیکردنەوەکانی ئەو لەشەڕ دژی رۆمییەکاندا سوودی زۆریان لێ وەردەگرت.

بەجۆرێك کەپاش داگیرکردنی ئەرمەنستانو شاری گرنگی (ئانی)[2] بەدەستی موسڵمانەکان حکوومەتی ئەو شوێنانە بەهۆی ئالب (ئەرسەلان)ەوە خرایە ئەستۆی سەوار.

## ( فەزلوون کوڕی ئەبول سەوار دوایین پاشای شەدادی )

پاش مەرگی ئەبول سەوار فەزلوونی کوڕی دەسەڵاتی گرتە دەست کەهێزو توانایەکی زۆری بۆ ئەم کارە نەبوو. بەلەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتی تورکەکان لەو سەردەمەداو گرنگی دانیان بەشەڕ لەگەڵ رۆمییەکان لەناوچەکانی ئەرمەنستان ئیتر ئازەربایجانو ناوچە کوردنشینەکان پڕ دەبن لەهۆزە تورکەکان کەبۆ داگیرکردنی ناوچە تازەکانو بەدەستهێنانی دەسکەوت بەرەو ئەو شوێنانە رێدەکەون. سەرەتا لەسەردەمی دەسەڵاتی غەزنەویەکان، تورکەکان سەرقاڵی شەڕ دژی هیندو داگیرکردنی ئەو وڵاتە بوون، بۆیە لەوکاتەدا تورکەکان بەئاراستەی ئەفغانستان راکێشران، بەڵام بەگرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن

[2] ئانی شارێك بووە لەئەرمەنستان کەسەردەمێك پێتەختی ئەو ناوچە بوو و لەساڵی ١٣١٣ز بەهۆی بوومەلەرزە وێران بووە

سەلجووقیەکانەوە، بەرەکانی شەڕ ئاراستەی ڕۆم کراو ئازەربایجان بوو بەناوەندی ئەم گۆڕانکاریانە.

هاوکات لەگەڵ دەسەڵاتی (مەلەکشا) سیاسەتی سەلجوقییەکان سەبارەت بەکوردەکان و شەدادیان گۆڕانکاری بەسەردا دێتو مەلەکشا بڕیار دەدات کەرەگەزی تورك لەباتی کوردا لەدوێنو ئەو ناوچانەی کەلەگەڵ مەسیحیەکاندا هاوسنوورن دابنێت. بەو بۆنەوە مەلەکشا فەزلوون لەدەسەڵات وەلا دەخاتو ئەو شوێنانە بەساوتکین کەفەرماندەیەکی خۆی بوو دەسپێرن. فەزلوون بەرەو رووی دەبێتەوە بەڵام لەسوپای مەلەکشا شکست دەخواتو لەوپەڕی نەداریو هەژاری لەشاری بەغدا گیانی بەخاك دەسپێرێتو لەبەر ئەوەیە کەئیبنی ئەسیر دەڵێت (سوڵتان مەلەکشا شارەکان لەدەستی فەزلوون کوری ئەبول سەواری رەوادی سەندبووەوە خستبوونی ژێر دەستی فەرماندە ساوتکینی خادمو فەزلونی لەئەستەر ئاباد دانابوو، بەڵام فەزلون گەڕابووەوە وڵاتەکەی خۆیو بەهۆی ئەو هێزو دەسەڵاتەی کەبەدەستی هێنابوو دژی سوڵتان مەلەکشا راپەڕی، سوڵتان ئەمیر بوزانی بۆ سەرکوتی ئەو هاندا کەپاش شەرو پێکدادان توانی فەزلون دەسگیر بکاتو ناوچەکانی ژێر دەستی بخاتە ژێر چنگی کەسانی تر دواجار فەزلون لەساڵی (٤٨٤ ه. ق) لەشاری بەغداو بەشێوەیەکی



هەژارانەو لەوپەڕی نەداریەوە لەمزگەوتێکی لای رووباری دیجلە گیانی لەدەست دا[1].

## سەرهەڵدانی باز:

ناوی راستەقینەی باز ئەبو عەبدوللا حسین کوڕی دوشانج بوو کەکوردەکان (باز)یان پێدەگوتو خەلیفەی عەباسی نازناوی ئەبو شوجاعی (خاوەن بوێریان) پێدابوو.

باز یەکێك لەقارەمانانو ناودارانی کوردستان لەسەردەمی ئالی بوویە بووە.

هەروەها کەمێژوونووسان وتوویانە، باز کوڕی سەرۆکی هۆزی حەمییە بووە کەباوکی بەچەند هۆیەکەوە لەهۆزو عەشیرەتەکەی خۆی جیابووەتەوەو چووەتە دیاربەکر هەر بۆیە باز لەوێدا لەدایك دەبێت[2]. بەهۆی دەستکورتی دوشانج، باوکی باز، سەردەمی منداڵی ئەو بەرەنجو کوێرەوەری تێپەڕیوەو ناچار بووە ماوەیەك شوانی بکاتو پاشان لەهەرەتی لاویدا دەستی کردوە بەچەتەگەریو ڕێگری لەخەڵك.

---

(1) نووسینی ئەحمەد کەسرەوی کەئیبنی ئەسیر بەگوێرەی شالیارانی بێناونیشان باسی لێکردووە

(2) مێژووی کوردو کوردستان نووسینی محەمەد ئەمین زەکی، وەرگێرانی حەبیبوڵڵا تابانی

لەو سەردەمەدا شەڕ لەنێوان موسڵمانانو مەسیحیان گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆیو لەهێرشێکدا مەسیحیەکان سوپای ئیسلامیان گەمارۆ دابوو و گوشارییان خستبووە سەریان، لەپڕ بازو ئەو دزو جەردانەی کەلەگەڵیدا بوون دەچنە هانای، لەشکری ئیسلامەوەو لەشکست رزگاریان دەکەن. ئەم کارە ناوبانگی باز بەرز دەکاتەوەوو خەلیفە نازناوی ئەبو شوجاعی پێدەدات (خاوەن ئازایەتی)

رووداوێکیتر کەبووە هۆی زیادبوونی هێزو دەسەڵاتی باز، سەرهەڵدانی حاکمی موسڵ تەغلەبی حەمدانی لەدژی دیلەمیان بوو، کەباز پشتی دیلەمییەکانی گرتو توانی مووسڵ بخاتە ژێر چنگی خۆیانەوە.

عوزدۆل دەولەی دەیلەمی (عفد الدولە) بۆ سوپاسو یارمەتی و پشتگیری باز بانگهێشتی دەکا بۆ دەرباری خۆی لەموسڵ بەڵام بەبینینی سامو گەورەی باز، عفند الدولە ترسی لێدەنیشیّو بڕیار دەدا لەناوی بەرێت (پیلانی لەناوبردنی بۆ گەڵاڵە دەکات)

باز بەهۆی هۆشو زیرەکی خۆی لەگۆڕینی رەنگو بۆی عفد الدولە بۆی دەردەکەویّ لەوانەیە ویستی خراپی هەبیّ بۆیە بەر لەوەی عفندالدولە لەکارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدات، هەڵدێتو دەچێتە ناو سوپاکەی خۆی لەشاخو خۆی ئامادە دەکات بۆ سەرهەڵدانێکی گەورە.

پاش مەرگی عفد الدولە (لەساڵی ٣٧٣ ک.ق) باز نەسیبەینو دیاربەکریش داگیر دەکات دەیانخاتە سەر قەڵەمڕەوی خۆیەوە.



سمام و دەولەی دیلەیمی بۆ شکستو سەرکوتی سەرهەڵدانی باز، سوپایەك بەفەرماندەیی ئەبو سەعدی بارام کوری ئەردەشیر ئامادە دەکات بەمەبەستی شەڕ لەنەسیبەین بەڵام سوپای دەیلەم لەلایەن بازو هاورێکانیەوە بەتێکشکاوی هەڵدێت.

سمام الدولە کە ئەو شکستە دەبینێت، سوپایەکی نویّ ڕەوانەی کوردستان دەکات. بەڵام ئەم هێزەش شکست دەخواتو موسڵ لەلایەن (باز)ەوە داگیر دەبێت. هەر ئەمەش دەسەڵاتی باز زۆرتر دەکات و لەئاکامدا باز بەشێوەی فەرمیی خۆی وەك سوڵتانو پاشا بەخەڵك دەناسێنێت. سمام الدولە کەلەسەرهەڵدانی باز زۆر ترسی لێی دەنیشێت، سوپایەکی گەورەو پۆشتە بەفەرماندەیی زیاد کوڕی (شار ئەکۆیە) رەوانەی موسڵو کوردستان دەکات.

سوپای باز کەبەژمارە زۆر کەمتر بوو لەسوپاکەی دەیلەم رووبەڕووی دەبێتەوە بەڵام تێکدەشکێتو بەرەو دیاربەکر پاشەکشە دەکات. زیادی دەیلەمی سوپایەك بەفەرماندەیی سەعدی عاجب بۆ سەرکوتی تەواوەتی باز رەوانەی دیاربەکر دەکات بەڵام ئەو دەیلمیانە کەلەسوپاکەی سەعد بوون ئامادە نابن لەگەڵ باز بەشەڕبێن بۆیە دەچنە ناو سوپای بازەوە، بەم جۆرە سەعد شکست دەخوات.

باز بەم سەرکەوتنە سوپاکەی رێکدەخاتەوەو ئامادەی دەکاتو لەساڵی (٣٧٩ ك.ق) بەتێکشکانی سوپای دەیلەم بۆ جارێکیتر موسڵ داگیر دەکاتەوە.

لەساڵی ٣٧٩ حەمدانیان بڕیاریان دا مووسڵ داگیر بکەن، عەرەبەکانی مووسڵ لەباز خیانەت دەکەن‌و لەداگیرکردنی ئەو شارە یارمەتی سوپای حەمدانی دەدەن.

لەکاتی راونانی سوپای باز لەلایەن حەمدانیانەوە رووداوێکی سانا دەبێتەوە هۆی کوژانی باز، ئەو فەرماندە ئازا لەکاتێکدا دەیەوێ ئەسپەکەی بگۆڕی بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، لەئەسپەکەی دەکەوێتە خوارەوەو دەمرێت بەم جۆرە کۆتایی بەخۆی‌و سوپاکەی دێت[٣].

## حکومەتی مەروانیان کورد

پاش مەرگی باز، خوشکەزاکەی بەناوی حەسەن کوری مەروان (حەسەن بنی مروان) کوری دۆستەك ناسراو بە(ئەبو عەلی) کەلە سوپای باز بوو بەلەبەرچاوگرتنی مەرگی باز خێرا خۆی گەیاندە قەڵای حەسەن کیف‌و هاوسەری بازی کە خاڵۆژنی بوو مارەی کردو بەو جۆرە دەسەڵات‌و فەرماندەیی سوپاکەی بازی دەستەبەر کرد[٣]. پاشان بەکۆکردنەوەو رێکخستنی ئەو سوپایە لەگەڵ حەمدانیاندا بەشەڕدێت‌و ئەبو عەبدوللا حەمدانی تێکدەشکێنێ‌و دیلی دەکات. ئەبوو عەلی بەشکست دانی حەمدانیان دەسەلاتی

---

[٣] سەید حەسەنی موکریانی گێراویەتیەوە لەکتێبی کوردو کوردستان وەریگرتووە

[٣] محەمەد ئەمین زەکی، حەسەن بنی مەروان بەخوشکەزای باز دەزانی بەڵام مێژووی کمبریج بەبرازای ناوی دەبات



خۆی بەرفراوان دەکات، ئەبوو عەلی حاکمێکی دڵسۆز بوو لەگەڵ خەڵکدا بەباشی‌و میهرەبانی هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەو بۆ رێگری لەشەڕ دەگەل حەمدانیاندا کچی سەیفولدەولەی حەمدانی مارە کرد.

بەڵام لەکاتی زەماوەن لەگەڵ (ست الناس) کچی سیف الدولە کەسێك بەناوی (دمنە) هێرشی لێدەبات‌و دەیکوژێت.

حەسەن بنی مەروان (ئەبو عەلی) پاشایەتیەکی دامەزراند کە ساڵەهای ساڵ لەدیاربەکرو ناوچەکانی دەوروبەریدا حوکمڕانی دەکردو بەسەدەڵاتی مەروانیان ناوی دەرکرد.

## مەلیك عادل ( ناصر الدولەی ئەحمەد )

یەکێك لەبەناوبانگترین ئەمیرانی دەسەڵاتدار لەنێوان ساڵەکانی (٤٥٢ تا ٤٠٣ك.م) (ناصر الدین احمد) بووە کەبەگەورەترین حاکمی مەروانی ناو دەبرێت. ئیبنی ئەسیر چۆنیەتی بەدەسەڵات گەیشتنی ناصر الدولەی ئەحمەد بەم جۆرە دەگێڕێتەوە.خواجە ئەبول قاسم حاکمی ئەرزەن لەئەمیر ئەحمەدی نەسری پرسی، ئایا دەتوانی وەك جێگری براکەی ئەو ئەرکە بەڕێوەبەریت.

لەبەرئەوەی لەئەمیر نەسر بەڵێنی وەرگرت کەبیباتە لای باوك‌و دایکی کەلەو کاتەدا بەسەر گۆڕی کورەکەیان (مەمهەدول دەولە) بوون مەلیك عادل لای ئەوان‌و دادوەری ئەرزەن‌و هەندێ کەسایەتی

گەورەی شار سوێندی خوارد کەبەپێی یەکسانیو دادوەری حکومەت بکات.

مەلیك عادل بەهۆی شەڕ لەگەڵ مەسیحیاندا و بەدەستهێنانی سەرکەوتنی جۆراوجۆر لەلایەن خەلیفەی عەبباسی ئەلقادر بیللا (القادر) لەساڵی ٤٠٨ ك.م نازناوی (ناصر الدولەی) پێبەخشرا، ناصر الدولە بێجگە شەڕ لەگەڵ مەسیحیانو ڕۆمیان لەگەڵ تورکەکانی غۆز کەهاتبوونە کوردستانو لەناوچەکانی دیاربەکرو نەسیبەین دەسدرێژیان دەکرد بەشەڕهاتوو و شکستی پێدان.

لەساڵی (٤٤١ ك.م) توغریلی (طغرل) سەلجووقی لەناصر الدولە داوای کرد کەبەناوی ئەوەوە وتار بخوێنێ، ناصر الدولە ئەو داواکارییەی جێبەجێکردو ئیتر لای طغرل الدولە ڕێزێکی تایبەتی بەدەس هێنا بەجۆرێك کەکاتێك ئەمپراتۆری ڕۆم لەناصر الدولە داوای کرد تالای طغرل داوای لێبوردنو شەفاعەتی بۆ بکات بۆ ئەوەی مەلیك ئیخار کەدیلی طغرل بوو ئازاد بکرێت، ناصر الدولە ئەو کارەی بەجێهێناو طغرلیش داواکاریەکەی جێبەجێکردو پلەو پایەی مەلیك ئیخاری بەرزتر کردەوە.

ناصر الدولە لەساڵی (٤٥٢ ك.م) پاش پەنجا ساڵ حوکمڕانی لەحاڵێکدا سەردەمی پیری خۆی تێپەڕاند ماڵئاوایی لەدنیا کرد خەڵك بەحاکمێکی کارزانو دڵسۆز ناویان بردووە، بەجۆرێك کەلەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی ئەودا ئەو ناوچە کوردنشینانەی کەلەژێر دەسەڵاتیدا بوون پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیوە.



مێژووی (الامم الاسلامیە) سەبارەت بەوی دەنووسێت:

لەهەموو شوێنێك زانایانی ناودار ڕوویان کردبووە بارەگای پاشایەتی ئەو، لەوانە ئەبو عەبدولڵا کازرۆنی کەرێبازی شافیعی لەکوردستاندا پەرە پێدابوو. ناصر الدولە ئەحمەد، شاعیرو زاناو فەیلەسوفەکانی زۆر خۆش دەویستو ڕەوشتو ئاکاری پەسەندکراوی ئەو لەناو خەڵکدا بەناوبانگ بوو. مەلەکشا بیروبۆچوونی سەبارەت بەکورد باش نەبوو بۆیە بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە کەئەمارەتە کوردیەکان لەناو بەرێتو فەرماندە تورکەکان لەباتی ئەواندا دابنێت. هەر بەو مەبەستە بەدوای بیانویەك دەگەڕا بۆ لەناوبردنی ئەو ئەمارەتە کوردنشینانە.

دوا حاکمی مەروانی بەناوی منصور کوری ناصر الدولە ئەم بیانووەی خستە بەردەستی مەلەکشا، چونکە مەنصور وتارەکەی خۆی بەناوی خەلیفەی فاتمی میسرەوە خوێندبووەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوە کەمەلەکشا هێرش بکاتە سەر مەروانیانو لەناویان بەرێت. بەم جۆرە حکوومەتی مەراوانیانی کورد لەسەردەمی پاشایەتی مەلەکشای سەلجووقی هەر وەك شەدادیان کۆتایی پێهات.

## حەسنەوی، حکوومەتی برزیکانی ( حەسنەوییە )

دامەزرێنەری پاشایەتی حەسنەوییە میر حسێن سەرۆك عەشیرەتی برزیکانی لەساڵی (٣٣٠ ك. م) بوو کەلەگەڵ براکانی (ونداد و غانم) حکومەتێکی سەربەخۆیان پێکهێنا[١]

یەکەمین حاکمی پاشایەتی حەسەنوییەو ناوی ئەو پاشایەتیە لەئەو وەرگیراوە. حەسنەوی کەژیرو لێزان بوو لەسەردەمی برایانی ئالی بویەدا توانی نەتەنیا خۆی بپارێزێت، بەڵکو خۆی‌و سوپاکەشی کەکورد بوون وەك فاکتەرێکی گرنگ لەهاوسەنگی هێز دەرخات.

بەو شێوەیە کەمێژوونووسان نووسیویانە: دووجار سوپای (معز الدولە)ی تێکشاندو هەمەدان‌و دینەوەری خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، لەکاتێکدا (معز الدولە) ویستوویەتی تەنیا بەناوی ئەوەوە وتار بخوێنێ‌و بەس.

## ئەبو نەجم ناصر الدولەی بەدر:

ابو نجم جێگری حەسنوییە کەلەساڵی (٣٦٩ ك.م) ماڵئاوایی لەدنیا کرد.

(١) مێژووی کوردو کوردستان نووسینی شەرەفەدین بدلیسی



لەو کاتەدا حکومەتی ئالی بوویە لەژێر دەسەڵاتی عفدو الدولە بوو. عفدو الدولە کەلەشکستی سوپای دەیلەم بەهۆی حەسنەویەو کوردەکانەوە زۆر دڵگران بوو و بەشێوەی سەرەکی لەگەڵ کوردەکاندا پەیوەندی باشی نەبووە[٢]، بڕیاری دا کە دەسەڵاتی حەسنەوییە لەناوبەرێت.

بۆیە لەلایەکەوە نێوان منداڵەکانی حەسنەوییە ناکۆکی و دووبەرەکی دروست دەکردو لەلایەکی تریشەوە سوپایەکی زەبەلاحی پێکهێنا تا هێرش بەرێتە سەر وڵاتی کوردستان.

ابو نجم کە قەڵای سارماخ[٣] ناوەندی دەسەڵاتی حەسنەوی لەدەستدابوو. بەدیتنی ئەو کەش‌و هەوا پێی باش بوو کەخۆی تەسلیمی عضد الدولە بکات. تا شایەت بەم جۆرە حکومەتی حەسنەوییە بپارێزێت. هەر بۆیە بەبێ هیچ مەرج‌و بەربەستێك قەڵای سارماخی تەسلیمی عضد الدولە کردو بەناوی ئەوەوە وتاری خوێندو فەرمانی بەجێ هێنا.

عضد الدولە کەسەرانسەری هەمەدان‌و کرماشانی ئەمڕۆی داگیر کردبوو کوردەکانی بەناشیرینترین شێوە خستە بەر ئازارو ئەشکەنجەوە، بەڵام بەهۆی تەسلیم بوونی ئەبو نەجم‌و بەرگری لەسەرهەڵدانی هەمەلایەنی کوردەکانەوە سەرۆکایەتی عەشیرەتی برزیکانی دایە دەستی ئەبو نەجم ، ئەبو نەجم تا ئەو کاتەی عضد

(٢) کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا

(٣) قەڵای سارماج (سرمانج) ئێستا قەڵایەکی وێرانە لەنزیك گوندی حسێن ئاوا لەپانزە کیلۆمەتری بێستون

الدوله مابوو فەرمانی جێبەجێ دەکرد، بەڵام پاش مەرگی عضد الدوله لەژێر فەرمانی دەیلەمیان دەرچوو و بۆخۆی حکومەتی سەربەخۆی ڕاگەیاند.

ئالی بوویە بۆ سەرکوتی ئەبو نەجم سوپایەك بەفەرماندەیی قەرەتکین بەرەو کوردستان ڕەوانە دەکات، سوپای دەیلەمیان لەکرماشاندا بەرەوڕووی شەڕێکی قورس بووەوەو کوردەکان بەفەرماندەیی ئەبو نەجم خۆیان بۆ ئامادە کردبوو، لەو شەڕەدا کوردەکان سەردەکەونو ئەم سەرکەوتنەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەبو نەجم بەهێزبێتو دەسەڵاتەکەی بەرفراوان بێت.

ئەبو نەجم بەدر لەلاوازی ئالی بوویەو ناکۆکی شازادە دەیلەمیەکان بەباشی لەدەرفەت سوود وەردەگرێت. بەجۆرێك کەتوانی لەماوەیەکی کورت (خوڕەم ئاواو کرماشانو شارەزوور) داگیر بکاتو لەساڵی (٣٧٨ ك. م) بەگوێرەی (گێڕانەوەی ئەل کامل) خەلیفەی عەباسی نازاوی (ناصر الدینو الدوله) پێبەخشی[1].

ناخۆشترین کێشە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەمیر ئەبو نەجم بەدر ڕوویدا کەئەوەش ناکۆکییەك بوو لەنێوان ئەوو هەلالی کوڕی کەلەساڵی ٤٠٠ ك.م هاتە ئاراوە، هەلال بەهۆی دایکیەوە دژی باوکی (ئەبو نەجم) ڕاپەڕی پاشان براکەی تری واتە ئەبو عیسا پشتگیری لێکرد.

[1] کوردو کوردستان نووسینی ئەحمەد زەکی



ئەو دوو برا حاکمی شارەزوور واتە (الماضی) و کوڕەکانی کەلەهاوڕێیانی ئەمیر ئەبو نەجم بوون کوشت، هەلال لەشەڕ لەگەڵ باوکیدا توانی سوپای ئەمیر بەدر تێك بشکێنێتو تەنانەت (ئەمیر ئەبو نەجم بەدر) دیل بکات، بەڵام بەهۆی سۆزی باوکییەوە لەکوشتنی پەشیمان بووەوە.

ئەمیر ئەبو نەجم بەدر، ڕقو قینی کوڕەکەی لەدڵدا گرتو کۆی کردەوە هەر بۆیە بریاری دا کەلەناوی بەرێت. بەم شێوەیە هەڵسا بەجێبەجێکردنی بڕیارەکەی. سەرەتا بەرپرسو فەرماندەکانی سوپای لێ هاندا، پاشان لەو سەرکردەو فەرماندانەی کەلەدەرەوەی حکومەت بوون، داوای کرد هێرش بکەنە سەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هەلال، ئەوانیش کەبەشوێن هەلێکی وادابوون تا دەسەڵاتی خۆیان بەرفراوان بکەن هێرشیان بردە سەر وڵاتی کوردستان، بەشێوەیەك کەبەهادەولەی دەیلەمی لەو هەلە سوودی وەرگرتو سوپایەکی ڕەوانەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حەسنەویە کرد. هەلال لەئاکامی بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای دەیلەمدا تێکشاو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لەلایەن بەهادەولەوە داگیر کرا. بەم جۆرە ئەمیر بەدر بۆ جاری دووەم بەدەسەڵات گەیشت.

ئەمیر ئەبو نەجم بەدر توانی دەسەڵات بگرێتە دەستەوە، بەڵام ئیتر ئەو شکۆو گەورەییەی جارانی نەمابوو و لەهەموو شوێنێکی وڵاتی حەسنەوییەدا لەدژی ئەو بەپشتیوانی هەلال کەلەزیندانی بەدر بوو شۆڕش بەرپا کرا. بەجۆرێك کەلەساڵی (٤٠٥ ك.م) کاتێك کەئەمیر بەدر بۆ سەرکوتی یەکێك لەو سەرهەڵدانانە بۆ شەڕ

بەرێکەوتبوو. سەربازەکانی لەدژی هەستان‌و لەئاکامی ئەو سەرهەڵدانەدا ئەمیر بەدریان کوشت. پاش مەرگی ئەمیر بەدر، حکوومەتی بزریکانی حەسنەوییە لەناوبرا، هەرچەندە ماوەیەك هەندێ لەشازادەکانی حەسنەوییە بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتە تێکۆشان، بەڵام سوودێکی نەبوو. دوایین ئەمیری حەسنەوییە ئەبوو سەلیمی دەیسەم بوو کەقەڵایەکی لەنزیکی بابا یادگار لەژێر دەستدابوو[٢]

## حکوومەتی ئەیوبیان:

دامەزرێنەری حکومەتی ئەیوبیان شادی کوڕی مەروان لەهۆزی (ڕەوادی)یە کەئەم هۆزە لقێك بوو لەعەشیرەتی کوردە (هەزبانیەکان).

شادی لەگەڵ عەشیرەکەی خۆی لەدوێن ژیاوەو دوو کوڕی هەبووە بەناوەکانی نەجمەدین ئەیوب‌و شێرکۆ.

نەجمەدین ئەیوب کوڕە گەورەی شادی لەسەردەمی مەلەکشای سەلجووقیدا ئەمارەت‌و حکومەتی تکریتی لەدەستدابووە.

نەجمەدین لەساڵی (٥٢٦ك.م) کەسوپای عیمادەدینی زەنگی لەسەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان مەسعود کوڕی مەلەکشا، لەسوپای سەلجووقی شکست دەخوات‌و دەچێتە هانای عیمادەدینی

(٢) سەبارەت بەکوردو کوردستان محەمەد ئەمین زەکی



زەنگییەوەو لەئاکامدا سوپای سەلجوقی تێك‌وپێك دەشکێت‌و هەڵدێت.

ئەم ڕووداوە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەلجووقیەکان لەبنەماڵەی نەجمەدین ئەیوب دڵڕەش بن، بەپێی ئامۆژگاری موجاهیدەدین بەهرۆز، پاشای سەلجووقی بەغدا، نەجمەدین ئەیوب لەگەڵ بنەماڵەکەی، تکریت چۆڵ دەکات‌و دەچێتە لای عیمادەدینی زەنگی بۆ موسڵ کەلەو شارەدا سەلاحەدین لەدایك دەبێت.

عیمادەدین کەنەجمەدین ئەیوبی، بەرزگارکەری خۆی دەزانی. ڕێزێکی زۆر بۆ ئەوو شێرکۆی برای‌و هۆزی ڕەوادی دادەنێت. هەر بۆیە ئەوانیش دەچنە ناو سوپاکەیەوە، لەساڵی (٥٣٤ك.م) عیمادەدین توانی سوریەو لوبنان داگیر بکات‌و بەهۆی ئەو خزمەت‌و هاوکاریەی کەنەجمەدین ئەیوب پێیکردبوو، شاری بەعبەلەکی دەداتێ.

پاش مەرگی عیمادەدینی زەنگی، نوورەدین مەحموودی کوڕی وەك جێگری باوکی هەڵبژێردرا، شێرکۆی برای نەجمەدین ئەیوب‌و مامی سەلاحەدین بەبۆنەی ئازایەتی‌و ژیرییەوە لەلایەن نورەدینەوە وەك فەرماندەی سوپا دیاریکرا.

لەشەڕێکدا کەلەنێوان کوڕەکانی عیمادەدین ڕوویدا، نورەدین بەیارمەتی کوردەکانی هەزبانی‌و شێرکۆی فەرماندەوە سەردەکەوێت‌و بەو بۆنەوە حکوومەتی شام بەشێرکۆ دەبەخشێ لەو ماوەیەدا سەلاحەدینی لاو لەگەڵ مامیدا دەنێو سوپای نورەدین زەنگی ڕازو ڕەمزی شەڕ لەو فێر دەبێت. بوێری‌و زانایی

سەلاحەدین بەشێوەیەك بوو كەسەرنجی نورەدین زەنگی بۆلای خۆی رادەكێشیَو لەزۆربەی بوارەكاندا لەگەڵ سەلاحەدیندا راوێژ دەكات.

كاتێك كەبۆ یەكەمین جار شاوێر وەزیری خەلیفەی فاتیمی میسر لەنورەدین دوای یارمەتی كرد، نورەدین شێركۆی بەسوپایەكەوە بۆ یارمەتی خەلیفەی فاتمی رەوانەی میسر كرد.

شێركۆ لەو ئەركەدا سەلاحەدینی وەك فەرماندەی سوپای پێشڕەو لەگەڵدابوو.

سوپای شام پاش سەركوتی دوژمنانی خەلیفەی فاتمی بڕیاری دا بچێتە ناو قاهیرەوە، بەڵام شاوێر رێی لەو كارە گرت.

بەم هۆیەوە شێركۆ شەو لەدەرەوەی شار مایەوە ئەم كارە بووە هۆی ئەوە كەشاوێر بۆ بەرپەرچدانەوەی سوپای شێركۆ پەنا بەرێتە بەر مەلیك ئاموری حاكمی مەسیحی قودسو ئەویش بەسوپایەكەوە بەرەو میسر بچێت.

پاش شەڕێكی دژوارو درێژخایەن، هەردوو لایەن بڕیاری ئاشتیان داو لەسەر ئەوە رێككەوتن كەهیچ لایەنێك نەچێتە نێو قاهیرەوە.

بەڵام پاش ئەوەی شێركۆ میسر بەجێ دێڵێت، شاوێر و مەلیك ئاموری پەیمانیاندا كەسوپای قودس بچێتە نێو قاهیرەوە. بۆیە شێركۆ بەفەرمانی نورەدین ئەركی داگیركردنی میسری پێ سپێردرا. پاش شەرێكی درێژخایەن بۆ جاری دووەم هەردوولایەن



بڕیاریاندا ئاشت ببنەوەو هیچ لایەنێكیان نەچنە ناو قاهیرەوەو میسر بەجێ بهێڵن.

ئام لەریك، كەببووە جێگری ئاموری لەقودس، پاش چەند ساڵ تێپەڕبوون بەسەر شەڕی دووەم لەنێوان شێركۆو ئاموری، بۆ جاری سێیەم هێرشی كردە سەر میسرو ژمارەیەكی زۆر لەموسڵمانانی كوشت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی كەخەلیفەی فاتمی خۆی راستەوخۆ لەنورەدین مەحمود داوای یارمەتی بكات.

نورەدینیش شێركۆی راسپارد تا بەسوپایەكی زۆرەوە بچێت بۆ میسرو لەو وڵاتە بەرگری بكات. شێركۆ توانی بچێتە ناو میسرەوەو مەسیحیەكان لەو شارەدا دەرپەڕێنێ. شاویر وەزیری خەلیفەی فاتمی پاش سەركەوتنی شێركۆ بڕیاریدا، ئەم جارەش بەهەر شێوەیەك بووە سوپای شام لەمیسر دەرپەڕێنێ. بۆیە بۆ ئەم مەبەستە بڕیاریدا شێركۆ لەناوبەرێت، بەڵام ئەم پیلانە بەوریایی‌و زیرەكی سەلاحەدین‌و كوڕەكەی شاوێر دەركەوت‌و پووچەڵ كرایەوە.

لەبەرانبەردا خەلیفەی فاتمی فەرمانی كوشتنی شاوێری دەركردو سەلاحەدینی لەجێی ئەو داناو نازناوی (ئەلمەنسور ئەمیر جیوشی) پێبەخشی.

لەساڵی (٥٦٤ك.م) شێركۆ مردو بەبڕیاری نورەدین ، سەلاحەدین بەفەرماندەی هێزی زەنگی كەلەمیسردا جێگیر ببوو هەڵبژێدراو خەلیفەی فاتمی نازناوی (مەلیك ناسر ئەبو موزەفەر

سەلاحەدین)ی پێبەخشی، سەلاحەدین لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا ئەم سەرکەوتنەی بەدەستهێنا.

موعتەمەنۆل خەلافە وەزیری گەورەی سەرۆك وەزیری فاتیمی کەدەیبینی رۆژ لەدوای رۆژ خۆشەویستی و دەسەڵاتی سەلاحەدین زۆرتر دەبێت، پێی ناخۆش بوو و بڕیاریدا لەناوی بەرێت.

بەڵام سەلاحەدین دەسپێشخەری کردو ئەوی کوشتو سوپا سەرهەڵدراوەکەشی بەیارمەتی براکەی، شەمسولدەولەی تورانشا تێکشاند.

لەگەڵ مەرگی موعتەمەنول خەلافە، سەلاحەدین هەم بووە سەرۆك وەزیری خەلیفەی فاتمی و هەم فەرماندەی گشتی سوپای شام لەمیسر. لەئاکامدا خەلیفەی فاتمی لەپراکتیکدا ببوە چاودێرو تەنیا لەوتارەکانی نوێژی هەینی ناوی لێدەبرا.

پاش مەرگی خەلیفەی فاتمی، ئەلعازود لەساڵی (٥٦٧ك.م) سەلاحەدین کاروباری میسری بەتەواوەتی لەدەست گرتو بەناوی خەلیفەی عەباسیەوە وتاری دەخوێندەوە.

لەبەرئەوەی کەنورەدین لێی نەرەنجێت ناوی سوڵتان زەنگی پاش ناوی خەلیفەی عەباسی دەهێنایەوە.

بەرە بەرە بەهۆی پیلان گێرانی هەندێ لەدەرباریانی شا، نێوانی سوڵتان نورەدین و سەلاحەدین تێکچوو بەجۆرێك کەنورەدین بڕیاریدا میسر داگیر بکات، بەڵام تەمەن بواری پێنەداو مرد.

بۆیە مەلیك ساڵح ئیسماعیلی کوڕی، کەپانزە ساڵان بوو، لەجێی دانرا. مەلیك ساڵح لەبەرئەوەی کەتوانای بەڕێوەبردنی



وڵاتی نەبوو، تووشی لاوازی هاتو بشێوی سەرانسەری وڵاتی لەخۆگرتو دەرباریانیش لەم هەلە سوودیان وەرگرتو بەقازانجی خۆیان هەلەکەیان قۆستەوە. لەئاکامدا سەلاحەدین بڕیاریدا، وەزعەکە هێور کاتەوە، هەر بۆیە نامەیەکی نووسی بۆ ئەلموستەفی بیللا خەلیفەی عەباسی و ئەوی لەهەلومەرجەکە ئاگادار کردەوەو بەسوپایەکەوە بەرەو شام کەوتەڕێ.

سەلاحەدین پاش سەرکەوتنی سەرهەڵداوانی شامو داگیرکردنی حەلەبو دیمەشقو ناوچە گرنگەکانی تری شام، لەلایەن خەلیفەوە سەوقاتو دیاری وەرگرتو پاشان نازناوی سوڵتانی پێبەخشرا.

## پاشایەتی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی

سەلاحەدین پاش وەرگرتنی نازناوی سوڵتان لەلایەن خەلیفەوە، وڵاتی شامی خستە ژێر دەستی تورانشای برایەوەو خۆی بەرەو میسر بەڕێکەوت. سوپای مەسیحی لەم هەلە سوودی وەرگرتو هێرشی بردە سەر وڵاتی شامو خەڵکی زۆریان لێ کوشت، پاش ئەم رووداوە سوڵتان سەلاحەدین بەهێزێکی یەکجار زۆرەوە بۆ شەڕ لەگەڵ مەسیحیەکاندا بەڕێکەوتو پاش شەڕێکی درێژخایەن دواجار سوپای سەلیبی تێکشاندو سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

سوڵتان سەلاحەدین پاش زاڵبوون بەسەر وڵاتی شامدا، سەرکوتی دوژمنانی نێوخۆی میسری دەستپێکردو کەم کەم

دەسەڵاتی خۆی زۆرتر کرد. بەجۆرێك کەتا ئەو سەردەمە گرنگترین‌و بەهێزترین سوڵتانی موسڵمان سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی بوو.

خاڵی گرنگ لەم رووداوە ئەوەیە کەلەبەر ئەوەی زانایانی مەسیحی دژی موسڵمانان فەرمانیان دەرکردبوو لەنێو موسڵمانەکاندا ئیتر رەگەزو نەتەوە لەئارادا نەبوو، ئەوەی کەگرنگ بوو و لەبەردەم هەڕەشەی مەسیحیاندابوو، ئیسلام، موسڵمانان‌و شوێنە پیرۆزەکانی ئەوان بوون، بۆیە لەبنەڕەتدا نەتەوە لەپاش ئەو مەسەلە گرنگانە دابوو. رەنگە هەر ئەم فاکتەرە بووبێتە هۆی ئەوە کەسەلاحەدین کەمتر گرنگی دابێتە مەسەلەی نەتەوایەتی.

سەلاحەدین بەدیتنی سەلیبییەکان، لەوڵاتی موسڵماناندا بەتایبەت داگیرکردنی بەیتول موقەدەس لەلایەن مەسیحیەکانەوەو کوشتنی موسڵمانان بڕیاریدا هەم موسڵمانان‌و هەم قودسیش رزگار بکات.

پەیمانشکێنی ریموند فەرماندەی مەسیحیەکان‌و سوکایەتی بەناموس‌و پیرۆزییەکانی موسڵمانان بیانوویەکی باش بوو، بۆ ئەوەی شەڕ لەنێوان مەسیحیەکان‌و موسڵماناندا داگیرسێت. سەلاحەدین لە١٦ی رەبیعولئەوەلی ساڵی (٥٨٣ك.م) پاش خوێندنی نوێژی هەینی بەسوپاکەیەوە لەرووباری (طبرية) پەڕییەوەو ریمۆندی تێکشاندو ئەو ناوچانەی رزگار کرد. لەم شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لەسەلیبییەکان کوژران یان بەدیل گیران‌و



موسڵمانەکانیش دەسکەوتی زۆریان بەدەستهێنا، تەنانەت سەلیبی پیرۆزی مەسیحیەکانیش کەوتە دەست موسڵمانەکانەوە.

سەلاحەدین بەم سەرکەوتنە بڕیاری دا (بيت المقدس) کەبۆ تەواوی ئایینەکان گرنگ‌و پیرۆز بوو رزگار بکات. هەربۆیە سوڵتان سەلاحەدین بەپێچەوانەی سەلیبییەکان کەلەکاتی داگیرکردنی ئەو شارەدا بێجگە لەچەپاوو تاڵان بیریان لەهیچی دیکە نەدەکردەوە، بڕیاریدا تا ئەو جێ دەکرێت بەبێ شەڕو وێرانکاری شار، رزگاری بکات.

بۆیە پێشنیاری بەسەلیبییەکاندا، کەبەئاشتی شار تەسلیم بکەن، بەڵام سەلیبییەکان ئامادە نەبوون بەئاشتی ئەو کارە بەئەنجام بگەیەنن، سوڵتان سەلاحەدین لەمانگی رەجەبی ساڵی (٥٨٣ك.م) بەیتول موقەدەسی گەمارۆ داو بەڕووخانی دیواری شار پێشڕەوی کردو رۆیشتە ناو شارەوە.

سەلیبییەکان کەدڵنیابوون لەتێکشکانی خۆیان، داوای ئاشتیان کرد، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، سوڵتان سەلاحەدین لەبەر ئەوەی نەیدەویست شارەکە وێران بێت، داواکاریەکەی قەبول کردو بریار درا کەسەلیبییەکان بەبێ شەڕ شار چۆڵ بکەن.

لەبەرانبەردا سەلاحەدین بۆ هەر پیاوێکی سەلیبی دە دینار خوێن بایی و بۆ هەر ئافرەتێك پێنج دینارو هەر منداڵێك دوو دیناری دیاری کرد کەدەبوا لەکاتی دەرچوون لەشاردا بیاندابا بەسوڵتان. هەڵبەتە ئەم بڕە پارە تەنیا بۆ ئەو سەلیبیانەی کەلەئەوروپادا بۆ شەڕ لەگەڵ موسڵماناندا هاتبوون دیاری کرا.

مەسیحیەکانو جوولەکەکانی دانیشتووی بەیتول موقەدەس لەو خوێنبایيە بەخشرابوون.

هەڵسوکەوتی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی لەگەڵ مەسیحیەکانو تەنانەت سوپای سەلیبی بەشێوەیەك نەرمو نیانو دڵسۆزانە بوو کەبەهیچ جۆرێ ناکرێ لەگەڵ هەڵسوکەوتی سەلیبیەکان لەکاتی داگیرکردنی بەیتولموقەدەسدا بەراورد بکرێت.

کاتێك کەگودفرای لەساڵی (١٠٩٩ز) بیت لمقدسی داگیر کرد، تەنیا لەمزگەوتی بەیتول موقەدەس دە هەزار کەسی کوشت. بەجۆرێك کەگودفرای لەنامەیەکیدا بۆ پاپ ئەربانی دووەم لەساڵی ١٠٩٩ز بەم شێوەیە باس لەو کردەوەی خۆی دەکات:

(ئەگەر ئەتانەوێ بزانن لەگەڵ ئەو دوژمنانەی کەلە بەیتولموقەدەسدا بەدیل گیران چۆن هەڵسو کەوتیان لەگەڵدا کرا، هەر ئەوەندە بزانن کەهێزی ئێمە لەڕەواقی سلیمان لەگۆمی خوێنی موسڵماناندا هێرشیان دەبردو خوێن دەگەیشتە ئەژنۆی ئەسپەکانیانو نزیکەی دە هەزار موسڵمان لەمزگەوتدا کوژران)[٧٢]

بەڵام سەلاحەدینی ئەیوبی پاش ئازادکردنی بەیتول موقەدەس لەبەرانبەر ئەم کردەوە ناجوامێرانە تەنیا بەبۆنەی مەلیك عادلی برایەوە دە هەزار کەسی بەخشیو رۆژێکی دانا تا ئەو هەژارە سەلیبیانەی کەپارەی خوێنباییان نەبوو ئەو پارە دابین بکەن.

---

[72] د. گۆستاڤ لۆبۆن لەمێژووی ژیانی مرۆڤ، کە نووسینی مەحمودی حەکیمیە، وەریگرتووە.



شەڕکەرانی سەلیبی بەهۆی گریانو زاری ژنو منداڵەکانیانەوە دەخستە بەر لێبوردنو هەروەها زۆر بواری تر کەباس لەجوامێریو ئازایەتی ئەو پیاوە دەکات، پاش رزگار کردنی بیت المقدس سوڵتان سەلاحەدین دەستی کرد بەئاوەدانکردنەوەی شارەکەو مزگەوتو شوێنە پیرۆزەکانی نوێ کردەوەو لەخەڵکی موسڵمانو مەسیحیو یەهودی ئەو وڵاتە دڵنەوازی کرد.

بەڵام رزگارکردنی بیت المقدس قۆناغێکی نوێ لەشەڕی سەلیبی هێنایە ئاراوە. چونکە بووە هۆی ئەوە کەمەسیحیەکان وەك قۆناغی یەکەمی ئەو شەڕانە یەکگرنەوەو بەهێزێکی نوێوە ئامادەی شەڕ بن. قەشە مەسیحیەکان فەرمانی جیهادیان راگەیاندو دەستە دەستە بۆ داگیرکردنی وڵاتە ئیسلامیەکان بەرەو فەلەستین کەوتنە رێ.

حاکمانو فەرمانڕەوایانی مەسیحی لەئەوروپادا بۆ جارێکی تر هێزو ئیمکانیاتی خۆیان رێکخست لەوانە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا فردریك باربارۆس بوو، کەبەرەو فەلەستین وەڕێکەوت.

بە کۆبوونەوەی ئەم هێزانە، سوپای سەلیبی بەهێز بوو، سەلاحەدینیش لەئەمیران و فەرماندە موسڵمانەکانی ناوچە جیاجیاکان داوای یارمەتی کرد، بەڵام هیچ یارمەتییەکی پێنەگەییشت، ئەم سوڵتانە گەورە بەتەنیاو بەسوپاکەی خۆیەوە لەبەرانبەری سەلیبیەکان راوەستا، لەم سەروبەندەدا فردریك بەهۆی رووداوێکەوە گیانی لەدەست داو مرد، مەرگی ئیمپراتۆر بووە هۆی ناکۆکی لەنێو ریزەکانی سوپای سەلیبیەوەو سەلاحەدین لەم

ناکۆکییە سوودی وەرگرت‌و شکستی پێدان، بەو شکستە سوپای فردریک باربارۆس، پاپ‌و فەرماندەکانی تری مەسیحی کەوتنە پەلەقاژە بۆ بەهێزکردنی سوپاکەیان، بۆیە فلیپ ئەگۆستی پیرۆز لەفەرەنسەو ریچارد شێردل لەئینگلیز لەساڵی (٥٨٧ک.م) بەرەو فەلەستین کەوتنە ڕێ‌و شاری (عەکایان) گەمارۆدا.

بەڵام لەبەرانبەردا سوڵتان سەلاحەدین کەلەگەڵ سوپاکەی بەهۆی ناکۆکی حاکمانی موسڵمان لەناوچە جۆراوجۆرەکاندا بەتەنیا مابووەوە، بەدرێژبوونی ماوەی گەمارۆی شاری عەکا لەلایەن مەسیحیانەوە بەهۆی ئازایەتی‌و بەرەنگاری دلێرانەی موسڵمانان بەسەرکردایەتی ئەمیر سەیفەدینەوە، مەسیحیەکان نەیانتوانی شاری عەکا داگیر بکەن، بەڵام بەهۆی بەردەوام بوونی گەمارۆی شارو تەواوبوونی خواردەمەنی و ئیمکانیاتی موسڵمانان دواجار شاری عەکا داگیر کراو کوشتارێکی وەحشیانەو نامرۆڤانە لەو شارەدا بەڕێوەچوو.

پاش داگیرکردنی شاری عەکا نێوان سەلیبییەکان دووبەرەکی و ناکۆکی روویدا، فلیپ کەکردەوەی ریچاردی پێ قەبوول نەدەکرا، گەڕایەوە بۆ ئەوروپا، سوڵتان سەلاحەدینیش لەم هەلە ئەوپەڕی سوودی بردو توانی بەهێرش بردنی یەك لەدوای یەك سوپای ئینگلیزو ریچار لاواز بکات، هەر بۆیە ریچارد پەنای بردە بەر ئاشتی‌و پێشنیاری ئاشتی کرد.

لەگفتوگۆی نێوان سەلاحەدین‌و ریچارد بڕیار درا کەمەلیك عادل خوشکی ریچارد مارە بکات‌و ریچارد ئەو ناوچانەی کەداگیری



کردبوون وەك دیاری بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی مەلیك عادل‌و سەلاحەدینیش حکومەتی بەیتول موقەدەسی بداتێ.

ئەم پەیمانە بەهۆی لوتەلا بوونی سەلاحەدین‌و هەروەها دژایەتی کلێساو پاپ‌و تاوانبارکرانی ریچاردو خوشکەکەی بەلادان لەرێبازی ئایینی کلێساوە بەئەنجام نەگەیشت‌و تەواوی وتوێژەکان پچڕان‌و شەڕ لەنێوان سەلیبییەکان‌و موسڵماناندا بۆ جارێکی‌تر دەستپێکردەوە، بەڵام بەهاتنی وەرزی زستان سوپای ریچارد بەرەو لاوازی ڕۆیشت.

بەلەبەرچاوگرتنی کێشە نێوخۆییەکانی ئینگلیزو ئەو هەواڵانەی کەبەریچارد دەگەیشت‌و هەروەها ئەو گورزە کوشندانەی کەسوپای ئیسلام بەرەو رووی سەلیبییەکانی دەکرد، ریچاردی ناچار کردبوو بۆ چەندەمین جار داوای ئاشتبوونەوە بکات.

لەئاکامی ئەم ئاشتەواییە تەنیا شوێنێکی تەنگ و بەرتەسك لەبەندەرەکانی سوورو عەکا، لەژێر دەستی سەلیبیون مابووەوەو سەلاحەدین دواجار توانی تەواوی ئەو ناوچانەی کەلەژێر دەستی مەسیحیەکاندا بوو، رزگار بکات.

سەلاحەدین سەرداری گەورەی ئیسلام بەبێ رەچاوکردنی دەمارگیری نەتەوەیی‌و رەگەزی تەنیا بۆ رزگاری وڵاتە ئیسلامیەکان شەڕی دەکرد. ئەم فەرماندە گەورەیەی گەلی کورد لەساڵی (٥٨٩ ک.م ١١٩٣م) نەخۆش کەوت‌و لەتەمەنی ٥٧ ساڵیدا ماڵئاوایی لەدنیا کرد.

پاش مەرگی سەلاحەدین ناوچەکانی ژێر دەستی لەنێوان منداڵەکانیدا دابەش کرا بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوانیان، بنەماڵەی ئەیوبی لاواز بوو و ئیتر ئەو رۆڵەی کەلەسەردەمی سەلاحەدین دەیانبینی لەلایەن جێگیرەکانیانەوە جێبەجێ نەبوو.

## کورد لەسەردەمی خارەزمشایانو مەغولاندا

هەروا کەوترا سەردەمی سەلجوقی سەردەمێك بوو کەتورکەکان جێگای خۆیان لەئازەربایجان کردبۆوەو بەرە بەرە بەهێز دەبوون، ئەم هۆکارە واتە بوونی توخمی تورك لەپاڵ کوردا بووە هۆی ئەوە کە بۆ یەکەمین جار لەسەردەمی سوڵتان سەنجەردا ناوی ویلایەتی کوردستان بەناوەندێتی بەهار بێتە ئاراوە. لەسەردەمی خارەزمشایاندا کوردستان گۆڕانکاری بەسەرهات. کەیەکێك لەناخۆشترین سەردەمی کوردەکانی ئەوکاتە بوو، سوڵتان جەلالەدین کوڕی سوڵتان محەمەدی خارەزمشا زۆرترین تاوانی لەکوردستاندا ئەنجامدا.

بەهۆی پێکدادنو ناکۆکی نێوان خارزمشایانو خەلیفەی عەباسی لەبەغدا سوپایەك لەلایەن خارەزمشایان بەفەرماندەیی جەلالەدین خارەزمشاوە بەرەو بەغدا بەرێکەوت. ئەم سوپایە لەناوچەی کوردستان تێپەڕی، بەڵام بەهۆی ئەوەوە کەخەڵکی کورد سەر بەخەلیفەکانی عەباسی بوون دژی سوپای خارەزمشا



وەستانو بەسوودوەرگرتن لەوەرزی زستان لەناوچەی کرماشان، کوردەکانی هەکاری هێرشیان بردە سەر ئەو سوپایەو زۆربەیان لەناوبرد.

جەلالەدین هەڵهاتو پاش ماوەیەك بەیارمەتی ئەو سوپایەی کەسوڵتان محەمەد بۆی ناردبوو، سوپایەکی نوێو پۆشتەو پەرداخی ئامادە کردو ئەم جارە لەباتی هێرش بردن بۆ سەر بەغدا دەستی بەسەرکوتی کوردەکان کردو تاوانی زۆری بەرانبەر وان ئەنجام دا، یەکێك لەگرنگترین هۆکارەکانی دوژمنایەتی خارەزمشایان لەگەڵ کوردەکان، دەگەڕێتەوە بۆ بەرگریو پشتگیری کوردەکان لەخەلافەتی عەباسی بەتایبەت لەسەردەمی خەلافەتی ناسر، کەخەلیفەی ئەو سەردەمەی عەباسیان بوو.

ناسر کەنازناوی سوڵتانی بەخشیبووە سەلاحەدین، ئەوی راسپارد تا لەرۆژئاواوە بەرگری بکات لەو سنوورانەو لەگەڵ سەلیبیەکاندا بەشەڕبێت، لەبەرەی رۆژهەڵاتیش لەهێزی کوردەکان بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ خارەزمشایاندا سوودی وەرگرت.

دەتوانی بڵێی سوڵتان جەلالەدین بکوژی کوردەکان بوو و تاوانی زۆری لەکوردستان ئەنجام دا. هەڵبەتە باپیریشی کەناوی (تەکش) بوو تاوانێکی ئەوتۆی جێبەجێ کردبوو، لەڕاستیدا خارەزمشیان سەبارەت بەکوردەکان لەهیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانەو تاوانو کوشتن باکیان نەبوو.

ڕەواندی سەبارەت بەخارەزمشیان دەڵێت ( زوڵمو زۆری ئەوان لەزوڵمو زۆری کافرو لادەری ئەبخازیو تورکی خەتاییو فەرەنگی شامی زۆرترو خراپتر بوو).[٧٣]

هەر بۆیە لەتەواوی کوردستانو ئازەربایجاندا کوردەکان لەگەڵ خارەزمشایاندا ناکۆكو دژ بوون.

چارەنووس وابوو کەجەلالەدین پاش مەرگی چەنگیز لەهیندەوە بۆ ئیران گەڕایەوەو لەئازەربایجاندا نیشتەجێ ببێت.

جەلالەدین لەورەو حەماسەتی نیشتمانپەروەی کوردەکان سوودی وەرگرتو توانی ناوەندێك بۆ خەبات و سەرهەڵدان دژی مەغۆلەکان پێك بێنێ.

کوردەکان لەشەڕ دژیی مەغۆلەکان یارمەتیەکی زۆری جەلالەدینیان کرد، بەڵام جەلالەدین کەلەو سەرکەوتنانە سەرمەست بوو، خواردنەوەو زوڵم زۆری کرد بەپیشەی خۆیو خەڵکی لەخۆ ناڕازی کرد.

دواجار مەغۆلەکان بۆ سەرکوتی دوژمنانو سەرهەڵدانەکان بەفەرماندەیی هۆلاکۆ بەرەو ناوەندی ئەو سەرهەڵدانە واتە کوردستان سووپایەکیان وەڕێخست. جەلالەدین کە ورەو خۆڕاگری لەدەست دابوو لەمەیدانی شەڕ هەڵهاتو لەشاخو کێوەکانی کوردستان لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە کوژرا.

---

[73] مێژووی ئیران، نووسینی : کەمبریج ج.٥



هەرچەندە کوردستان لەبەرانبەر مەغۆلاندا خۆڕاگری کرد، بەڵام هۆلاکۆ مەراغەو تەواوی کوردستانو ئازەربایجانی داگیر کردو بەڕێنماییو هاندانی خاجە نەسرەدینی تووسی بڕیاریدا لەڕێگای کوردستانەوە، هێرش بکاتە سەر بەغدا کە بۆ ئەم مەبەستەو بۆ پتەوکردنی ڕێگای کوردستان کوردەکانی ئەو ناوچانەی کە بەرەنگارییان دەکرد بەتوندی سەرکوت کرد. کاتێك کەمەغۆلەکان گەیشتنە سنوورەکانی دەسەڵاتی زەنگی، سەرداری بەناوبانگی زەنگی واتە بیبرس لەبەرانبەری ئەواندا خۆڕاگری دەکاتو لەنامەیەکدا بەشانازییەوە دەڵێت کە(سوپاکەی پڕە لەسوارچاکانی کورد)[٧٤]

کورد لەگەڵ مەغۆلەکاندا هیچ جۆرە هاوکاری نەکردووە بەشێوەیەك کەلەسەردەمی ئیلخانانداا ناوێك لەکورد نەبراوە.

بەهەر شێوەیەك بێت لەسەردەمی ئیلخانیەکان مەراغە کەیەکێك لەناوەندە کوردیەکان بوو، کەوتە دەستی مەغۆلەکانو پاشان بەرە بەرە ئەم ناوچە کوردنشینە لەلایەن تورکو تورکەکانەوە داگیر کرا.

---

[74] کوردو کوردستان، نووسینی محەمەد زەکی،و حەبیبوڵا تابانی

## کورد لەسەردەمی سەفەویەکاندا

لەسەردەمی سەفەوییەکاندا، نێوان گەلی کوردو حکومەتی ئێران ناکۆکیەك هاتە ئاراوە. بەداخەوە سیاسەتو کردەوەی دامەزرێنەری پاشایەتی سەفەوییە بەجۆرێك بوو کەبووە هۆی دابڕانو جیاکردنەوەی کوردستان لەئێرانو لەئاکامدا زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عوسمانیو هەندێ لەم نەتەوە ئێرانیانە لەوڵاتی گەورەی ئێران جیابوونەوە.

شا ئیسماعیلی سەفەوی زۆر بێڕێز کوردی تەواشا دەکردو بەهۆی جیاوازی ئایین متمانەی بەکوردەکان نەبوو و ئاق قویۆنولۆکان دەستیان کرد بەلەناوبردنی سەرۆك کوردەکانو دانانی تورکو تورکمەنەکان لەباتی ئەوان، بەشێوەیەك کەبەپێی راپۆرتی مێژوونووسان، کاتێك کە یازدە کەس لەسەرۆك کوردەکان لەشاری (خوێ) بۆ دەربڕینی پشتیوانیو پەیمانی وەفاداری لەشا ئیسماعیلو پیرۆزبایی، هاتبوونە دیوانی پاشاوە، شا ئیسماعیل وێڕای دەســــبەسەرکردنیان لەزیندانی تەورێزدا زیندانی کردن[٧٥].

---

[75] زۆربەی مێژوونووسان ئەم باسەیان گێڕاوەتەوە، لەوانە محەمەد ئەمین زەگی لەکتێبی وردو کوردستانو مێژووی کەمبریجو مێژووی مەردۆخ.



ئەم کارەی شا ئیسماعیل بووە هۆی ئەوەی کە سەرکردەکانی تری کوردو بەشێوەی گشتی کوردەکان لەو حکوومەتە روویان وەرگەڕاند. هەڵبەتە لەو نێوەدا دەبێ ئاماژە بدەین بەجیاوازی ئایینی نێوان کوردەکانو سەفەوییەکان. کەبەلەبەرچاوگرتنی دەمارگیری لەرادەبەدەری شائیسماعیل ناکۆکی نێوان کوردو حکوومەتی سەفەوییە رۆژ لەدوای رۆژ زۆرتر دەبوو.

شا ئیسماعیل لەباتی ئەو یازدە کەسە کوردەی کەبەندی کردبوون، سەرۆكو فەرماندەی هۆزە کوردەکانی لەگەورەکانی قەزلباش دانا، کە ئەم کارە بووە هۆی ناکۆکیو پچڕانی هۆزە کوردەکان لەگەڵ سەرۆکەکانیان.

ئەو یازدە سەرۆك کوردەی کەلای شا ئیسماعیلی سەفەوی بەند کرابوون تا ئەو کاتەی سوڵتان سەلیمی عوسمانی تەورێزی داگیر کردو لەبەندی شائیسماعیلدا مابوونەوە.

بەپێچەوانەی شا ئیسماعیل، سوڵتان سەلیمی عوسمانی بەوریاییو تێگەیشتنی زۆرەوە بەدامەزراندنی بیرناسو فەیلەسووفانی کورد، لەوانە حەکیم ئیدریسی بەدلیسی، سەرنجی کوردەکانی بۆلای خۆی راکێشاو بۆ شکست دانی سەفەوییەکان سوودی لێوەرگرتن.

بەجۆرێك کەیەکێك لەفاکتەرەکانی شکستی سەفەویان، هاوپەیمانێتی کوردەکان بوو لەگەڵ عوسمانیەکان. سوڵتان سەلیم دەسەڵاتی تەواوی دابوو بەحەکیم ئیدریسی بەدلیسی تابەهۆی

ئەوەوە سەرۆکە کوردەکان بەشێوەی گونجاو ببنە هاوپەیمانی عوسمانیەکان[٧٦]

سوڵتان سەلیم ئەو بڕیارە حکوومەتیانەی کەتەنیا مۆرو واژۆ کرابوون خستبووە ژێر دەستی حەکیم ئیدریسی بەدلیسی تا بەپێی دیدو بۆچوونی خۆی بڕیارە پێویستیەکانی تێدا بنووسێت، حەکیم ئیدریس هەوڵیدا نەتەنیا فەیلەسووفو سەرۆك کوردەکان ڕاگری بەڵکو بەبەخشینی خەڵاتو دیاری جۆراوجۆر هانیان بدات بەهاکاریکردن لەگەڵ سوڵتان سەلیم، بەڵام شائیسماعیل هەروا کەپێشتر ئاماژەی پێدرا بە پێچەوانەی سوڵتان سەلیم ڕێزێکی بۆ کوردەکان دانەناوەو هیچ ئەرکو پلەو پایەیەکی پێنەدەسپاردنو تەنانەت لەسەر ئەرکو پلەو پایەی خۆیان لای دەبردن.

بەجۆرێك کەئەمیر بەگی مووسڵی کەحاکمی مووسڵو دیاربەکر بوو لەسەر کار لابردو لەگەڵ هۆزو عەشیرەتەکەی دووری خستنەوە بۆ خوراسان، لەباتی ویدا محەمەد عەلی بەگی ئوستاجیلۆی، کە لەگەورەکانی قەزلباش بوو وەك حاکمی دیاربەکر داناو ئەو حاکمە قەزلباشیە ماردینو نەسیبەینو موسڵو ناوچەکانی تری کوردستانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە[٧٧]

[76] شەرەفنامە (مێژووی کوردو کوردستان) نووسینی شەرەفەدین بەدلیسی

[77] کوردو باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژوو تا شەڕی دووەمی جیهانی ج. ا- نووسینی م ڕەسوڵ هاوار.



## ئەمارەتی ئەردەلان لەسەردەمی سەفەویەدا :

هەندێ کەس پێی وایە کەجەدی گەورەی ئەردەڵانیەکان، بابا ئەردەل بووەو ئەم خانەدانە ناوی خۆیان لەبابا ئەردەل وەرگرتووە[1] لەسەردەمی سەرهەڵدانی ئەبو موسلم، قوباد (بابا ئەردەل) هاتە ناو سوپای ئەبو موسلیمەوەو لەگەڵ عەشیرەتەکەی یارمەتیەکی زۆریان بەئەبو موسلم گەیاند، هەر بۆیە پاش سەرکەوتنی ئەبو موسلیم حکومەتی دیاربەکرو موسڵ درایە قوباد، قوباد هێدی هێدی قەڵمەڕەوی دەسەڵاتەکەی فراوان کردو ناوچەکانی سلێمانیو شارەزوورو دەوروبەری داگیر کرد. ئەو قەڵای زەڵمی[*] کردە ناوەندی دەسەڵات، دواتر لەسەردەمی حکومەتی کلۆل بەگدا پالنگانی داگیر کردو قەڵایەکی تۆکمەی لەوێدا دروستکرد

لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەمیر حەسەنی ئەردەلان لەساڵی (٧٤٦ ك.م) بەهۆی شەڕێکەوە کەلەنێوان ئەمیر حەسەنو تورکەکانی عوسمانی رویدا ئەمیر حەسەنی ئەردەلان سەرکەوت. بەڵام چونکە لەتۆڵەسەندنی عوسمانییەکان دڵەڕاوکێ بوو لەنزیکی (سنەی

[1] شەرەفنامە: نووسنی شەرەفەدینی بدلیسی

[*] قەڵای زەڵم بەفەرمانی بابا ئەردەل دروستکرا کەلەنۆ کیلۆمەتری خورماڵەو ئێستا بەناوی قەڵای خان ئەحمەد خان ناوی دەرکردووە (مێژووی سلێمانی وەرگیراو لەشەرەفنامەی بدلیسی

ئەمڕۆ) قەڵایەکی تاڕادەیەك تۆکمەو پڕ لەهەورازی دروست کردو گوندێکی لەداوێنی ئەو قەڵا بەناوی خۆیەو پێك نا، کەلەو ڕۆژە بەدواوە بەحەسەن ئاوا ناوبانگی دەرکرد.

لەسەردەمی حکومەتی مەعمونی یەکەمی ئەردەلان، لەساڵی (٨٦٢ ك.م) ئەو ناوچانەی کوردستان کەلەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون لەلایەن مەعمونەوە داگیر کران و عوسمانیەکان لەو شەڕانەدا شکستدا.

بەڵام پاش مەرگی مەعموونی یەکەم و (بەگە بیگی) کوڕی، مەعموونی کوڕەزای بووە جێگری ئەوان و دەسەڵاتی گرتە دەست و ساڵی ( ٩٤٤ ك.م) لەشەڕ دژی عوسمانیەکان شکستی خواردو بەدیل گیرا، لەئاکامدا سەرخاب بەگی ئەردەلان مامی مەعموونی دووەم لەم هەلە سوودی وەرگرت و حکوومەتی ئەردەلانی خستە ژێر چنگی خۆیەوەو بۆ بەرەنگاری و بەرەو ڕووبوونەوە دژی دوژمنان، قەڵایەکی تۆکمەی لەمەریواندا دروستکردو ببوو بە گوێڕایەڵی شا تەهماسب، پاشای سەفەوی و بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی باج و خەراجی پێدەدا.

پەنا بردنی محەمەد بەگ برای سەرخاب بەگ کەلەدەستی براکەیەوە پەنای بردبووە لای عوسمانیەکان بوو بە بیانوویەك بۆ هێرشی بردن بۆ سەر وڵاتی ئێران .

لەئاکامدا سەرخاب بەگ بەسوپایەکی کەمەوە بەرەو ڕووی عوسمانیەکان بووەو بەیارمەتی شاه تەهماسب توانی



عوسمانیەکان شکست بدات و دەسەڵاتی خۆی فراوانتر بکات و قەڵای مەریوان بکاتە ناوەندی حکوومەتەکەی.

یەکێك لەدەسەڵاتدارانی بەرجەستەی ئەردەلان تەیموورخانی ئەردەلان بوو، کەتوانی لەساڵی (٩٨٦ ك.م) حکوومەت بگرێتە دەست و پاش گەیشتن بەحکوومەت ببێتە گوێڕایەڵی سوڵتان موراد (خەلیفەی عوسمانی) و بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەی باج و خەراجی پێبدات.

ئەم کارەی تەیموورخان تووڕە بوونی دەوڵەتی سەفەوی لێکەوتەوەو لەلایەکی‌ترەوە تەیموورخان هەڵسا بەبەرفراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆی و داگیرکردنی ئەو ناوچانەی سەر بەدەوڵەتی سەفەوی بوون کەلەئاکامی یەکێك لەو شەڕانە تەیموور گیانی خۆی لەدەستدا.

جێگری تەیموورخان هەڵۆخانی[78] برای بوو کە بەلێهاتوویی و زیرەکی خۆی قەڵای زەڵم و مەریوان و پالنگان و حەسەن ئاوای بەشێوەیەکی زۆر تۆکمەو قایم چاك کردەوە، هەڵۆ وەك تەیمووری برای سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوو کەدواتر پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی باش کرد، بەڵام ئەو بەگشتی لەئاست ئەو دەوڵەتانەوە بێ متمانە بوو، بەجۆرێك کەکاتێك شا عەباس لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی (١٠٢٠ ك.م) پەیمانی بەست یەکێك

(78) هەڵۆ : عقاب

لەمەرجەکانی ئەوەبوو کەهیچ لایەنێکیان یارمەتی هەڵۆخان نەدەن[٧٩]

هەڵۆخان حەسەن ئاوای کرد بەناوەندی حکوومەتی خۆی، شا عەباس بۆ سەرکوتی هەڵۆخان لەساڵی (١٠١٩ ک.م) حسەین خانی حاکمی لورستانی رەوانەی قەڵای حەسەن ئاوا کرد تا هێرش بەرێتە سەر هەڵۆخانو لەناوی بەرێت، حسەین خانو هەڵۆخان چەند جار بەشەڕهاتن کەلەئاکامدا هەڵۆخان توانی بەشێوەیەکی کاریگەر حسەین خانی لورستان تێکبشکێنێت، شا عەباس بۆ سەرکوتی ئەردەلانیەکان چەندین لەشکری تری رەوانە کرد، بەڵام هەمووی ئەو لەشکرانە تێك شکانو سەرئەنجام شا عەباس ناچار بوو خۆی بەسوپایەکی زۆرەوە بەرەو رووی هەڵۆ خان ببێتەوە، بەڵام لەنزیکی قەڵای حەسەن ئاوا یەکێك لەراوێژکارانی شا عەباس بەناوی (ئالی بالی) شا عەباسی لەهێرشی بۆسەر هەڵۆخان پەشیمان کردەوەو وای بەباش زانی کەلەڕێگای وتووێژەوە هەڵۆخان بەرەو لای خۆی راکێشێتو گوێڕایەڵی کات. بۆیە شا عەباس بەخەڵاتو دیاری و بەناردنی نوێنەری خۆی بەشێوەیەکی دۆستانە توانی هەڵۆخان گوێڕایەڵی حکوومەت بکاتو هەڵۆخانیش بۆ دەربڕینی پەیوەندیو گوێڕایەڵی خۆی، ئەحمەد خانی کوڕی بەدیاری و خەڵات ناردە دیوانی پاشا. بەگەیشتنی ئەحمەد خان بۆ دیوان، پاشای سەفەوی بڕیاریدا کەلەڕێگای ژنو

(79) کوردو کوردستان نووسینی محەممەد ئەمین زەکی بەگ



ژنخوازییەوە بنەماڵەی ئەردەلان لەخۆی نزیك کاتەوەو وەك هاوپەیمانو دۆست سوودیان لێوەرگرێت، هەر بۆیە کڵاوزەری خوشکی بۆ خان ئەحمەد خان مارەکرد. مەستوورەی ئەردەلان لەکتێبی مێژووی ئەردەلان چیرۆکێکی جوانی لەو پەیوەندیەدا بەشێوەی خوارەوە هێناوەتە بەر باس: کاتێك کڵاوزەڕ خوشکی شا عەباس لەبڕیاری براکەی سەبارەت بەمارەبڕینی ئەو بۆخان ئەحمەد خان ئاگادار بووەوە، ناڕازیبوونی خۆی دەربڕیو دژی ئەو بڕیارە وەستاو گوتی شایستە نییە شازادەی سەفەوی مارە بکرێت بۆ فەرماندەیەکی سنوورنشینی حکوومەتی سەفەوی . بۆیە بەچەند تەگبیرو راوێژێك شا عەباسی لەو بڕیارە پاشگەزکردەوە، شا عەباس دەیویست بەشێوەیەك خان ئەحمەد خان لەناوبەرێت تا هەم گورزێکی کوشندەی ئاراستەی هەڵۆخان کردبێتو هەم ئەو کوشتنە وەکو ڕووداوێکی کتوپڕ پیشان بداتو لەو پەیمانەی داویەتی بۆ بەهاوسەرکردنی کڵاوزەڕو ئەحمەد خان پاشگەز بێتەوە.

بەگوێرەی نووسەری مێژووی ئەردەلان، شا عەباس شێرێکی دەرباری، کەپێشتر راهێنایبوو، بەردەداتە گیانی خان ئەحمەد خان تا کەس بەو شێوە کوشتنە بەگومان نەکەوێت، بەڵام خان ئەحمەد خان بەئازایەتیو زیرەکی خۆی بەسوود وەرگرتن لەو خەنجەرەی کە پێیبووە، سنگی شیر چاك چاك دەکاتو بەم جۆرە لەو داوە دەربازی دەبێت. ئەم کارەی خان ئەحمەد خان دەبێتە جێگای تێڕامانو رمانی بنەماڵەی سەفەوی. شا عەباس بۆ

ئەوکارەی ئەحمەد خان لێدەکۆڵێتەوە، بەڵام خان ئەحمەد خان لەوەڵامدا دەڵێت ئەمە شەڕی نێوان دوو شێر بوو کەیەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا سەرکەوت.

ئازایەتیو قسەزانیو ئاکاری جوانی خان ئەحمەد خان سەرنجی کڵاوزەڕی بۆلای خۆی راکێشاو لەئاکامی ئەوەدا کڵاوزەڕ بەحەزو ویستی خۆی دەبێتە هاوسەری خان ئەحمەد خان کەدەرەنجامی ئەو پەیوەندییەو هاوسەرێتیە لەدایکبوونی سەرخاب خان بوو.

شا عەباس ئەحمەد خانی زاوای بەخەڵاتی زۆرەوە نارده لای باوکی (هەڵۆخان) پاشای سەفەوی پاش ماوەیەك خان ئەحمەد خان هاندەدا بەوەی کەدەسەڵاتی بنەماڵەی ئەردەلان بۆخۆی مسۆگەر بکاتو هەڵۆخانی باوکی لەدەسەڵات لابات.

هەڵۆخان خان کەلەنیەت خراپی شا عەباس ئاگادار ببووەوە، هیچ متمانەیەکی بەسەفەوییەکان نەما، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کوردەکانی عوسمانی کەکەتبوونە بەر زوڵمو زۆری تورکەکان و هەروەها بۆ رێگری لەهێرشی دووبارەی سەفەوییەکان بۆ سەر کوردستان پێی باش بوو کەدەسەڵات بداتە دەست ئەحمەد خانی کوڕییەوەو خۆی واز لەدەسەڵات بینی، شاه عەباس ئەم بڕیارەی هەڵۆخانی پێخۆش دەبێتو بەو هۆیەوە هەڵۆخان بانگهێشتی دەربار دەکاتو بەشێوەیەکی بەرچاو میوانداری لێدەکات، بەم جۆرە خان ئەحمەد خان لەرۆژی ١٠٢٥ ك. م بەشێوەی فەرمیی دەسەڵات دەگرێتە دەستەوە. هەڵۆخان ماوەیەك



پاش گەڕانەوەی لەدەرباری سەفەوییە ماڵئاوایی لەدنیا دەکاتو لەگوندی (قەلای) حەسەن ئاوا دەنێژرێت.

خان ئەحمەد خان بەپشتگیری حکوومەتی سەفەوی هێزێك ئامادە دەکاو هێرش دەباتە سەر ناوچە رۆژئاواییەکان کەبەعیراق ناو دەبرێنو پاش داگیرکردنی دیاربەکرو مووسڵ بەرەو بەغدا بەرێدەکەوێت.

ئەو توانی شاری بەغدا کەلەژێر دەسەڵاتی نوێنەرو دەستنیشانکراوی عوسمانی بوو داگیر بکات بەم شێوە شەڕەکانی خان ئەحمەد خان تا داگیر کردنی بەغدا حەوت ساڵ درێژەی کێشا.

ئەو سەرکەوتنانەی کەخان ئەحمەد خان بەدەستی دەهێنان بوونە هۆی خۆشحاڵی شا عەباس، لەبەر ئەو سەرکەوتنانە شا عەباس نازناوو خەڵاتی جۆراوجۆری دەبەخشیە خان ئەحمەد خان. بەڵام پاش مەرگی شا عەباسو بەدەسەڵات گەیشتنی شا سەفی، بەهۆی پیلانی دەرباریانو نزیکانی پاشاوەو ساویلکەبوونی شا سەفی سەفەوییەکان بناغەی دوژمنایەتی لەگەڵ خان ئەحمەد خان دادەمەزرێنن.

لەسەردەمی شا عەباس سەرخاب خان بەهۆی ئەوەوە کەکوڕی کڵاوزەربوو لەلایەن شا عەباسەوە برابووە دەرباری پاشاو لەشاری ئەسفەهاندا گەورە ببوو، بەپیلانی دەرباریان و نزیکانی شا سەفی بەبیانووی ئەوەوە کەسەرخاب ویستوویەتی شا سەفی لەناو بەریت لەلایەن شا سەفییەوە لەساڵی (١٠٣٩ك.م) کوێرا کرا.

هەواڵی کوێرکردنی سەرخاب خان کاریگەریەکی ئەوتۆ دەکاتە سەر خان ئەحمەد خان کەتێکدەچێت، بەڵام ئیسماعیل بەگ وەزیری لێهاتووو کارزانی خان ئەحمەد خان توانی لەو ماوەیەدا کەخان ئەحمەد خان بەهۆی کاریگەری ئەو رووداوەوە ورەی کاری نەمابوو، ئەو ناوچانە بەباشی کۆنترۆڵ بکاتو بیانباتە رێوەو لەسەر پاراستنی گیانی خان ئەحمەد خانو خەڵکانی تر ئەو پیاوە گەورە کۆتو بەند بکات. بەپێی گێڕانەوەی مەستوورەی ئەردەلان، خان ئەحمەد خان لەو ماوەدا بەردەوام ئەم شێوانی لەسەر زار بوو

بی تو ای جان جهان بادل خونین چەکنم
بهر بی چشمیت ای چشم جهان بین چە کنم
بی گنە دیدە ات از حدقە برون اوردن
چشم من کور بگو پس من مسکین چە کم

واتە : بێ تۆ ئەی گیانی جیهان لەگەڵ دڵی خوێنینم چی بکەم
بۆ بێ چاوی تۆ ئەی چاوی جیهانی چی بکەم
چاوی من کوێر، پێم بڵێ منی بێ چارە چ بکەم

لەساڵی (١٠٤١ک.م) ئاگری تۆڵە بووە هۆی چاك بوونەوەی ئەحمەد خانو لەو کاتە بەدواوە دەستی کرد بەهێرش لەناوخۆی ئێراندا و شارەکانی کرماشان، سونقۆر، هەمەدان، گروس، خوێ، و رێی داگیر کرد.

بەناوی خۆیەوە وتاری ئایینی دەخوێندو سەربەخۆیی راگەیاند لەبەرانبەردا شا، سەفی بەسوپایەکی زەبەلاح بەرەو رووی بووەوە سوپای قەزەلباش لەکاتی تێپەڕین لەکوردستاندا تاوانی دڕندانەی



زۆری ئەنجام دا. لەشکری ئەردەڵان بەرگریەکی پیاوانەی لەبەرانبەر سوپای قەزەلباش ئەنجام دا، بەڵام بەهۆی کەمی سوپاکەیەوە شکست دەخوات. خان ئەحمەد خان دەچێتە سلێمانیو دوا ساتی ژیانی لەوێدا لەدەمێنێتەوە.

شا سەفی قەڵای تۆکمەی حەسەن ئاوا وێران دەکاتو سلێمان خان ئامۆزای خان ئەحمەد خان کەخیانەتی کردبوو بەخانی ئەردەلان لەباتی خان ئەحمەد خان دادەنێتو سولێمان خان لەساڵی (١ز٤٦ ك.م) ناوەندی حکوومەتەکەی لەحەسەن ئاواوە گواستەوە بۆ گوندی بچووکی سنەدژ کەئێستا شاری گەورەی (سنەیە).

## کوشتار لەقەڵای دم دم

پاشاکانی سەفەوی بەردەوام بەرانبەر بەکوردەکان بێ متمانە بوون و زۆر جار پەیمان شکێنیان لەگەڵدا کردوون، و تاوانی زۆریان لەنێو کوردەکانەوە ئەنجام داوە، بۆ نموونە دەتوانی لەکوشتارو تاوانی گەورەی قەڵای دم دم ناوبەرێت. هەڵبەتە کەسانێك کەلەقەڵای دم دم بوون پیاوانە خۆڕاگرییان کردو داستانێکیان تۆمار کرد، کەئێستاش لەبەیتو بەیتخانیدا بووەتە وێردی زمانی خەڵك، حەماسە خولقێنەری ئەو قارەمانێتییەی قەڵای دم دم ئەمیرخانی یەکدەست یان میرخانی کە سەرۆك

عەشیرەتی برادۆست بووە. ئەمیر خان لەسەردەمی شا عەباسی سەفەویدا بەدیتنی زوڵم‌و زۆری عوسمانیەکان لێیان بێزار دەبێت‌و لەسەفەری شا عەباسی سەفەوی بۆ ئازەربایجان دەبێتە گوێڕایەڵی شاعەباس، شا عەباس بۆ ڕێزگرتن لەو کارەی ئەمیرخان نازناوی خانی پێدەبەخشێت‌و حکوومەتی ورمێ‌و شنۆو چەند ناوچەیەکی تری ئازەربایجان وەك تەرگەوەرو مەرگەوەری پێدەدات.

ئەمیرخان پاشان دەست دەکاتە بنیاتنانی قەڵایەکی زۆر تۆکمەو گرنگ‌و ناوی قەڵای کۆنی دم دمی لێدەنێت. بەدروستکردنی قەڵای دم دم ناحەزان دەست دکەن بەسووکایەتی و خراپەوتنی ئەمیرخان بەجۆرێك کەرای شاعەباس سەبارەت بەوی دەگۆڕێت، بەهاتنی عەشایەری جەلالی کەلەدەست عوسمانیەکاند هەڵهاتبوون، ئەمیرخان ڕێگە لەنیشتەجێبوونی زۆرێك لەو خەڵکی دەنێو عەشیرەتی برادۆست دەگرێت، هەر بۆیە ئەمە دەبێتە بیانوویەك کە شاعەباس بڕیاری لەناوبردنی ئەمیرخان گەڵاڵە بکات.

موعتەملدەولە سەرۆك وەزیرانی شا عەباس بەسوپایەکی زۆرەوە بۆ ماوەی ساڵێك گەمارۆی قەڵای دم دم دەدات، بەڵام ناتوانێ داگیری بکات، پاش مەرگی موعتەمەلدەولە و هاتنە ئارای محەمەد بیگدلی وەك سەرۆك وەزیر بەهۆی گوشارێکی زۆرەوە کەسوپای قەزەلباش دەیخەنە سەر قەڵای دم دم ئەو قەڵا داگیر دەکرێت، هەرچەندە ئەمیر خان بۆ ڕێگری لەکوشتنی خەڵك خۆی تەسلیم دەکات‌و فەرماندەی سوپای قزلباش پەیمان دەدات کەئەوانەی تەسلیم دەبن سەرو ماڵیان دەپارێزرێت بەڵام پاش



تەسلیم بوونی ئەمیرخان‌و کوردەکانی نێو قەڵای دم دم سوپای قزلباش بەشێوەیەکی نامرۆڤانە دەیانکوژن. بەڵام سەرەڕای ئەو زوڵم‌و زۆرەو چەوساندنەوە کەسەفەویەکان دژی کوردەکان جێبەجێیان کرد نەیانتوانی کورد لەوڵاتی خۆی‌و نەتەوەی ئاری دابڕن، کوردەکان بەردەوام لەناوچەو وڵاتی خۆیان دەژین‌و لەسنووری باب‌وباپیرانیان پارێزگاری دەکەن هەرچەند ئەو کوردانەی کەناوچەکانیان بەهۆی عوسمانیەکانەوە داگیر کراو لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا دەژیان بەڵام بەردەوام شانازیان بەوە کردووە کەنەتەوەی ئاریایین‌و کەلتوورو کەلەپووری خۆیان پاراستووە.

## سەرچاوەو ژێدەرەکان

+ مێژووی کوردو کوردستان، نووسینی ئایەتوڵلا مەردۆخ. بڵاوکراوەی غەریقی ١٣٥١ (١٩٧٢ز)

+ مێژووی کوردو کوردستان، درک هێنان نووسینی دەیوێد ئادامز، وەرگێڕانی جەوادی هاتفی

+ مێژووی ناودارانی کورد، نوسینی بابا مەردۆخ رۆحانی

+ کوردو کوردستان نووسینی واسلی نیکوتین، وەرگێڕانی محەمەدی قازی، دەزگای پەخشی نیلوفەر ساڵی ١٣٦٦ – ١٩٨٧ ز

+ جەژنی نەتەوایەتی کورد، نوسیینی کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی ئیبرایمی یونسی دەزگای پەخشی نیگا ساڵی ١٣٧٧ = ١٩٩٨ز

+ کوردو پەیوەندی نەژادیو مێژوویی: نووسینی رەشیدی یاسمی، بڵاوکراوەی ئیبن سینا

+ کوردەکانو کوردستان نووسینی درک هینان، وەرگێڕانی ئیبراهیی یونسی بڵاوکراوەی نیگا.

+ کورد لەئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا، گروپێك لەرۆژهەڵاتناسان نوسینی ئیسمایل فەتاح، ناوەندی بڵاوکراوەی کەلتوورو وێژەی کورد بڵاوکراوەی سەلاحەدینی ئەیوبی ساڵی ١٣٦٧ + ١٩٨٨ز

+ کوردو نیشتمانەکەیان، نوسینی سەرهەنگ (عەقید) شێخ عەبدول واحید، وەرگێڕانی سەلاحەدینی عەباسی، دەزگای پەخشی ئیحسان ساڵی ١٣٧٨= ١٩٩٩.



+ گەڕانەوە لەئیران (گەزەنفون) حەزدیها ووس هۆڵد، وەرگێڕانی مەنوچەهری ئەمیری، دەوزگای بڵاوکراوەو راهێنانی شۆرشی ئیسلامی ساڵی ١٣٦١= ١٩٩٠

+ لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەکوردو کوردستان، نووسینی ئەمین زەکی وەرگیڕانی حەبیبولڵا تابانی، دەزگای پەخشی ئایدن ساڵی ١٣٧٧= ١٩٩٨

+ بەشێك لەفەرهەنگی ئەوێستاو بەراوردی لەگەڵ فارسیو کوردیدا نوسینی موبەدی فەیروز ئازەر گەشسپ ساڵی ١٦٧٧= ١٩٩٨

+ مێژووی شارستانیەتی رۆژهەڵات لانکی (تەمەدۆن) نوسینی ویل دۆرانت. وەرگێڕانی ئەحەدی ئارام، دەزگای پەخشی شۆرشی ئیسلامی ساڵی ١٣٧٣= ١٩٩٣

+ پارتیەکان، نوسینی مالکوم کالج، وەرگێڕانی مەسعودی رەجەبنیا دەزگای پەخشی سەحەر

+ شاری هەڤالانی (ون ناو) نووسینی ئەحمەدی کەسرەوی، بڵاوکراوەی جامی

+ مێژووی ئیرانی کۆن نووسینی پیرنیا (مەشیرەدەولە) دەزگای پەخشی جیهانی کتێب ساڵی ١٣٧٧= ١٩٩٨ز

+ زانست نامەی مەزدیسنا، نووسینی جیهانگیری ئەردەشیری، دەزگای پەخشی _کۆمپانیای بڵاوکراوەی ناوەند) ساڵی ١٣٧١= ١٩٩٣

+ کوردەکان و لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی، نووسینی حەسەنی ئەرفەع دەزگای پەخشی سەیدیانی مەهاباد.

+ حەدیقەی ناسری لەجوگرافیاو مێژووی کوردستان، نووسینی عەلی ئەکبەری وەقایع نیگار ( (رووداو نووس)ی کوردستانی، وەرگێران و راستکردنەوەی محەمەد رەووف تەوەکولی.

+ بنەماکانی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژی، نووسینی د. حیشمەتوللا تەبیبی، بڵاوکراوەی زانکۆی تاران ساڵی ١٣٦٤= ١٩٨٥

+ ئیران لەسەرەتاوە تا ئاینی ئیسلام، نووسینی گیرشین، وەرگێرانی محەمەد ئەمین، دەزگای پەخشی زانستیو کولتووری ساڵی ١٣٧٣= ١٩٩٣

+ نێوە جوگرافیەکان و بنچینەی مێژووی ئەو نامانە لەوڵاتی ئاتروپاتن (ماد)دا، نووسینی مینۆرسکی، وەرگێرانی روقیە بەهزادی، دەزگای پەخشی پژوهەندە.

+ مێژووی شارستانیەتی جیهان یا چیرۆکی ژیانی مرۆڤ، نووسینی مەحموودی حەکیمی، دەزگای پەخشی ( کۆمپانیای خاوەن بەشی بڵاوکراوە)

+ شانامەی فیردەوسی، راستکردنەوەی ژول میل، دەزگای پەخشی سوخەن

+ ناسینی ئەساتیری ئیران، نووسینی جان هینلز، وەرگێرانی ژالەی ئامۆژگار، ئەحمەدی تەفەزولی ، دەزگای پەخشی ئاویشەن ساڵی ١٣٧٣=١٩٩٤



+ مێژووی ج٤ (کمبرج) لەئیسلامەوە تا سەلاجەقە، نووسینی زۆن قورالی، وەرگێرانی حەسەنی ئەنووشە دەزگای پەخشی ئەمیر کەبیر ساڵی ١٣٧٩= ٢٠٠٠ز

+ مێژووی ج٥ لەسەلجوقیانەوە تاکۆتایی دەسەڵاتی ئیلخانەکان، نووسینی بوویل، وەرگێرانی حەسەنی ئەنووشە، دەزگای پەخشی ئەمیر کەبیر ساڵی ١٣٧٩= ٢٠٠٠

+ مێژووی سەردەمی سەفەوییە، لێکۆڵینەوەی زانکۆی کمبرج، وەرگێرانی یاقووبی ئاژەند، دەزگای پەخشی جامی ١٣٨٠= ٢٠٠١

+ مێژووی ئیران تیموران، لێکۆڵینەوەی زانکۆی کەمبریج، وەرگێرانی یاقووبی ئاژەند دەزگای پەخشی جامی ١٣٧٩

+ خەبات لەرێی کوردستاندا، نووسینی ئا- خەلفین، وەرگێرانی جەلالی تەقی سلێمانی ساڵی ١٩٧١

+ مێژووی ئەردەلان، نووسینی مەستوورە کوردستانی، وەرگێرانی حەسەن و شکور مستەفا سلێمانی ساڵی ١٩٨٩

+ کوردستان لەبەردەم سەرکەوتنەکانی ئیسلامیدا، نووسیی حەسەن مەحمود حەمە کەریم سلێمانی

+ کوردو کوردستان، لەسەرەتای مێژووەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی، نوسینی رەسول هاوار سلێمانی ٢٠٠١

+ مێژووی راپەرینی کورد، نووسینی عەلادینی سەجادی، بڵاوکراوەی محەمەدی ساڵی ١٣٧٥= ١٩٩٦ ز

+کێشەی کورد مێژینەو ئێستای کورد، د. بلەج شێرکۆ، محەمەدی حەمە باقی، دەزگای پەخشی محەمەدی ١٩٩٠.

+ تێڕوانینێك بۆ دۆزی كوردی، ن عەبدول رەزاق، عەبدول رەحمان شەرەفكەندی، سلێمانی ٢٠٠١

فەرهەنگی فارس موعین، محەمەد فەرهەنگی فارسی،چاپی هەشتەم تاران، دەزگای پەخشی ئەمیر كەبیر ساڵی ١٣٧١= ١٩٣٣ز

+ بەرهانی قانع، ن. محەمەد حسین كوری خەلفی تەورێزی، بەیارمەتی د. محەمەدی موعین، چاپی پێنجەم دەزگای پەخشی ئینجاسینا ١٣٥٥= ١٩٧٦

+ هلابەر بۆینە، ن. هەژار، چاپی یەكەم، تاران، دەزگای پەخشی دەنگ‌و رەنگی كۆماری ئیسلامی ئیران ساڵی ١٣٦٨–١٩٩٩

+ قاووسنامەی عنصر العالی كیكاوس بن ئەسكەندەر، چاپی شەشەم، تاران، كۆمپانیای دەزگای پەخشی زانستی، فەرهەنگی ساڵی ١٣٧١ = ١٩٩٢

+ زەردەشت پێغەمبەرێك كەدەبێ لەنوێوە بیناسی (فروغ مەزدیسنی) نوسینی كەیخسرەو شارۆخ، پیاچوونەوەی فەرزانی كیانی تاران ساڵی ١٣٨٠ = ٢٠٠١ دەزگای پەخشی جامی شەرەفنامەی بدلیسی، نووسینی شەرەفەدینی بدلیسی، وەرگێڕانی هەژار چاپی ١٣٨٠=٢٠٠١ز.